# ئاسایشی نەتەوەیی و
# ئاسایشی دەوڵەت

هەولێر- 2009

نووسینی: د. عمر أحمد قدور

# ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی دەوڵەت

وەرگێڕانی: ئازاد گڕاوی

**ناوی کتێب: ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی دەوڵەت**

- نووسینی: د. عمر أحمد قدور
وەرگێڕانی: ئازاد گڕاوی
- نەخشەسازی ناوەوە: یاسین مەولود
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- ژمارەی سپاردن: (2543).
- تیراژ: (750) دانە
- چاپی یەکەم 2009
- نرخ: (1500) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی هاوسەر (هەولێر)

زنجیرەی کتێب (54)

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی
www.mukiryani.com
asokareem@ maktoob.com
Tel: 2260311

# پێرست

پێرست 5
پێشەکی وەرگێر 7
فەسڵی یەکەم: چەمك، کۆمەڵگە و چوارچێوەی ئاسایشی دەوڵەت 9
بەشی یەکەم: چەمکی ئاسایشی دەوڵەت 9
بەندی یەکەم: پێناسەی ئاسایش و چوارچێوەکانی 9
بەندی دووەم: تایبەتمەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی 13
بەندی سێیەم: فەلسەفەی ئاسایشی نەتەوەیی و تیۆرەکانی 21
بەشی دووەم: کۆڵەگەکانی ئاسایش 29
بەندی یەکەم: چەمکی کۆڵەگەکانی ئاسایش 29
بەندی دووەم: تایبەتمەندییەکانی وەزیفەی ئاسایش 33
بەندی سێیەم: ئامانج و مەبەستەکانی وەزیفەی ئاسایش 37
بەشی سێیەم: چوارچێوەکانی ئاسایشی دەوڵەت 39
بەندی یەکەم: ئاسایشی نەتەوەیی 39
بەندی دووەم: ئاسایشی هەرێمی 45
بەندی سێیەم: ئاسایشی بەکۆمەڵی نێودەوڵەتی 49
فەسلی دووەم: کاریگەری شێوەی سیاسی لەسەر ئاسایشی دەوڵەت 53
بەشی یەکەم: کاریگەری ئاسایشی شێوەی دەوڵەت 55
بەندی یەکەم: چەمکی دەسەڵات 55
بەندی دووەم: شێوەکانی دەسەڵات 61
بەندی سێیەم: ئاسایش و دەسەڵات 69
بەشی دووەم: کاریگەری دەسەڵات لە ئاسایشی دەوڵەتدا 83
بەندی یەکەم: جیاوازی چەمکەکانی ئاسایش و فەلسەفەکانی 84
بەندی دووەم: ئاسایش لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکاندا 89



بەندی سێیەم: ئاسایش لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا 95
بەشی سێیەم: پێکهاتەی دەوڵەت و کاریگەری لەسەر ئاسایش 99
بەندی یەکەم: ئاسایش لە دەوڵەتی یەکێتیدا 100
بەندی دووەم: ئاسایش لە دەوڵەتی لێکدراودا 105
فەسڵی سێیەم: کاریگەری فاکتەرە ستراتیژییەکان لەسەر ئاسایشی دەوڵەت 115
بەشی یەکەم: ستراتیژییەتی ئاسایشی و فاکتەرە جوگرافییەکان 117
بەشی دووەم: کاریگەری بواری زیندەگی لەسەر ئاسایشی دەوڵەت 123
بەشی سێیەم: رەگەزەکانی هێزە گشتگیرەکانی دەوڵەت 127

## پێشەکی وەرگێڕ

چەمکی ئاسایش، بەشێوەیەکی تێبینیکراو پەرەی سەندووە، بوارەکانی بەشێوەیەك فراوان بووە، چەمك گەلێك لەخۆ دەگرێت، کە لە رابردوودا بوارێك نەبووە بۆ توێژینەوە لەبارەی ئاسایشەوە، بەڵکو چەندین ناو پەیدابوون، کە بەڵگەن لەسەر هەمەلایەنی و پێکەوەبەستراوی پرۆسەی ئاسایشی لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، وەك ئاسایشی ئابووری، ئاسایشی خۆراك، ئاسایشی راگەیاندن و ئاسایشی زانیارییەکان ... هتد.

ئاسایشی نەتەوەیی، ئامانجەکەی هێنانەدی ئاسایش و سەقامگیری وڵاتە، داواکاری بنەڕەتی دەوڵەت و دەستەبەری پاراستنی خاك و نیشتمانە، جا پێکهاتە و ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕی ئەم وڵاتە هەرچییەك بێت. ئاسایشی نەتەوەیی پاراستنی دابونەریت و بەهای دەوڵەتە لە هەر دەستدرێژی و هێرش و هەرەشەیەك، کە دەکرێتە سەر ئەم دەوڵەتە.

ئێمە لەم کتێبەدا باس لە چەمکی ئاسایشی دەوڵەت لەڕووی پێناسە و چوارچێوەکانی، پاشان پێناسەی چەمکی نەتەوەیی دەکەین. هەروەها باس لە دیاریکردنی زانستیانەی ستراتیژی ئاسایشی دەوڵەت دەکەین، هەروەها لە فەلسەفە و تیۆرەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەتوێژینەوە، لەڕووی بواری ئاسایش و رەهەندەکانی، هەروەها جیاوازییەکانی لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر، لەم چوارچێوەیەدا بەدرێژی باس لە تایبەتمەندییەکانی وەزیفەی ئاسایش دەکەین، کە لە وەزیفە گرنگەکانی دەوڵەت جیای دەکاتەوە. پاشان کۆڵەگەکانی ئاسایشی دەوڵەت و ئەو ئامانجانەی کە کۆڵەگەکان بۆی دەچن دەخینەڕوو.



ئەم کتێبە، بەشێکە لە کتێبی ((شكل الدولة وأثره في تنظيم مرفق الامن))ی ((د. عمر أحمد قدور))، ئێمە ئەم بەشەمان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کە باس لە ئاسایشی نەتەوەیی دەکات. دەخوازین بەم بەرهەمە خزمەتێکی بچووکمان پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردبێت و، کەلێنێکمان لەو بوارەدا پڕکردبێتەوە.

**ئازاد گراوی**

**هەولێر- کوردستان**

# فەسڵی یەکەم: چەمک، کۆمەڵگە و چوارچێوەی ئاسایشی دەوڵەت

## بەشی یەکەم: چەمکی ئاسایشی دەوڵەت

پێناسەکان هەرچەند جیاوازبن دەربارەی ئاسایشی دەوڵەت ئەوا لە کۆتاییدا ئامانجەکەی هێنانەدی ئاسایش و سەقامگیری دەوڵەتە، ئاسایش داخوازیەکی بنەڕەتی دەوڵەتە، جا پێکهاتە سیاسییەکەی یان فیکرە ئایدۆلۆژییەکەی هەرچییەك بێت، هەرچەندە ئەم دەوڵەتانەش جیاوازبن لە رووبەری ئەم ئاسایشە و لە ناوەوەو لە دەرەوە و ئاراستەی ئایدۆلۆژی و سیاسییەکان، کە رەسمی هێڵی ئەم ئاسایشە دەکەن، کە بونیادەکانی لەسەر دادەمەزرێت، لە بەندەکانی ئەم بەشەدا بەدرێژی باسیان دەکەین.

### بەندی یەکەم: پێناسەی ئاسایش و چوارچێوەکانی

لە زمانەوانیدا ئاسایش پێچەوانەی ترسە، حاڵەتێکە لە مرۆڤدایە ئاماژە بەپاڵنەری غەریزە دەکات بۆ بەرگریکردن یان راکردن یان دەستدرێژی.

ئەم حاڵەتە هەروەك لە تاکدا هەیە، بەم شێوەیەش لە کۆمەڵ دا هەیە. بەو پێیەی چەندین پاڵنەر هەن ژیانی مرۆڤ دەبزوێنن و ئاراستەی رێڕەوی رەفتارەکەی دەکات، جا یان پاڵنەری بایۆلۆجی ئەندامییە وەك برسێتی و تێنوێتی و نوستن و هەناسەدان، یان پاڵنەری دەروونییە کە لە زۆر لایەندا ناتوانین ئەو بنچینە ئەندامییە روون بکەینەوە کە راڤەی بکات و بگونجێ لەسەر پاڵنەری ئاسایشی دواهەمین گروپ لەپاڵنەرەکان لەڕووی گرنگی و گشتگیرییەوە.



راڤەکردنی پاڵنەر بۆ ئاسایش (Drive of Security) زانایان وای دەبینن کەپێویستی مرۆڤ بۆ ئاسایش پاڵی پێوەدەنێت کەهەوڵ بدات و تێبکۆشێ بۆ دۆزینەوەی ئەو ژینگەیەی لەدەوروبەری دایە جا ژینگەی ماددی بێت یان کۆمەڵایەتی بێت ئەمەش بۆناسینی و جیاوازیکردن لە نێوان سوودو زیانەکان تیایدا بەشێوەیەك کە مرۆڤ پێداویستییە غەریزەییەکانی بۆ ئاسایش پڕبکاتەوە.

ئەو پێناسەیەی بۆ چەمکی ئاسایش کرا بەوەی کە پێچەوانەی ترسە هاوتای پێناسەی ((Quincy Wright))ە بۆ ئاسایش، کە ئاسایش بە رزگاربوون لەترس وەسف دەکات ((Security is freedom from fear must be first)) ئەمەش هەمان پێناسەی یەکەم دەگەیەنێت، بەو مانایە ئاسایش لە ئەرکە هەرە سەرەکییەکانی دەوڵەتە کەپێویستە بۆمرۆڤ دابینیبکات. زاراوەی ئاسایش ((Security)) لە زۆربەی زاراوەکانی گشتگیرترە، ئەمەش بەپلەی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زاراوەیەکی فراوانی مەتاتییە، لەچەندین بوارو هەڵوێستدا بەکاردەهێنرێت، کە لە رێوشوێنە سادە و ساکارەکان دەستپێدەکات بەدڵنیاکردنی هاوڵاتیان لەناو دەوڵەتدا، دژی هەر مەترسیەکی چاوەڕوانکراو کە دووچاری سەلامەتی و ژیان و ئازادی، ماڵ و سامانی هاوڵاتیان دەبێتەوە، کۆتایی دێت بەرێوشوێنە تایبەتەکان بەدڵنیاکردنی خودی دەوڵەت، ئەو رێوشوێنە و هەنگاوانەی ناوی دەنێین زاراوەی ئاسایشی نەتەوەیی ((National Security))ئەو زاراوەیەی مانای چەمکی گشتگیر بۆ مانای ئاسایش دەگەیەنێت، و گوزارشت لە هەموو چالاکی و ئەرکە ئاسایشییەکان لەدەوڵەت دەکات.

### چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی

ئەگەر سەیری ئاسایشی نەتەوەیی بکەین دەبینین لەدوو رەگەز پێکهاتووە، رەگەزی ئاسایش، کە لە زمانەوانیدا پێچەوانەی ترسە. کە لە زمانی ئینگلیزیدا بە (Security)ناسراوە، ئەمەش مانای هەستکردن بەئاسایش و دڵنەوایی و رزگاربوون لە ترس دەگەیەنێت، لە زمانی فەرەنسی ((Securite)) مانای غیابی

راستەقینەیی هەر مەترسیەك دەگەیەنێت. ئەمە رەگەزی یەکەمە، بەڵام رەگەزی دووەمی ئەم چەمکە بریتیە لەوشەی نەتەوەیی (National) کە لێرەدا واتای دەوڵەت (State)دەگەیەنێت بەمانای یاسایی وورد بۆ دەوڵەت.

ئاسایشی نەتەوەیی لێرەدا ئاسایشی دەوڵەتە (هەموو ئاسایشەکان ناوەوە و دەرەوە، خۆجێیی و هەرێمی، نێودەوڵەتی، لەگەڵ پەیوەستبوونی ئەم چەمکە بەفەلسەفەی سیستەمی سیاسی، بەچەمکی سەروەری و بەرژەوەندی بالای دەوڵەت ((Raison detat)).

ئاسیشی نەتەوەیی واتا پاراستنی بەها ناوخۆییەکانی دەوڵەت لەهەڕەشە دەرەکییەکان و، پاراستنی قەوارەی دەوڵەت و مافی دەوڵەتەکە لەمانەوە، ئەمەش بەپشت بەستن بەبنچینە ئابوورییەکان، نزمترین ئاستی یەکخستنی ئەنترۆبۆلۆژی، باکگراوندی ژیاری کە بەرپاکرابێت لەسەر بینای هەرەمی بەهاکان، ئەو بەها سیاسییە بالایەی کە بەرژەوەندی بالای دەوڵەتی بەدوادا دەڕوات، وەك ئامانجێکی بالا دەردەکەوێت کە پێویستە بەدیبهێنرێت لەمیانەی ئەو چوارچێوە دەروونیەی کە کۆمەڵ و، ئەو چوارچێوە نێودەوڵەتیەی کە ململانێی نێودەوڵەتی هاوچەرخ جیادەکاتەوە.

ئاسایشی نەتەوەیی پێناسەی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام هەموو پێناسەکان لە مەبەست و ئامانجدا کۆکن. دوکتۆر محمد طلعت الغنیمی بەم شێوەیە پێناسەی کردووە ((کۆمەڵە بەرژەوەندییەکی زیندووی دەوڵەتە و هێنانە دی ئەم ئاسایشەش بەپارێزگاری و پاراستنی ئەم بەرژەوەندییانە دەبێت)).

لیوا محمد عبدالکریم نافع بەم شێوەیە پێناسەیەی کردووە ((ئەو هەوڵ و کۆششە رۆژانەیە کەلە دەوڵەتەوە دەردەچێت بۆ گەشەپێدانی و پالپشتی چالاکییە سەرەکییەکانی سیاسی و سەربازی و فیکری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دوورخستنەوەی هەر هەڕەشەیەك یان ئاستەنگێك یان زیانێك کە بەو چالاکیانە بگات)).

Walter Lippman بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت کاتێ دێتەدی کە ئەم دەوڵەتە لە ئارامی و ئاسایش دابێت و لە



پێگەیەك یان هەڵوێستێك دابێت کە ناچار نەبێت قوربانی بەبەرژەوەندییە رەواکانی بدات بۆ دوورخستنەوەی جەنگ یان دەستدرێژیکردنە سەری. هەروەها کاتێ بەهێز و بەتوانایە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لەرێگای جەنگەوە.

(دائرة المعارف البریطانیة)بەم شێوەیە پێناسەی کردووە ((پاراستنی ئاسایشە، یان پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتە لەمەترسی زاڵبوون لەسەر دەستی هێزە دەرەکییەکان)).

چەمکی ئاسایشی دەوڵەت یان ئاسایشی نەتەوەیی بەگوێرەی پێناسەکانی، چەمکێکی رەهایە لەڕووی کات و شوێنەوە، جیاوازی نێوان دەوڵەتەکان لەکاتی دەستپێکردن بەدانانی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ جێبەجێکردن روودەدات.

ئەم سیاسەتە لەسەر بنچینەی بارودۆخی بابەتی دادەنرێت ئەمەش لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازە، هەروەها لەسەر بنچینەی نەبەخشراوە بریاردەراوەکان دادەنرێت لەسایەی دۆخێکی نێودەوڵەتی جیاواز لەڕووی رێژەییەوە.

لەبەرئەمە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی پێویستی بە فەراهەمبوونی چەندین چوارچێوە هەیە لە کۆمەڵی سیاسیدا بۆئەوەی بتوانێت پرەنسیپ و بنچینەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دیاری بکات، **ئەم چوارچێوانە دەشێ لەمانە کۆبکەینەوە:**

1- چوارچێوەی ئابووری ئەوەی بەرژەوەندییە ئابوورییە زیندووەکانی دەوڵەت دەگرێتەوەو چاودێری دەکات.

2- چوارچێوەی ئەنترۆپۆلۆجی.

3- چوارچێوەی بەرژەوەندی بالای نەتەوەیی دەوڵەت.

4- چوارچێوەی بەها یان فەلسەفە.

ئەم چوارچێوانە رێرەوی کێشانی سیاسەتی ئاسایشی دەوڵەت دیاری دەکەن لەپێناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، بەگوێرەی چەمك و واتای گشتگیر بۆ ئاسایشی دەوڵەت، و بەگوێرەی پێناسەی زانستی بۆ ئاسایش کەهەموو ئەمانە لەدەوری هێنانەدی ئەم ئامانجە دەخولێنەوە کەئەویش دەستەبەری ئاسایش و سەقامگیرییە بۆ دەوڵەت.

## بەندی دووەم: تایبەتمەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

ئاسایشی نەتەوەیی چەندین رووکارو تایبەتمەندی هەیە کەجیای دەکاتەوەو چەمك و چوارچێوەکانی دیاریدەکات و رێگاخۆش دەکات بۆ تیشك خستنەسەر جێبەجێکردنی چەمکی ئاسایش لەسەر دەوڵەت لەچوارچێوە نەتەوەییەکەی، جا لەبواری ناوخۆیدا بێت یان لەبواری هەرێمی و نێودەوڵەتی.

پێش ئەوەی بەدرێژی باس لە تایبەتمەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لەم بوارانەدا بکەین دەمانەوێ سەرەتا ئەو رووکارانە روون بکەینەوە کەچەمکی ئاسایشی دەوڵەتی پێ جیادەکرێتەوە، ئەم رووکارانەش ئەمانەن:

### - رووکاری ماددی

ئەمە لەرووکارە مادییە هەستپێکراوەکان دەردەکەوێت ئەگەر فەراهەمکرا ئەوا دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی پێداویستی مرۆڤ لەئاسایش، وەك سەقامگیری لە نشینگاو دراو و دڵنیابوون لەناوەندە دەوروبەرەکەی جا لەشوێنی کارکردنی بێت یان نیشتەجێبوونی، ئەو دیاردە سروشتیەکان دەگرێتەوە کەمەترسی هەڕەشەکردنی ئاسایشی لێدەکرێت وەك لافاو و گیانەوەری دڕندە و بوومەلەرزە و بورکانەکان.

### - رووکاری دەروونی

ئەمە لەدانپێدانانی ژینگەی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت، کۆمەڵگە دان بە پلەو پێگەکەی دابنێت جا قەوارە و جۆری ئەم کۆمەڵگەیە هەرچییەك بێت، دانبنێت بە رۆڵەکەی لەچوارچێوەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی و دانپێدانان و رێزگرتن بەدەستبهێنێت، لەدەستچوونی دانپێدانان و رێز لێگرتن دەبێتەهۆی ئەوەی مرۆڤ هەستکردن بە ئاسایشی خۆیی و گوزەران و رزقی لەدەستبدات.



هەستکردنی تاك بەئاسایش کۆڵەگەی ئاسایشی نەتەوەییە بە تێکڕایی هەروەك مەبەستێکە کەئامانجی سیستەمە لەدەوڵەت، ئەمەش بەروبوومی هەموو هەوڵ و تێکۆشانەیان کارێکی ئاسایشیە جا لەسەر ئاستی تاك بێت یان کۆمەڵ یان دەوڵەت، هەستکردن بە مەترسی و لەدەستدانی هەستکردن بەئاسایش دەبێتە هۆی بێداری هەموو ئەمانە، رەنگە ببێتە پشێوی و مەترسی تاکەکەس یان پشێوی نەتەوەیی، هەروەها رەنگە ببێتە پشێوی و مەترسی نێودەوڵەتی و سنوورو چوارچێوەییەك دەوڵەت و هەرێمەکان بپەڕێنێت و هەموو جیهان بگرێتەوە.

فیکرەی ئاسایش بەبوونی مرۆڤایەتی لکاوە، مرۆڤیش کائینێکی کۆمەڵایەتییە، لەبەرئەوەی ئاسایش بەمرۆڤ لکاوە، کەواتە فیکرەکە بەکۆمەڵ لکاوە. تاك و کۆمەڵ هەردووکیان هەستێکی بەهێزییان هەیە کە پێویستیان بە ئاسایش و زەروورەتی هێنانەدی و پاراستنی ئەم ئاسایشە هەیە.

ئێمە کاتێ باس لە ئاسایشی نەتەوەیی دەکەین، دەبێ ئەوە بزانین کەئەم ئاسایشە کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە، کە دەشێ لە چوار لایەندا کۆی بکەینەوە، ئەوانیش: پێشکەوتن- خود- فیترەت- رێژەیی.

1- پێشکەوتن، ژیان لەپێشکەوتن دایە هەستی تاك و کۆمەڵیش پێش دەکەوێت لەمنداڵییەوە تاکو پیری، لە ژیانی کۆچەری و بیابان نشینییەوە بۆ شارستانییە لەڕووی کات و شوێنەوە.

2- خود، لایەنێکی گەورەی خودی تێدایە، شڵەژان و تێکچوون دەردەکەوێت هەرچەند مەترسی لەسەر تاکەکان نزیك بێتەوە.

3- فیترەت، سروشتییە کەئاسایش فیترەت بێت مادام هەستکردنێکی غەریزی فیتری لەناخی مرۆڤدایە، بۆ پاراستن لەجۆرو مانەوەی لەم بوونەدا.

4- بەڵام رێژەیی هەستکردن بەئاسایش لەوەدا رووندەبێتەوە ئەوەی ترس دەورووژێنێت لەکۆمەڵگەیەك ئەوا لەکۆمەڵگەیەکی تر ئەو ترسە ناورووژێنێت، رێژەیی تیایدا لەو پەڕی روونیدا دەردەکەوێت لەدیدی کۆمەڵگە نوێیەکان بۆ دوژمن کە قەوارەی دەوڵەت بە ئامانج دەگرێت.

ترسناکی شوێنەواری هەستکردن بەئاسایش لە هەڵوەشانەوە و تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەردەکەوێت، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر بونیادی کۆمەڵی سیاسی، پەیوەندی نێوان تاکەکەس لەلایەک و، پەیوەندی ئەم تاکەکەسانە یان کۆمەڵەکە بەدەسەڵات لەلایەکی ترەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی کەموکوڕی و شڵەژان و بێهێزکردنی دەوڵەت.

## تایبەتمەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لەسەر دوو رەگەز بەرپا دەکرێت:

1- کۆمەڵگەی نەتەوەیی، ئەمە گوزارشت لە یەك گەلی هاوچەشنی یەکگرتوو دەکات، کە بونیادی کۆمەڵایەتی بۆ دەوڵەت یان گەل پێکدەهێنێت.

2- بوونی چوارچێوەیەکی سیاسی بۆئەم کۆمەڵگەیە کەئەمەش دەوڵەتە یان سیستەمی فەرمان رەوایە کەکۆنترۆڵی کاروبارەکانی دەوڵەتی کردووە.

دەوڵەتی نەتەوەیی، چوارچێوەی سیاسی و سیستەمە بۆ چەمکی ئاسایش و سەروەری، ئەمەش سەنەدی شەرعییە کە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی پشتی پێدەبەستێت. دەوڵەت چوارچێوەی نەتەوەیی یان نیشتمانییە بۆ ئاسایش بەو ئیعتیبارەی دەوڵەتی نوێ دەوڵەتێکی هەرێمییە، کە بوارێکە لەمیانەیدا لە ئاسایشی نەتەوەییەکەی دەگەی بەمەش تێگەیشتنێکی گشتگیرانە دەبەخشێتە ئاسایشی نەتەوەیی، کە لەلایەك کورت نابێتەوە لەسەر لایەنێك بەبێ لایەنەکەی تر. لەلایەکی ترەوە هەموو رەهەندە سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە.

هەندێ وای دەبینن کەچەمکی ئاسایش بەجیهانیبوون وەسفدەکرێت، هیچ دەوڵەتێك یان سەرکردایەتییەك نییە مومارەسەی ئەم چەمکەی کردبێت، ئەم وشەیان ئەمە بۆ گوزارشتکردن لە شەرعیەتی مومارەسە بەکارنەهاتووە، ئەو فیکرە بنەڕەتییەی بەدەوریدا دەخولێتەوە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتە، **یەکێ لە پابەندییەکانی دەوڵەتی بنەڕەتی ئەمانەن:**



1- فەراهەمکردنی پاراستنی ئەندامی و ماددی هەر هاوڵاتییەکە کە ئینتیمای بۆ کۆمەڵ هەیە.

2- پاراستنی کۆمەڵ وەك حەقیقەتێکی بەشەری بەشێوەیەك قەوارەکەی دووچاری هیچ مەترسییەك نەبێتەوە بەهەر مانایەك لە ماناکانی.

بەهەرحاڵ چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی چەمکێکی گشتگیرە هەموو چوارچێوەکانی دەوڵەت دەگرێتەوە، **ئەم چەمکە کۆمەڵێك تایبەتمەندی کە جیایدەکاتەوە لە چالاکییەکانی ئاسایش و بەرگری و پاراستن:**

### یەکەم: رێژەیی

دەوڵەتێك بەتەنها ناتوانێ بەشێوەیەکی رەها ئاسایشی خۆی دابینبکات بەبێ ئاسایشی دەوڵەتانی تر، بۆیە پێویستی بەدابینکردنی ئاسایشی خۆی و پێکەوە ژیان لەگەڵ دەوڵەتانی تر هەیە، ئەمەش وا لەچەمکی ئاسایشی نەتەوەیی دەکات رێژەیی بێت نەك رەها لەبەر مەحاڵ بوونی هێنانەدی چەمکی ئاسایشی رەها، بۆیە ئاسایشی هاوبەش پێداویستیی زۆری نێودەوڵەتییە، هەر لەبەرئەوە حاڵەتی ئاسایش، هەروەك بۆ تاکەکان رێژەیی هەر بەم شێوەش بۆ دەوڵەتانیش رێژەییە.

### دووەم: نەرم و نیانی و گۆڕانکاری

چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی چەمکێکی گۆڕاوو پێشکەوتووە، حەقیقەتێکی ستراتیجی چەسپاو هەیە کەئەویش نەرم و نیانی ئەم چەمکەیە، کەناشێ چەمکێکی جامد بێت، بەڵکو سپێردراوە بەگۆڕانی بارودۆخ و قۆناغەکانی مێژوو و بەخشراوە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و جۆری ئەو هەڕەشانەی رووبەڕووی دەوڵەت دەبێتەوە، چەمکی ئاسایش و ستراتیجیەت دەگۆڕێت لە سەردەمێك بۆ سەردەمێکی ترو لەقۆناغێك بۆ قۆناغێکی تر لەیەك دەوڵەت.

## سێیەم: چەسپاو و گۆڕاوەکان

دەبێ جیاوازی بکرێت لـە نێـوان چەسـپاو و گۆڕاوەکـان لـەبواری ئاسایـشدا هەروەها دەبێت جیاوازی بکرێت لـە نێـوان نـزمترین ئاسـت و بـەرزترین ئاسـتی داواکراو بۆ ئاسـایش لەدەوڵەتـدا لـە هـەموو قۆناغـەکان، لـەڕووی راپەڕانـدن و جێبەجێکردنەوە، بەگوێرەی هەوڵ و کۆششی دیراسە بۆ کراو بۆگەیـشتن بەئاسـتی پێویست و داواکراو لە هەموو قۆناغێك، هەروەها فەراهەمکردنی پێوەرەکـان بـۆ سنووری ئاسایـشی نەتـەوەیی لەقۆناغـە جیاوازەکانیـدا لەرەچـاوکردنی قۆناغـە هەستیارو مەترسیدارەکان لەژیانی دەوڵەت لەڕووی ئاسایشی و سەلامەتییەوە.

## چوارەم: روونی و ئاشکرایی چەمکی ئاسایش لەلای جەماوەر

دەبێ چـەمکی ئاسـایش روون و گونجـاوو قبـوڵکراو بێـت لەلایـەن گەلـەوە، هاوڵاتی قەناعـەتێکی راستەقینەی پێهەبێت و بەهۆشیاری پابەند بێت بەپاڵنـەرو بەخشراوەکانی، بەشێوەیەك هاوڵاتی ببێتە کۆڵەگەیـەك بـۆ دەزگاکـانی ئاسـایش لەدەوڵەت بۆ بەجێگەیانـدنی ئەرکـەکانی لەپاراسـتنی ئاسـایش و سـەلامەتیدا، دابڕان لە نێوان گەل لەلایەك و دەزگاکانی ئاسـایش لەلایـەکی تـرەوە، قەناعـەت پێنـەبوونی گـەل بـەوەی دەزگاکـانی ئاسـایش پێـی هەڵدەسـتێ دەبێتـەهۆی سەرنەکەوتنی پرۆژە ئاسایشییەکانی دەوڵەت و فاشیلبوونی پلانەکانی، هـەروەها لەدەستچوون و نەمانی ئاسایش لەدەوڵەتدا، وا لەگەڵ دەکـات بکەونـە دژایـەتی دەزگاکانی ئاسایش و هەڵوێستی دوژمنکارانە وەربگرن.

## پێنجەم: هەڕەشەی روون و ئاشکرا بۆ ستراتیجیەکانی ئاسایش

پێویـسـتە سـتراتیژییەکانی ئاسـایش لەدەوڵـەت دیـاری بکـرێن بەهـەموو ئاسـتـەکانی بەشـێوەیەك ناوەڕۆکەکـەی روون، و هەڕەشـەو تەحەددییـەکانی رووبەڕووی دەوڵەت دەبێتەوە دیاری بکرێـت، بەشـێوەیەك وێنـە و شـێوەکە روون



بێت و گەل تێی بگات چونکە گـەل بەشـدارە لـە هێنانـەدی ئـەم ناوەڕۆکانـە و، دوورخستنەوەی کارکردن لەشاراوەیی پەنهانیدا دەبێتەهۆی شەك و گومان هەبوون لـەئامانج و نیەتـەکانی دەزگاکـانی ئاسـایش، بـەڵکو پێویـستە سـتراتیژییەتی هەڕەشە و مەترسییەکانی رووبەڕووی دەوڵەت دەبێتەوە لە ئێستاو لـە ئاییندە، قۆناغەکانی داهاتووی ژیان دیاری بکرێت، هەروەك پێویستە پلان و توێژینـەوەی پێویست دابنرێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەر قۆناغێـك لـە قۆناغـەکان، بـەردەوام دروشمی ئاسایش ئەوە بێت بۆ هەر رووداوێك قسەیەك، لەپلەی یەکەمدا چەسـپاوە بنەڕەتییەکان لەژیانی دەوڵەتدا دادەنرێت وەك پاراسـتنی قـەوارە سیاسـییەکەی، سەربەخۆیی و سـەلامەتی خاکەکـەی و بەرژەوەنـدی بنـەڕەتی و نەتەوەییەکانـە و پاراستنی لە دەستدرێژییە دەرەکییـەکان و پاراسـتنی لـە هەڕەشـە ناوخۆییـەکان بەهەموو شێوەکانی، لەگەڵ دابەشکردنی ئەم هەڕەشانە بۆ رەگـەزە جیاوازەکـانی جەوهەری و لاوەکی جا پێگەکەی لـە چوارچـێوەی دەوڵـەت لـە هەرسـێ لایـەنی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی هەرچ بێت.

## شەشەم: چەمکی ئاسایش لەسەر بنەڕەتی ستراتیژییەتی گشتگیرانەی دەوڵەت بنیات بنرێت

دەبێ چەمکی ئاسایش لەدەوڵەت بەو ئیعتیبـارەی ئاسایـشە نەتەوەییەکـەی گشتگیرە لەسەر ستراتیژییەتی گشتگیرانەی دەوڵەت بنیات بنرێـت، ئەمـەش بـە تەرکیزکردن لەسەر پوختەکردنی رەگەزەکانی هێز لـە دەوڵـەت، بەشـێوەیەك ئـەم رەگەزە ستراتیژییانە کۆڵەگە بن بـۆ بینـاکردنی ئاسایـشی دەوڵـەت و پاراسـتنی ئاسایشی و یەکپارچەیی و سەربەخۆیی، ئەم چەمکە ئاسایشییەی بەتەنها لەسـەر هێزی سەربازی بنیاتدەنرێت کۆتـایی پێهـات، ئاسایـشی راسـتەقینە و زانـستی ئەوەیە کە بنیاتنرابێت لەسەر رەگەزەکانی هێزە گشتگیرەکانی دەوڵەت.

### حەوتەم: ئاسایشی نەتەوەیی خاوەن شێوازی بەرگری و بیناکارە

ئاسایشی نەتەوەیی چەمکی گشتگیری و ئامانجی نەتەوەیی هەیـە، ئامـانجی یەکەمینی بریتییە لـە بـەرگریکردن لەقـەوارەی دەوڵـەت و پاراسـتنی، ئەمـەش لەسروشتی چالاکی و جۆرو شـێوازی کـارو پلانـەکانی وەك دەزگایـەکی بـەرگری بنیاتکار دەردەکەوێت، بۆیە دەبـێ جیـاوازی بکـەین لـە نێـوان ئـەم دەزگایـە و چەمکی هێرشکردن یان ئەو چەمکانەی کە مەبەستی دەستدرێژی فراوان خوازییە وەك شوێنەوارێك لە شوێنەوارەکانی چالاکی هێزو کەلتورە فیکرییەکەی لەفیکری مرۆڤایەتی چەمکی ئاسایشی دەوڵـەت چـەمکێکی بنیاتنـەرو مەزنـە ئامـانجی هێنانـەدی مەبەسـتێکی پـیرۆزە کـە ئـەویش پاراسـتنی ئاسایـشی دەوڵـەت و، هێنانـەدی پێکـەوە ژیـانی ئاشـتیانە لـە نێـوان ئـەم دەوڵەتـە و دەوڵـەتانی تـر لەچوارچێوەی تێگەیشتنی چەسپاوی رێژەیی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی.

### هەشتەم: ئاسایشی نەتەوەیی چەمکێکی زانستی ئیجابی روون و ئاشکرایە

توێژینەوەکان هەمەجۆربوون دەربارەی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی و چـەندین مەیدانی توێژینەوەی زانستی و ستراتیژی گرتەوە بـۆ لێکۆڵینـەوە و شـیکردنەوە، وەك چەمکێك نەما کە تەنها رواڵەت بێت، بەڵکو بووە کارێکی زانـستی روون و ئاشکرا کە ئامانجەکەی مەبەستێکی مەزنی هەیە ئـەویش  پاراسـتنی ئاسایـشی دەوڵەت و، پاراستنی کیان و بوونی ئەم دەوڵەتەیـە ئەمـەش لەمیانـەی هـەوڵ و کۆششی زانستیانەی دیراسـە بـۆکراوە بۆهێنانـەدی ئـەم ئامانجـە لەچوارچـێوەی ستراتیژییەت و پلان و هۆکارە بەدیهاتووەکانە بۆ ئەم ئامانجە.

**بەندی سێیەم: فەلسەفەی ئاسایشی نەتەوەیی و تیۆرەکانی**

ئەو بنیاتەی سیستەمی ئاسایشی لەکۆمەڵگەدا لەسەر بنیات دەنرێ جیاوازە بەجیاوازی ئەو مەزهەبە سیاسیەی دەوڵەت گرتوویەتە بەر، هەرئەو مەزهەبەیە کە ئەو بەهایە دیاریدەکات کە پێویستە بپارێزرێت لەمەترسییەکان، کۆمەڵگەی سەرمایەداری پرەنسیپی ئازادی تاك بەپیرۆز دادەنێ و کاردەکات بۆ پاراستنی، لەکاتێکدا سیستەمە سۆسیالیستەکان بەهای ماددی کەخۆی دەبینێتەوە لە رەنیو هێنان و پڕکردنەوەی پێداویستییە ماددییەکان و موڵکداری گشتی هۆکارو وەسیلەکانی رەنێوهێنان و دیکتاتۆریەتی چینی کارگەر لەکۆمەڵگە دەگرێتەوە بەبێ ئەوەی ئەندازەیەك ئیعتیبار دابنێت بۆ هۆکارو فاکتەرە تاکەکەسییەکان، لەنێویدا ئازادی و مافە بنەڕەتیەکان ئەگەر دژایەتی هەبوو لەگەڵ دیکتاتۆریەتی دەوڵەت و بەرژەوەندییەکانی (پرۆلیتاریا).

بەڵکو هیچ سەنگێك نابەخشێتە چەمکی دەوڵەت بەگشتی، بەو ئیعتبارەی ئامرازێکی سەرمایەدارییە و چارەنووسەکەی نەمانە، تاکاتی بەرپابوونی دەوڵەتی پرۆلیتاریایە بەگوێرەی بیروباوەڕی لایەنگرانی فیکری مارکسی. بۆیە کاتێ سەیری فەلسەفەی ئاسایش دەکەین دەبێ ئەمە بەئیعتیبار وەربگرین، جیاوازی نێوان شێوازەکانی بیرۆکراتیەت و نێوان فەلسەفەی سیستەمی حوکم، رێگاکانی رێکخستن و شێوازەکانی بەجێگەیاندن و جێبەجێکردنی ئەرکەکان یەك شتە لەلایەنی هونەری و تەقەنی نێوان دەزگا جۆربەجۆرەکانی ئاسایش و بەکرێگیراوەکانی ئەم دەزگایە یان ئەو دەزگایە.

بەڵام جیاوازییەکە لەفەلسەفە و ئاراستەکان و مەودای ئەو رێککارانە، کە هەوەس و ئارەزووی ئەم دەزگا و ئەو دەزگایە دادەمرکێنێتەوە. لە هەمان کاتدا فەلسەفەی دەزگا (دەزگای ئاسایش) بۆ چارەسەرکردنی کێشە نیشتیمانییە ناوخۆییەکان، جیاوازە لەو فەلسەفەی بەرەنگاری کێشە دەرەکییەکان یان



نێودەوڵەتییەکان دەبێتەوە، هەرچەندە هەردووکیان ئامانجیان بەرژەوەندی گشتی دەوڵەتەکەیە، بەڵام ئەو ئاراستانەی بۆ دەستوەردان و چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانە مەرایییکردن نییە لەشێواز و رەهەندەکان لەحاڵەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی کێشەکانی دەرەوەی سنوور.

لێرەدا ئاسایش بەو ئیعتیبارەی گرنگترین و یەکەمین پێداویستی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە، وەڵامدەرەوەی زەروراتی ئاسایش و ستراتیژییەتی دەوڵەتە، کە پێویست نییە هاوتای فەلسەفە و ئاراستەی دەوڵەتەکانی تر بێت، هەروەها هەمان ئامانج و ناوەڕۆکی نییە کە ئەم دەوڵەتانە مەبەستیانە، بەڵکو دژ دەبێت لەگەڵیدا، هەروەك بینیمان لە نێوان هەردوو جەمسەری مەزن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و، یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، لە سایەی جەنگی سارد کەهەر لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بەردەوام بوو تاکو سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، ئەمەش هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤیەتی لێکەوتەوە لە ساڵی 1991.

چەندین تیۆر هەبوون دەربارەی راڤەکردنی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی، هەرچەندە تیۆرەکان لێرەو لەوێ لایەنی ئابووری تێکەڵ بەلایەنی سیاسی و لایەنی ستراتیژی دەکات، بەڵام هەموویان کۆکن لەمکوڕبوون لەسەر دەرخستنی کۆڵەگەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت و مکوڕ بوون لەسەر ئەو رەگەزە پێویستیانە بۆ بەرپاکردنی ئاسایشی نەتەوەیی بەهێزو کاریگەر، بۆیە ((کوینسی رایت))دەڵێ ئاسایش کە رزگاربوونە لەترس دەبێ لەپێش هەموو کارێکیتر بێت، ئەگەر ئاسایش بەرقەرار نەبێت ئەوا سیاسەتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان نابێتە هۆی بەختەوەری خۆشگوزەرانی گەل، بەڵکو دەبێتەهۆی زیادکردنی رێوشوێنی ئاسایشی دەوڵەت، بەو مانایەی هەر هەوڵ و کۆششێکی ئاسایشی بەپلەی یەکەم ئامانجەکەی بەختەوەرکردنی گەل نییە، هەرچەندە بانگەشەی پاراستنی گەل دەکات، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی شێوەی پێچەوانە وەربگرێت بەزیادکردنی هەژموون و زاڵبوون و ئیمتیازاتی دەزگای ئاسایش و تاکەکانی لەسەر حیسابی گەل، بەڵکو لەسەر حیسابی ئاسایشی گشتی بە چەمکە فراوانەکەی، ئەم

راوبۆچوونە نوێنەرایەتی فەلسەفەی مەزهەبی ئازاد دەکات لەچەمکی ئاسایش و هاوسەنگی و دیدی بەرەو بەرژەوەندی گشتی، بە پێچەوانەی ئەم چەمکە، تێڕوانینی پرۆلیتاری بۆ چەمکی ئاسایش دێتە مەیدان، کە ئەویش قوربانیدانە بەهەموو شتێك لەپێناوی حزب و چین_لەحاڵەتی یەکێتی سۆڤیەتی هەرەس هاتوو دەرەنجامەکە روونە..کە ئەم دەوڵەتە هەموو شتێکی کرد لەپێناوی حزب و گروپی فەرمانڕەوا بەناوی چینی کرێکار، هەموو شتێکی کرد لەپێناوی بەهێزکردنی دەزگای KGB بەڵام دەرەنجامی ئەم ئاراستەیە پێشبینی کراو و حەتمیە کە ئەویش لەناوچوون و هەرەسهێنانی دەوڵەت و دەزگایەکەیە پێکەوە...نمونەی لەم جۆرە لەجیهانی سێیەمدا زۆرە بەنیسبەت ئەو دەوڵەتانەی کەتەنها پشتیان بەدەزگا نهێنییەکان بەستبوو، کە دەوڵەت و دەزگاکە هەرەسیان هێنا لەگەڵ ئەو ناوەندانەی پاڵپشتیان دەکرد.

بۆیە (هنری کیسنجر)ی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا بەو شێوەیە پێناسەی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت دەکات ((هەر هەڵسوکەوتێکە کەکۆمەڵگە لە میانەیدا تێدەکۆشێ بۆ داکۆکیکردن لەمافی بوون و مانەوەدا)).لێرەدا مەبەستی لەپێناسەی ئاسایشدا چەمکی بەختەوەری و، مافی کۆمەڵگەیە لەم بەختەوەرییەدا، نەی ووت مافی حزب یان چین، یان دەسەڵاتی فەرمانڕەوا. هەرچەند زۆرێك لەدیدو بۆچوونیان بۆ چەمکی ئاسایش و تیۆرەکانی گوزارشتیان لەچەمکەکانی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەو پێداویستیەکانی گەل کردووە، پێناسەی ئابووریانە بۆ چەمکی ئاسایش رووبەرێکی فراوانی لە فیکری ستراتیژی داگیرکردووە، جا ئەمەش بەنسبەت ئابووری ئازاد بێت یان ئەو فیکرە ماددیەی کەفاکتەرە ئابوورییەکان یان ئابووری دەوڵەت لە هەموو کارێکی فیکری یان ئاسایشی یان ستراتیژی جەمسەریدا زاڵە. ئەگەر سەیری لایەنی ئابووری بکەین، دەبینین کە ئابووری لەبواری ستراتیژییەتی ئاسایشی دەوڵەتدا گرنگی بەسێ رەگەزی بنەڕەتی دەدات کەئەوانیش فەراهەمکردنی سەرچاوە ئابوورییە زیندووەکان، وەزیفەی ئابووری بۆ جەنگ،



گەشەپێدانە وەك جەوهەری دیاردەی ئاسایش، بۆیە (کروزنای) زەمەنی ئابووری بەوشێوەیە پێناسە دەکات (غیابی هەڕەشەی بێبەشکردنە لەبەختەوەری کۆمەڵایەتی).هەروەها وایدەبینێ کە ئاسایشی ئابووری دەبێتە واجبێکی حەتمی.

کاتێ دەوڵەت زۆربەی بارودۆخی ئابووری قورسەکان لەئەستۆ دەگرێت، تاوەکو خۆی بەدوور بگرێت لەهەر فشارێکی ئابووری دەرەکی، کە دەناسرێت بەسیاسەتی توندکردنی پشتێن، یان رژدیکردن یان رێنمایکردنی ئابووری، یان پشت بەستن بەخود.

رۆبرت مکنمارا لەکێشەکەی ((جەوهەری ئاسایش))The essence of Security دەڵێ: هەر کۆمەڵگەیەك بەقۆناغی گۆڕان بۆ کۆمەڵگەی هاوچەرخ تێدەپەڕێت، ئاسایش واتاکەی گەشەپێدانە، ئاسایش کەلوپەلی سەربازی، هێزی سەربازی و چالاکی سەربازی تەقلیدی نییە هەرچەند هەموو ئەمانەش لەخۆدەگرێت، ئاسایش گەشەپێدانە، بەبێ گەشەپێدان ئاسایش بوونی نییە، دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان کە لە واقیعدا گەشەناکەن ناتوانن بە ئاسانی لەئاسایشدا بن. بە هۆی ئەوەی کە هاوڵاتەکانیان ناتوانن واز لەسروشتە مرۆڤایەتییەکانیان بهێنن. پاشان (مکنمارا) لە شیکردنەوەکەی چەمکی ئاسایش دەڵێ ((..ئەگەر ئاسایش شتێك لەخۆبگرێت ئەوا بەنزمترین ئەندازە سیستەم و سەقامگیری لەخۆ دەگرێت، ئەگەر گەشەپێدانی ناوخۆیی نەبێت، یان بەلایەنی کەمەوە لەنزمترین ئاستیشدا گەشەپێدانی ناوخۆیی نەبێت، ئەوا سیستەم و سەقامگیری دەبنە کارێکی مەحاڵ)).بۆیە گرنگی بنچینەی ئابووری گەشەسەندووی ئاسایش روودەبێتەوە، ئاسایشبوونی نییە بێ گەشەپێدان، گەشەپێدانبوونی نییە بێ ئاسایش، ئەگەر مەزهەبی ئازاد گەشەپێدانی تەوزیفکردووە بۆهێنانەدی ئاسایش، ئەوا سیستەمە سۆسیالیستە شمولیەکان هەموو دەزگاکانی ئاسایشیان سپاردووە بۆپاراستنی ئامێری بەرهەمهێنان، نەك بۆپاراستنی مافی مرۆڤ کەلە پشت ئەم ئامێرە دەوەستێت، بەڵکو بۆپاراستنی دەوڵەت کە لەکۆتاییدا دەگۆڕێت بۆ ئامێرێکی گەورە کەمرۆڤ و ئامێر پێکەوە دەهاڕێ، کەواتە جیاوازییەکە لە نێوان فەلسەفەکانی ئاسایش لەهەردوو سیستەمی

ئازادو شمولی روون و ئاشکرایە، بەمەش جیاوازییەکە لەدەرەنجام و بەخشراوەکانیش دەردەکەوێت، ئەمەش بەشێوەیەکی سروشتی هەڵقوڵاوی جیاوازی ئەو ئایدۆلۆژیانەیە کە رەنگی جیاواز لەسیستەم و بایەخ و گرنگی پێدانەکان بەسەر دەوڵەت دەسەپێنن.

لەسیستەمی ئەمریکی فەلسەفەی سیستەم-هەروەك ئاماژەمان پێکرد- تەرکیز لەسەر ئابووری ئازاد یان مەزهەبی ئازادی تاك دەکات، ئەمەش لەلایەك رووەکانی ئازادی ئابووری دەگرێتەوە، لەلایەکی ترەوە فەلسەفەی پاسا و یان پڕاگماتیکی دەگرێتەوە.

فەلسەفەیەکە گرنگی دەدات بەو سەرکەوتنەی کە دەوڵەت دەیهێنێتەدی لەسیاسەتەکانیدا بەبێ گرنگیدان بەهەر فیکرێکی میسالی کەڕەنگە ئاستەنگ بخاتە گەیشتنی دەوڵەت یان دامودەزگاکە بۆ ئامانجەکانی..ئەمە تیۆری سوودی ماددیە کە سەرکەوتنی تاك بەبنچینەی سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی دادەنێت، بەو ئیعتیبارەی سەرکەوتنی کۆمەڵگە یەکسانە بەکۆی سەرکەوتنی تاکەکانی.

ئەم تیۆرە تێکەڵاوە لە نێوان بە پەسەند دانانی بەرژەوەندی یان سوودی ئابووری تەنها، لە نێوان دانپێدانان بەئازادی تاك و ئابووری وکۆمەڵایەتی و پەیمانەکانی ماف مرۆڤ و مافی رێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەندیکایی، ئەمەش لەکۆتاییدا ئازادی و مافەکانی تاك و ئاشتەوایی بەپەسەند دادەنێت.

لەگەڵ فەراهەمکردنی هەموو دەستەبەرییەکانی کە مافەکانی دەپارێزێت کەلەپێشدا باسکرا.بواری دەست تێوەردانی دەوڵەت لەزۆرێك لەڕووەکانی ژیانی ئابووری فراوانبوو، بەمەش ئەو رووبەرە فراوانە بەرتەسك بۆوە کەبەتەنها لەدەست سیستەمی ئابووری ئازاد بوو، لە سایەی تیۆرەکانی مەزهەبی ئازاد لەسەرەتای سەرهەڵدانی کە بەهیچ سنوورێك دیاری نەکراوە تەنها هێنانەدی قازانج و گەشەسەندنی پرۆژەی سەرمایەداری.



ئەم دەستێوەردانەی دەوڵەت بواری مافەکانی کەسێتی فراوانکردووە بەتایبەتی لەبواری دابینکردن و دەستەبەری کۆمەڵایەتی تەندروستی و فێرکردن، هەروەك دەوڵەت پاڵپشتی لەمافەکانی رێکخستن و سەندیکایی دەکات کەدەستەبەری دابینکردن و بەباشی رۆیشتنی ئەم چاکیانە دەکات، بەبێ پاشگەزبوونەوە لەدامودەزگای سەرمایەداری.

ئەمە کۆی ئاراستەی فیکری سەرمایەداری ئازاد و هەوڵ و کۆششیەتی بەرەو هێنانەدی دەوڵەتی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی و فراوانکردنی چوارچێوەی ئازادییە گشتییەکان و دەستەبەرییە پێویستییەکانە بۆی، لەو چوارچێوە گشتگیرە ئەم سیستەمە چوارچێوەی جوڵە ئاسایشییەکەی دەکێشێ، بەڵام بارودۆخەکە لەفیکری شیوعی لەڕەگ و ریشەی ئەو تیۆرە سەرچاوە دەگرێ کەئەم سیستەمەی لەسەر بنیات دەنرێ.

لەکاتێکدا فیکری شیوعی بنیات دەنرێت لەسەر بنچینەی خاوەنداریێتی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان لەلایەن دەوڵەت، سەروەری و باڵادەستی چینێکی دیاریکراو کە چینی (پرۆلیتاری)یە بەسەر کاروبارەکان و دەوڵەت لەڕێگای کادیرەکانی حیزب، بۆیە هیچ ئازادی و ئاسایشێك نەبوو بۆئەوانەی لەدەرەوەی ئەو چوارچێوەیە بوون، لەبەر ئەوە بواری ئازادییە گشتییەکانی تەسکدەبێتەوە، ئایدۆلۆژیا و فەلسەفەکانی سیستەم و ئاستەکانی ئاسایش دەچێت بەرەو هێنانەدی روانین و ئەو فیکرانەی رەنگە لە سروشتیدا دژایەتی زۆربەی ئایدۆلۆژیا و هاوچەرخەکانی بکات کە گەل و نەتەوەکان، دەوڵەت و سیستەمەکان لەسەر ئاستێکی زۆر دەوڵەتان لەژێر ئاڵاکانیدان، لەبەر ئەوە ئەم ئایدۆلۆژیایە شەکەت دەبێت لەپشت دوو سەرابدا، سەرابی خۆ قایمکردن دژی دوژمنەکانی لەناوەوە و دەرەوە، لەلایەك، سەرابی رووخاندنی ئەو سیستەمانەی لە ئاراستەدا پێچەوانەی ئەون لەژێر حەتمیەتی چارەسەری چینایەتی بۆ کێشە ئاسایشییەکان لەلایەکی ترەوە. لێرەدا جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ئایدۆلۆژیا

لەڕووی ئاسایشی و سیاسی و ئابووری دەردەکەون بەگوێرەی ئەو فەلسەفە یان تیۆرەی ئەو سیستەمە ئاراستە دەکات، بەشێوەیەك فەشەلی ئەو سیستەمانە دەردەکەوێت کەدژایەتی سروشتی مرۆڤ و یاساکانی ژیان دەکات ئەگەر هاتوو دەستی گرت بەسەر ئازادی مرۆڤ و ئادەمێتییەکەی، ئەوا چ ئاسایش و بەختەوەرییە کەدەشێ بەدیبهێنرێت جا جۆری ئەو سیستەمە هەرچییەك کەبانگەشەی بۆ دەکات؟ لەکۆندا (مەسیح ی کوڕی مەریەم)ووتویەتی چ بەدەست دەهێنی ئەگەر خۆت دۆڕاند و جیهانت بەدەستهێنا؟

کۆمەڵگە ئەوەیە کە لەپلەی یەکەمدا تاکەکانی لە ئاسایشدابن.

## بەشی دووەم: کۆڵەگەکانی ئاسایش

هەروەك ئاسایشی نەتەوەیی چەمك و چوارچێوەی هەیە، ئەوا چەندین کۆڵەگەی هەیە کەبنیاتی لەسەر دەنرێ، ئێمە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر ئەمانە:

لە بەندی یەکەمدا باسی چەمکی ئاسایشی دەوڵەت دەکەین لەڕووی کۆڵەگە ئاسایشییەکانی، لەبەندی دووەمدا باس لە تایبەتمەندییەکانی وەزیفەی ئاسایش دەکەین لەبەندی سێیەمدا باس لە پێشکەوتنی سیاسەتی ئاسایشی دەوڵەت دەکەین لەڕووی فراوانی چەمکی ئاسایش، پەیوەستی ئەمە بە پلان و ستراتیژییەکانی دەوڵەت.

### بەندی یەکەم: چەمکی کۆڵەگەکانی ئاسایش

لەکاتێکدا چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی چەمکێکە لە رووی کات و شوێنەوە، ئەوا دەخوازێت کەلەکاتی دانانی سیاسەتە ئاسایشییەکانی، ئیعتیبار دابنێت بۆ ئەو بارودۆخە بابەتییانەی دەوری کۆمەڵگەکەی داوە، هەروەها پێویستە داخوازی و هەڕەشە ئاسایشییەکان لەبەردەمیدا روونبێت جا جۆری ئەو جیاوازییەی نێوان جێگرو گۆڕاوەکان لەبواری ئاسایش لەدەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکیتر هەرچییەك بێ، هەندێ جێگیریی هەیە لەبواری ئاسایشی دەوڵەتدا دەبێ جیایبکەیەوە هەڵیبژێری و بایەخی زۆری پێبدەی و سووربی لەسەری، تاوەکو بتوانرێت پارێزگاری لەئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت بکرێت بە شێوەیەکی کاریگەر بەو ئیعتیبارەی، کە پارێزگاریکردنی ئاسایش و سیستەم و بەرقەرارکردنی ئاشتی گشتی و دڵنیاکردن لەگرنگترین ئەرکەکانی



دەوڵەتە، ئەگەر بمانەوێت لە رەگ و ریشە یان کۆڵەگەکانی فیکرەی ئاسایشی نەتەوەیی بکۆڵینەوە، یەکەم شت کەبۆی بگەڕێینەوە ئەو فەلسەفە سیاسییەیە کەبالا دەستە لەدەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر کە رەسمی رێڕەوی سیاسەتی ئاسایشی دەوڵەت و کۆڵەگەکانی ئەم سیاسەتە و جێگیرییەکانی دیاری دەکات. ئەرکەکانی دەوڵەتی نوێ پەل و پۆی هاویشت و وەسیلە و هۆکارەکانی دەست تێوەردانی لەژیانی تاکدا بەشێوەیەك فرەبوو لەوە و پێش نموونەی نەبوو، بەڵکو چەمکی ئاسایش بەجۆرێك فراوان بوو چەندین کێشەی لەخۆگرت، کە لە رابردوودا کێشەی ئاسایشی نەبوو، یان لە دیدگایەکی ئاسایشی سەیرنەدەکرا وەك کێشەیەکی ئاسایشی راستەوخۆ، بەڵکو لەسایەی دەرەنجام و کاریگەری و تێکەڵاوی نێوان فاکتەرە جیاوازەکان کە دەبێتەهۆی دەرەنجامێکی رەتدانەوەی ئاسایشی یان ستراتیژی، لەبەرئەوە ناوی ئاسایش بەشێوەی زۆر ناوزەدکرا بەسەر زۆر لەچالاکییە بەکارهاتووەکان و تازەگەرییەکان، هەروەها پەل و پۆ هاویشتنی ئەرکەکانی دەوڵەت لەبواری خزمەتگوزارە و کۆمەڵایەتی، وایکرد دەستوەردان زۆربێت لەژیانی تاکدا بە شێوەیەك نموونەی نەبوو ((هاوڵاتی نوێ لەهەر جوڵەیەك کە دەیکات رووبەڕووی پسپۆرییەکانی دەوڵەت دەبێتەوە، ئەگەر بۆ کائینێك مەترسی هەبوو کە ئاماری ئەو پسپۆرییانە بکات، لەناکاو دەبینێ کە چالاکییەکانی زۆربەی رووبەری چالاکی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. لە پسپۆرییەکانی، مەسەلەکانی پەیوەست بە بەرگریکردن، پارێزگاریکردنی لە ئاسایشی ناوخۆ و سەرپەرشتیکردنی پیشەسازی، و دانانی تەشریعاتی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ ئەوانەش ئەو پسپۆرییانەی بوار و چوارچێوەیان فراوانە وەك فێرکردن و دڵنیاییکردن دژی نەخۆشی و بێکاری..تد بە شێوەیەك دەوڵەت وای لێهات بگۆڕێت لەدەوڵەتێکی پاسەوان کە ئەرکەکەی دانانی تەشریعات و بایەخدان بەدانانی یاساو کۆنترۆڵ کردنییەتی بۆ دەوڵەتێکی کراوە کە دەبێتە رێنیشاندەر بۆ هەموو ئەو ئەرکانە. بەڵکو لەسەری پێویستە هەموو ئەو کاروبارانە بگرێتە ئەستۆ، جا رەنگی ئەوحوکمە تیایدا، یان جۆری فەلسەفەی سیاسی یان

ئاسایشی یان ئەو ئایدۆلۆژیایەی هەیەتی هەرچۆنێك بێت. سەرەڕای بەدیهاتنی هەندێ لەم چالاکییانە، دەبێ ئاگاداربین کە ((ئەو دەوڵەتەی حوکمی رەهای هەیە، گوزارشتە لە سیستەمێکی هەرەمی کەدەسەڵاتەکان لەیەك ناوەندا کۆدەبێتەوە، لەپێناوی هێنانەدی ئامانجی باڵا، پشتیوانانی سیستەم وا ئیعتیبار دەکەن کە دەسەڵاتەکە دەبێتە چەند دەسەڵاتێك و ئەم سیستەمە هەرەمییە کەموکوڕی هەیە لە هەردوو لایەنی کارگێڕی و ئاکارییەوە)) بەڵام سەرەڕای جیاوازی سیستەمە سیاسییەکان، شێوەکانی حوکم، جیاوازی بواری ئازادییە گشتییەکان و شایستەکان، ئەو دەوڵەتانەی سیستەمەکانیان تاکڕەوین، زەمەنێکی درێژە لەسەر حەرفییەتی ئەم سیستەمە دەڕۆن (کە لە زۆربەی جیهان بەرتەسك بۆتەوە).

هەتا زاراوەی دەوڵەتی خزمەتگوزاری یان دەوڵەتی خۆشگوزەرانی وای لێهاتووە هەموو دەوڵەتێك بەکاری بهێنێ، هیچ دەوڵەتێك لەجیهاندا نەماوە کە چالاکییەکانی کورتبێتەوە تا ئەندازەیەکی کەم، بەڵکو هەموو دەوڵەتەکان جا هەرچەند پرۆژەکانیان جیاواز بێت ئێستا هەوڵ دەدات جۆرەها خزمەتگوزاری پێشکەش بەتاکەکان بکەن دوور لەئەرکی ئاسایش بەمانا کۆنەکەی.

مەودای ئەرك و وەزیفەی دەوڵەت هەرچەند فراوان بێت یان بەرتەسکبێت، پێشبڕکێی سیستەمەکان هەرچەند بێت تاوەکو ئەم وەسفە یان ئەو وەسفە بەخۆی بدات، ئەوەی لەپاش ئەمە دەمێنێتەوە تەرکیزکردنە لەسەر ئەوەی کە دەوڵەت سێ کۆڵەگەی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە ئاسایشییەکەی هەیە، کە ئەمانەن:

1- پاراستنی سەربەخۆیی دەوڵەت و قەوارە سیاسییەکەی و دوورخستنەوەی هەر هەڕەشەیەکی ناوخۆیی و دەرەکی.

2- پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ بەچەمکە فراوانەکەی لەگەڵ ئەمانە هەوڵ و کۆششی ئەو دەزگایانەی یارمەتیدەرو تەواوکەری دەزگای ئاسایشی ناوخۆ بین بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و هێنانەدی ئامانجەکانی.



3- کێشانی پلان و روونکردنەوەی رێگاو ئەو بەرنامانەی ئامانجیان هێنانەدی ژیانێکی باشترە بۆگەل لەلایەنە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و هێنانەدی کۆمەڵگەی خۆشگوزەران و تێکۆشین و هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی ئارەزووەکانی میللەت لە هەموو لایەنەکان.

هەموو ئایدۆلۆژییەکان، هەریەکە و بەگوێرەی دیدگای خۆی کۆکن لەسەر ئەم سێ ئەرکە بۆهێنانەدی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە، دەوڵەت کاتێ هەوڵ دەدات بۆ پارێزگاری و پاراستن و چەسپاندنی ئەو کۆڵەگانە، هەوڵی ئەمانە دەدات لەرێگای چالاکییە جیاوازەکان لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ستراتیژی، لە هەموو حاڵەتەکاندا دەبێ ئەم کۆڵەگانە ئامانجی باڵای دەزگای ئاسایش بێت و هەڵسێ بەئەرکە ئاسایشییەکانی لەدەوڵەتدا.

**بەندی دووەم: تایبەتمەندییەکانی وەزیفەی ئاسایش**

مـــایلز کۆپلانـــد (Miles Copland) لـــە کتێبـــە بەناوبانگەکـــەی (یـــاری نەتـــەوەکان) (The game of the nation)دەڵـــێ: جەوهـــەری حـــوکمکردن هێـــزە، حوکم تەنها پرۆژەیەك نییە بەپێشنیارکردنی رێوشـوێنی گـشتی، یـان دەرکردنـی حوکمەکانی قەزا بێت، بەڵام گرتنەبـەری ئـەم ئیجرائاتانـە، جێبـەجێکردنی ئـەم حوکمانە، سەرکەوتن لە بەدیهێنانی ئەمانـە پەیوەسـتە بەهەڵبـژاردنی هۆکـار و وەسیلە گونجاوەکان بۆ هێنانەدی ئەنجامەکە.

ئەمە وامان لێدەکات کـە پـاش ئـەوەی باسـی تایبەتمەندییـەکانی وەزیفـەی ئاسایشمان کرد، ئەوا باس لەکاریگـەری دەزگـای ئاسـایش لەدەوڵـەت بکـەین و ئەوەی پێویستە کەتیایدا فەراهەم بێت تـاوەکو بەباشـترین شـێوە بـەرۆڵی خـۆی هەڵبستێت لە خزمەتکردنی ئاسایش و سیستەم و، بڵاوکردنـەوەی سـەقامگیری و دڵنیاکردن ئاسایشی نەتەوەیی هەر دەوڵەتێك، گوزارشتە لـەو رێوشـوێنانەی کـە دەوڵەت لە سنووری توانای خۆی دەیگرێتەبـەر بـۆ پارێزگـاریکردن لـە قـەوارە و بەرژەوەندییەکانی لەئێستا و ئاییندەی، لەپێناو هێنانەدی ئـەم ئامانجـە دەوڵـەت تێدەکۆشی بۆ دروستکردنی چەند دەزگایەك کە بتوانێت بـەو ئەرکـە ئاسایـشییە هەڵبسێت بەو ئیعتیبارەی ئەو ئەرکە برِبرِەی پشتە بۆ هەموو ئەرکەکانی دەوڵەت و بەبێبوونی ئەم ئەرکـە دەوڵـەت ناتوانێـت ئامانجـەکانی خـۆی بگەیـەنێت یـان خودێتی خۆی بەدیبهێنێ. بەو ئیعتیبارەی کێشەی ئاسایش، ئەرکی کۆمـەڵگـەی هاوچەرخە، کە ئەم ئەرکە لە هەموو ئەرکەکانی تر باڵاترە.

ئەرکی ئاسایش گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ سەقامگیری دەوڵەت و هەر لەمەوە ئامانجە گـەورەکان بەدیـدەهێنرێت، لـە هـەردوو بـواری نـاوخۆیی و دەرەکـی، و دەرکپێکردنی سیاسەتوانانی دەوڵەت بەمـە شـتێکی بـاوە، بـۆ نموونـە (نـاپلیۆن پۆناپەرت)بەدرێژایی ژیانی، (فوشیە)ی بە وەزیـرو سـەرۆکی دەزگـای ئاسایـشی



تایبەتی خۆی و دەزگای ئاسایشی ناوخۆ هێشتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە (فوشـیە) تاوانبار کرابوو بەوەی هەندێجار لەدواوە پەیوەندی دەبەست لەگەڵ دوژمنـەکانی، بەڵکو یارمەتیدەرەکانی دەنارد بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر خـودی نـاپلیۆن و نزیکترین کەسەکانی (خێزانەکەی جوزفین). کاتێ لایەنگرانی ناپلیۆن گومانیان لە (فوشیە)دەکرد و پیلانیان بـۆ دادەنـا، نـاپلیۆن بەگوتـە بەناوبانگەکـەی وەڵامـی دەدانەوە ((بۆ ئەو بەسە کە بە توانایە بۆ پاراستنی سیستەم لەناو وڵات، هەتا لە غیابی منیش ئەمنیش ئەوەم دەوێت و بۆمن ئەوە بەسە)).

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر مکوڕبوونی سـەرکردەو پیـاوی دەوڵـەت بـۆ ئـەرکی ئاسایش. و دانانی لەپلەی یەکـەم، دڵنیـاکردنی پیـاوانی دەسـەڵات و ئاسایـشی ناوخۆو بەرەی ناوخۆ لەگرنگترین رەگەزەکانی ئەرکی ئاسایشن.

**تایبەتمەندییەکانی ئەرکی ئاسایش ئەمانەن:**

1- برِبرِەی پشتە بۆ ئامرازو دەزگا نەتەوەییەکانی تایبەت بەکاروباری ئاسـایش، کە ناتوانێت ئەرکەکەی بەدیبهێنێ مەگەر لەمیانـەی پـسپۆری و خودبوونـدا لەڕووی پێکهێنان و مومارەسەکردندا.

2- ئەرکی ئاسایش، ئەرکێکی مەدەنییە سەرەڕای ئـەوەی لـە مومارەسـەکردنی رۆژانەیـدا هێـز بـەکاردەهێنێت و سروشـتەکەی نیمـچە سـەربازییە لـەڕووی راهێنـــان و پرچـــەککردن و رێکـــوپێکی (نیزامییـــە) ســـەرەڕای ئامـــانج و ئەرکەکانی کەلەبواری مەدەنییە لەدەوڵەتدا.

3- ئەرکی ئاسایش ناتوانێت ئامانجەکانی بەدیبهێنێ مەگەر لەمیانەی کارکردنی بەکۆمەڵ و بەجێگەیانـدنی ئەرکـەکان بەشـێوازی تـیم بەشـێوەیەك هـەوڵ و کۆشـشی هـەموو لـق و پـسپۆرییەکان لەپاراسـتنی پرۆسـەکانی ئاسـایش و هێنانەدی ئامانجەکانی تەواوکەری یەکتربن.

4- ئەركی ئاسایش ئـەركێكی نەتـەوەیی گـشتگیرە لـەبواری ئاسـایش، بـەڵكو بڕبــڕەی پــشتە بــۆ هــەموو كــارێكی ئاسایــشی بەشــێوەیەك ڕەهەنــدەكانی درێژدەبێتەوە بۆ ئەوەی دەرەوەو ناوەوە بەیەكسانی بگرێتەوە، چەمك و بــواری پسپۆرایەتی بەشـێوەیەك فـراوان بـووە كـەكارو چـالاكییەكانی زیـاتر بـووەو مەودای گرنگییەكەی زیاتر بووە بـەو ئیعتیبـارەی ئـەركی دایكـە بۆهـەموو پسپۆری و كەرت و بوارەكانی ئاسایش.

5- بەو سیفەتانەی هەیەتی ئەركێكی سیاسی گرنگ بۆ دەوڵەت بەجێدەگەیـەنێت سەرەڕای ئەوەی بەسروشتیدا دەزگایەكی ناسیاسییە.

6- هەنگاوەكانی حسابكراوە و، قبوڵی جەربەزەیی، دەمەكی ناكات.

هەروەك لەبزاوت دایــە لەچوارچــێوەی ئــەو یاســا و سیــستەمەی كــە لەبنەڕەتــدا سپێردراوە بۆ پاراستنی.

هەروەك لەبزاوت دایە لەچوارچێوەی شەرعیەت و دەستەبەرییەكانی دەسـتور، ئەمە لەتەك یاساو لیستە ڕێكخەرەكان.

كــە حــوكمی ڕەفتــاری تاكــەكانی دەكــات جــا كــاتێ كــە ئەركــەكانیان بەجێدەگەیەنن یان ڕێگای كەسێتییەكانیان وەك تاك كـە ئینتیمایـان بـۆ هەیـە، سپێردراون بۆ جێبەجێكردنی ئەركی ئاسایشی كە سپێردراوە بۆیان.

## بەندی سێیەم: ئامانج و مەبەستەکانی وەزیفەی ئاسایش

ئامانجی بەرزی ئاسایشی نەتەوەیی، پاراستنی بەها ناوخۆییەکانی دەوڵەتە لە هەڕەشە دەرەکیەکان، پاراستنی قەوارەی دەوڵەت و مافی دەوڵەتە لەمانەوە. ئەم ئامانجە بەرزانە خۆی دەبینێتەوە لە کۆڵەگە و چەند مەبەستێك کە ئەمانە دەگرێتەوە:

1- پاراستنی خودو ویستی نەتەوەیی ئەمەش بەهۆکار و وەسیلە جۆرەکان کە ئەم ئامانجە دەهێننەدی.

2- بڵاوکردنەوە و بەرقەرارکردنی ئەو ئاسایشەی کەئاسایشی نیشتیمان و، ئاسایشی هاولاتی دەگرێتەوەو دەهێنێتەدی، بەشێوەیەك هەڕەشەیان لێ دووربخاتەوە.لەپێناوی هێنانەدی هاوکێشەی ئاسایش دەبێ دروشمە یەکەمینەکەی نیشتمان بێت، ئەمەش دەبێ لەسنووری دەستورو پەیماننامە و یاساو سنوری ئەو دەستەبەرییانە بێت کە دەستەبەری بەفیڕۆ نەچوونی مافە رەواکان بێت.و دەست بۆ ئەم مانانە نابەت مەگەر بەگوێرەی رێککارە دەستوری و یاساییەکان کە ئەمانە دیاری دەکەن.

3- هەوڵ وتێکۆشین بۆ هێنانەدی بەختەوەری، کە مانای هێنانەدی ئازادی و ئاسایش و بەرهەمهێنانی تەواوی و دادی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت.

هەموو ئەم ئامانجانە مەبەستەکانی تێکڕا پڕدەکاتەوە کە وەزیفەی ئاسایش هەوڵ دەدات بۆ بەدیهێنانی هەروەك بەسروشتیدا تەغتیەی هەموو چالاکییەکانی دەوڵەت دەکات لەلایەنەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربازی، هەروەك بۆ هێنانەدی ئەمە پێویستی بەپشتگیری هەموو هەوڵ و تێکۆشانەکان هەیە.

بۆ تێڕامان لەم چوارچێوانە و ئامانجانە دەبینین کەئەم مەبەستانە هەموو چالاکییەکانی دەوڵەت دەگرێتەوە، هەروەك ئەوە وایە کەدەوڵەت دەزگایەکی گەورەیە کەتەنها بەیەك ئەرك هەڵدەستێت ئەویش ئاسایشی ئەم کۆمەڵگەیەیە، ئەمەش حەقیقەتەو وا دەردەکەوێت کە درکپێکردنی ئەمڕۆ بووەتە چەمکانی



گشتی ئەوەتا ئەمڕۆ ئێمە یەکەم قسە و باس دەکەین دەربارەی ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی گەشت و گوزارو ئاسایشی راگەیاندن و ئاسایشی زانیاری، ئاسایشی رۆشنبیری، بۆ رووبەڕووبونەوەی شێوەکانی ئیختراقی فیکری رۆشنبیری لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەلات بۆ سڕینەوەی خەسڵەتە نەتەوەیی و فیکری و رۆشنبیرییەکانی زۆرێك لەگەلان.

ئەگەر سەیری مەودای فراوانی گرنگیدان بەئاسایش بکەین دەبینین هیچ بەشێك یان چالاکییەك لەدەوڵەت نەماوە کەئەمڕۆ هەوڵ نەدات بۆ پێکهێنانی چەمکی ئاسایشی تایبەت بەخۆی، بەڵکو دەزگای ئاسایشی تایبەتمەند بەکاروبارەکانی و درکپێکردنی هەمووان بەگرنگی ئەرکی ئاسایشی. ئەو وەزیفە یان چالاکییانە ئەمانەن:

1- گوزارشتە لەداڕشتنی هەموو پێداویستییەکانی کۆمەڵگە لە هەموو لایەنەکانی ژیان، بەو مانایەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ مەساس بە بەرژەوەندی کۆمەڵ دەکات، بەڵکو لەخودیدا بەرژەوەندی کۆمەڵە، یان ئەگەر گوزارشتێکی زانستیمان ویست ئەوا بریتیە لە بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان تاکەکان ئەوانەی ئەو کۆمەڵانە پێکدەهێنن.

2- ئەو وەزیفانەو ئەوەی بەجێی دەگەیەنێت لەچالاکییەکان هەمووی، رووکاری مادی رەفتاری وەزیفی دەسەلاتە، وەزیفەکان و دەسەلات شتێکە ناشێ جیاوازی لەنێوانیان بکەین.

لەبەرئەوە مەبەست و ئامانج و گرنگییەکانی بۆدەوڵەت و بۆ تاك روون بۆوە، زەرورەتی هێنانەدی ئەم ئامانج و مەبەستانە بە ووردی و کردەیی دەخوازێ کە دەزگای ئاسایشی تایبەت بەئەرکی ئاسایشی بەتوانا و لێهاتوو بێت، لە بەجێگەیاندن و وەلائیدا یارمەتیدەرێکی راستگۆ بێت، و (گوزارشتێکی راستگۆو بێگەرد بێت لەسروشتی کۆمەڵگەکەی، بەو ئیعتیبارەی گوزارشتی راستەقینەیە لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵ).

## بەشی سێیەم: چوارچێوەکانی ئاسایشی دەوڵەت

سێ چوارچێوەی ئاسایشی هەیە وەکو دیوار چواردەوری دەوڵەتی داوە کە ناشێ ئاسایشێکی کامڵ بوو بۆ دەوڵەت بەدەستبهێنرێت مەگەر بەکامڵبوونی ئەم سێ چوارچێوە ئاسایشییەی کە ئامانجی هەموویان هێنانەدی ئاسایشی دەوڵەتە لەبوارەکانی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی.

بەبڕوای من گرنگترینی ئەم چوارچێوانە چوارچێوەی ئاسایشییە کە تایبەتە بە ئاسایشی ئاسایشی دەوڵەت لە هەموو لایەنەکانی ناوەوەو دەرەوە، پاشان چوارچێوەی ئاسایشی هەرێمی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

لەهەرسێ بەند باس لەهەریەك لەم جۆرانە دەکەین.

### بەندی یەکەم: ئاسایشی نەتەوەیی

لیوا دکتۆر عمر محمد الطیب وای دەبینێ کە زاراوەی ئاسایشی نەتەوەیی (Security national) بە دیاردەیەکی نوێ دادەنرێت لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی، و لەتایبەتمەندی و مغومات لایەنە کاریگەرەکان تیایدا.ئاسایش نەتەوەیی پەیوەندییەکی تەواوی هەیە بەچەمکی مەبەست و ئامانجە نیشتمانییەکان لەڕووی مانەوەی قەوارەی دەوڵەت و پاراستنی ئەم قەوارەیە. چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لەفیکری رۆژئاوا پشت دەبەستێت بەرەهەندە ستراتیژییەکان بۆ ئەرکەکانی دەوڵەت، جا ئەمە پەیوەندی هەبێت بەهێزی سەربازی یان کێبرکێی ستراتیژی نێوان هێزە جیاوازەکان، بەشێوەیەك لێرەدا پێناسەکەی دەگونجێ لەگەڵ پێناسەی قوتابخانەی ستراتیژی کەبەم شێوە پێناسەی دەکات: ((توانایی دەوڵەت یان نەتەوە بۆ پاراستنی ئاسایشەکەی



لەهەڕەشە دەرەکییەکان))، هەروەك هەندێکیتر لەڕوانگەی ئابوورییەوە سەیری پێناسەکەیان کردووە، پێناسەیان کردووە بەوەی کە (غیابی هەڕەشەکردنە بەبێبەشکردنی توند و زۆر لەخۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی).

ئاسایشی نەتەوەیی توانای دەوڵەتە بە گەل و حکوومەت و هەرێمەوە بۆ پاراستن و گەشەپێدانی توانا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر هەموو ئاستەکانی ناوخۆیی و دەرەکی، لە میانەی هەموو شێوازە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان، ئامانجیش لەمە زاڵبوونە بەسەر لایەنە لاوازەکان و پێشخستنی لایەنە بەهێزەکانە، لە چوارچێوەی چەمکێکی نیشتمانی گشتگیر کەهەموو گۆڕانە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ئیعتیبار دەکرێن کەلە چواردەوری دان.

دکتۆر حامد ربیع وایدەبینێ کە کۆنترین زاراوە لەم سێ چوارچێوەی ئاسایش بریتیە لەچوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەیی، مەبەستی لەمە ئەو کۆمەڵە بنچینە جولاوەیە کە لەسەر دەوڵەت پێویستە پارێزگاریان بکات، و لەسەر ئەو دەوڵەتانەی کەمامەڵەیان لەگەڵدا دەکات رەچاوکردنی بسەپێنێ، تاکو بتوانێت جۆرێك لەپاراستنی خودی و هەرێمی بۆخۆی دەستەبەر بکات. بەم مانایە دەبێتە جەوهەری کۆمەڵێك نەریتی نەتەوەیی کەسیاسەتی کردەیی لەسەر دەڕوات بەچەسپاندنی پەیوەندی هەرێمایەتییەکانی، بەشێوەیەك کەهیچ دوژمنێکی چاوەڕوانکراو نەتوانێ هەڵوێستێکی لاواز بقۆزێتەوە کە سروشتی سنووره نەتەوەییەکەی یان هەر ئیعتیباراتێکی ستراتیژی تر دەیسەپێنێ.

فەزڵ و چاکە لەدەرکەوتنی فیکرەی ئاسایشی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ توێژینەوە تایبەتییەکان لەژمارەیەك دەوڵەتی رۆژئاوای، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی تایبەت، کە تەنها دەرکەوتنی فیکرەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و رێکخستن و فەلسەفەکەی پەیوەست بووە پێی، تاوەکو دوایی ببێتە یەکێ لەکۆڵەگە بەهێزەکان کەدەوڵەت پشتی پێ ببەستێت بۆ پاراستنی قەوارەکەی لەهەڕەشە جۆراوجۆرەکان، و ببێتە هۆکارو وەسیلەیەك بۆ هێنانەدی رێکخستن لە

نێوان چالاکییە سیاسی و سەربازییە جۆربەجۆرەکانی دەوڵەت، نموونەی ئەم چەمکە کامڵ بووەی  ئاسایشی نەتەوەیی و چالاکییە ئاسایشییەکان لە فیکری نەتەوەیی ئەمریکی جێگیر نەبووە تاسەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی، لەسەرەتای ئەم جەنگە دەست کرا بە دروستکردنی لیژنەی ڕێکخستنی  سیاسەتەکانی دەوڵەت (The state war, navy co-ordination committee) کە کورتکراوەی (Swcc)، لەدوای ئەمە دەستکرا بەدروستکردنی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی لە ساڵی 1974، بەگوێرەی یاسای ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی (A federal Act 1947) دەرچوو، کە داوای پێکهێنانی ئەم ئەنجوومەنە دەکات وەك ئەنجوومەنێکی ناوەندی نەتەوەیی فیدراڵی بۆ داڕشتنی سیاسەت و ڕێوشوێنە هاوبەشەکانی پەیوەست بەکاروباری بەرگری و ئاسایشی نیشتمانی و سیاسەتی دەرەوە، و خستنەڕووی پرس و راوێژ بۆ سەرۆك لە هەموو کاروبارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکی (C.I.A)و ئەنجوومەنی بەرگری نیشتمانی، سەر بەو ئەنجوومەنەی پێشوون، کە پێکدێت لەسەرۆك وجێگری سەرۆك و وەزیری دەرەوەو بەرگری و سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هاوبەش، زۆرێك لەدەوڵەتان ئەم شێوازەیان پەیڕەو کرد، جا ئەوەی پەیوەندی هەیە بەچەمکەکە یان بەشێوەی ڕێکخستنەکەی ئەنجوومەن، یان لەو ڕووەی کەسەر بەدەسەڵاتە باڵاکانی دەوڵەتە. لەڕووی مێژووییەوە دەرکەوتنی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەئەمەریکا پەیوەستە بەو توێژینەوانەی کە (James Foroestal) دەربارەی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی پەیوەندییەکانی بەلایەنە سەربازی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەنجامی داوە. دەرەنجامی ئەمە دەرکردنی ئەو یاسا فیدراڵییە بوو کە ئاماژەمان پێدا بەدروستکردنی ئەنجوومەنێك لە ساڵی 1947 پاشان ئەو دەقەی لەدەستووری ئەمریکی هاتووە لەسەر پەیوەندی نێوان ئاسایش و بەرگری، لە پێشەکی دەستووری نوێدا هاتووە (بەرگری نەتەوەیی لەپێناوی هێنانەدی ئاسایشە).



ئەگەر باسمان لە چوارچێوەکانی ئاسایشی دەوڵەت کرد ئەوا دەبینین یەکەم چوارچێوە لە چوارچێوەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەییە، بە هەردوو بەشەکەی، بەشی سیاسی گشتی بەو ئیعتیبارەی کە ئەو دەزگایەیە کە پاراستنی ئاسایشی دەوڵەت دەگرتە ئەستۆ لەناوەوە ئەمەش بەخۆ پاراستن لە هەڕەشە ناوخۆییەکان کە زۆربەی جار ئەم هەڕەشانە لە دەرەوە پاڵپشتی دەکرێت بەفاکتەر و هێزە دەرەکییەکان. ئەم هەڕەشانەش زۆر و جۆراوجۆرن کە دەستپێدەکات لە شێوەکانی چالاکی ڕووخێنەر بۆ جارسکردنی ئاسایشی گشتی، لە تیران و ئێران بۆ تاوانەکانی وشە و را. هەرچەند هەوڵمان داوە ئەو ئەرك و مەترسییانە بژمێرین کە ڕووبەڕووی دەزگای ئاسایشی ناوخۆ لە دەوڵەت دەبێتەوە لە سایەی ئەو چەمکە ئاسایشییەی هەنووکە باوە.

دەبینین ئاست و ڕووداوی گەورە لەپێشماندایە کەلەسەر ئەم دەزگایە پێویستە کەشەوو ڕۆژ بەبەردەوامی لەچالاکیدا بێت.

سروشتی کارو چالاکی دەزگاکانی ئاسایشی گشتی و دەزگا یارمەتیدەرەکانی تا سەردەمێکی نزیك زانراوو بەرتەسك بوو لەهەیکەل و چەند ئەرکێکی دیاریکراو، بۆ نموونە وەك وەزیفەکان و ئەرکە بنەڕەتییەکان بۆ کاری ئاسایشی لە چوارچێوەی سیستەمی گشتی، یان لە لایەنی ئاسایشی سیاسی لەبەشە ناوخۆییەکەی.

بەڵام هەنوکە هەڵوێستەکە جیاوازە، پاش دەرکەوتنی چەمکی ئاسایشی گشتگیر کەچەندین بەرپرسیاریەتی نوێی زیاد کرد بۆ دەزگاکانی ئاسایش بەگشتی و دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ بەتایبەتی، نەك تەنها لەبواری ئاسایشی گشتی، بەڵکو لە هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و خۆراك و چارەسەرکردن و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕ و...هتد. هەتا خودی زاراوەی ئاسایش فراوان بوو لەدەوڵەت، ئێستا گوێ بیستی ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی گەشت و گوزارو ئاسایشی پەروەردەیی، و ئاسایشی ژینگە و چەندین زاراوەی تر دەبین.

پێویسته لەسەر دەزگای ئاسایشی ناوخۆ بەهەموو ئەمانە هەڵبستێ. وەڵامی داواکاری زۆرێك لەیەکەکانی دەوڵەت بداتەوە کە ئارەزووی دروستکردنی دەزگای ئاسایشی تایبەتمەند دەکەن، بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی ئاسایش و کۆنترۆڵکردن بۆ بەرژەوەندی ئەم دەزگایانە، و بەرژەوەندی گشتی دەوڵەت. هەروەك دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ وای لێهاتووە کە بەشداری دەکات لە زۆرێك کارە خزمەتگوزاری گرنگەکان وەك فریاکەوتن و کاری رزگارکردن لە ووشکانی و رووبارەکان و راهێنانەکانی پاراستنی کەسێتی، لەتەك ئەرکەکەی لەهێنانەدی ئاسایشی سیاسی لەڕێگەی لقە تایبەتمەندەکانی لەم لایەنە، و لەمیانەی ئەو چالاکیانەی کە تەواوکەری چالاکی دەزگا ئاسایشییەکانی ترە. بەشێوەیەك کە هەموو ئەم چالاکیانە ئاکامی پێویست بەدیدەهێن کە ئەویش پاراستنی قەوارەی دەوڵەت و سەلامەت خاکەکەی، و پاراستنی سیستەمی حوکمە تیایدا کە گەل پێی رازییە هەروەها پاراستنی سیمبوڵەکانی، و بەجێگەیاندنی رۆڵە ئاسایشییەکەیەتی لە پاراستنی تواناکانی نەتەوە و دامەزراوە و بەرژەوەندییە زیندووەکانی.

## بەندی دووەم: ئاسایشی هەرێمی

دەوڵەت قەوارەیەکی زینـدووی کاریگـەرە لەکۆمـەڵی مرۆڤایـەتی، کارلێـك دەکات لەگەڵ سیستەم و دەوڵەتان وەك ئەندامێکی سیـستەمی نێودەوڵـەتی کـە شـەپۆڵ بـەبزاوت و ژیـان دەدات، ململانـێ و ئـارەزوو و تـەماحی سیاسـی و ئایدۆلۆژی و سەربازییەکان تیایدا تونـد دەبێـت، هـەروەك مرۆڤـی تـاك هـەوڵی هێنانەدی خودو ئاسایش و دڵنیایی دەدات لەژیانیدا، هەروەها دەوڵەتیش بەڕۆڵی خـۆی هـەوڵ دەدات بـۆ هێنانـەدی ئاسـایش و سـەقامگیری و داکـۆکیکردن لەقەوارەکەی و پاراستنی تواناکان و سەروەری و سەربەخۆیی.

ئەگەر دەوڵەت تواناداره لەهێنانەدی ئاسایشی خۆی لەبواری ناوخۆ، ئەوا لـە هەموو حاڵەتێکدا توانای نییە لەبەرگریکردنی ئاسایشی خۆی لەهـەردوو بـواری هەرێمی و جیهانی بەبێ هاریکـاری لەگـەڵ دەوڵـەتانی هاوسـێی جـوگرافی یـان کۆمەکخواستن بەهێزی تر بۆ پاڵپشتیکردنی لەم بوارەدا، لەبەرئـەوە چوارچـێوەی هەرێمی ئاسایش کاریگەری هەیە لەسەر ڕێرەوی کاروبارەکان تیایدا، نـەك تـەنها لەدەرەوە بەڵکو لەناوخۆشدا کاریگەری هەیە، جا ئەوەی لەدەوڵـەتانی دراوسـێ و هەرێمی ڕوودەدات لە پەشێوی و شڵەژانی بە ئیجابی یان سلبی کاریگەری لەسەر دەوڵەتەکە هەیە.

لێرەدا گرنگـی چـەمکی ئاسایـشی هـەرێمی و زەرووره‌تـی بـۆ پڕکردنـەوەی پێداویـستییەکانی دەوڵـەت بـۆ ئاسـایش لـەم بـوارەدا دەردەکـەوێت، هـەروەها گوزارشت بکات لە سیاسەتی کۆمەڵی دەوڵەت کە لەیەك هەرێمی جـوگرافی بـن کەلەمیانەیـدا هـەوڵ دەدات بـۆ ڕێکخـستنی هاریکـاری ئاسایـشی و سـەربازی لـەنێوانیان دا، بـۆ بـەرگریکردن لەقـەوارەو ئاسـایش و سـەقامگیرییەکەی، و بەرەنگاربوونەوەی هەر هێزێکی بیانی یان دەرەکی بۆ ئەوەی قەدەغەی بکات لـە دەست تێوەردانی لە کاروبارەکانی.



ئەم ئاستەی چوارچێوەکانی ئاسایشی نەتەوەیی واتا ئاستی هـەرێمی کـە بـە فرەیی لایەنەکانی کە پێکدێت لەدەوڵەتی تایبەتمەند و دەوڵەتانی هاوسێ سیفەتی نێودەوڵـەتی وەردەگرێـت، پەیماننامـەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بەرپرسـیاریەتی پاراستنی ئاسایشی لەم چوارچـێوەدا کردووەتـە بەرپرسـیاریەتێکی هاوبـەش لـە نێوان دەوڵەتانی هەرێم و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە لـە ئەنجوومـەنی ئاسایـشی نێودەوڵەتی خۆی دەبینێتەوە.

پەیماننامەکـە بەشـی دووەمـی تایبـەت کـردووە بـە بابـەتی ڕێکخـستنە هەرێمایەتیـەکان کـە دەسـتەبەری لەئەسـتۆ گرتنـی بەرپرسـیاریەتی پاراسـتنی ئاسـایش و ئاشـتی نێودەوڵـەتی کـردووە، لـەدەقی مـادەی (52)هـاتووە لەپەیماننامەکەدا نییە کە ڕێگری هەبێت بۆ هەڵسانی ڕێکخراوەکان یان ئاژانـسە هەرێمییەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کاروبارانەی پەیوەستن بەپاراسـتنی ئاشـتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی کەبتوانێ کاری ئاسایشی هەرێمی چاك و، گونجـاو بکـات، مادام ئەم ڕێکخستنانە یان ئاژانسە هەرێمایەتییەکان و چـالاکیەکانیان لەگـەڵ مەبەست و پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان گونجاوە.

پەیماننامەکە لەمادەی دووەمی ئەم بەشـە بەمـەرجی دانـاوە کـە نـابێ ئـەم مادەو ئـەوەی لـەدوای دێـت لـەمادەکانی دەسـەڵاتەکانی ئەنجوومـەنی ئاسـایش کەلەهـەردوو مـادەی (34) و (35) دا هـاتووەو تایبەتـە بـە چارەسـەرکردنی ناکۆکییەکان بەڕێگەی ئاشتیانەو هەروەها دەسـەڵاتەکانی ئەنجوومـەنی ئاسـایش لەپشکنینی هەر ناکۆکییەك یان هەڵوێستێك کە ببێتەهۆی بەریەککـەوتنی یـان ناکۆکییەت ورووژێنێ، لە جێبەجێکردن پەك بخرێت، بۆئـەوەی بڕیـار بـدات ئایـا بەردەوامبوونی ئـەم ناکۆکییـە یـان هەڵوێـستە پاراسـتنی ئاشـتی و ئاسایـشی نێودەوڵەتی دەخاتە مەترسییەوە. هەروەك لە دەقـی مـادەی (53)دا هـاتووە کـە ئەنجوومەنی ئاسایش ئەو ڕێکخـستن و ئاژانـسە هەرێمایەتییانـە لەسـەرکوتکردن بەکاردەهێنێ هەرکاتێ وایبینی کە ئەمە گونجاوە، لـەم کاتـەدا کارەکـەی لـەژێر چاودێری و سەرپەرشتی ئەنجوومەنەکە دەبێت، بەڵام بۆ ڕێکخـستن و ئاژانـسەکان

نییە بەپێی ناوەڕۆکەکانیان یان لەسەر دەستیان هیچ کارێکی سەرکوتکاری بکرێت بەبێ وەرگرتنی رەزامەندی لەئەنجوومەن، ئەوەی لەدەقی مادەی (107)دا هاتووە هەڵاوێرد دەکرێ کەئەویش ئەو رێوشوێنانەیە کەئامانجی قەدەغەکردنی نوێبوونەوەی سیاسەتی دەستدرێژیکردنە لەلایەن یەکێ لەم دەوڵەتانە. ئەمەش تا ئەوکاتە دێت کەدەستەکە پەیمان دەدات لەسەر داواکاری ئەو حکوومەتانەی بەرپرسیارییەتیان هەیە بۆ رەددانەوەی ئەم دەستدرێژییە و قەدەغەکردنی هەموو دەستدرێژییەکی تر لەلایەن هەر دەوڵەتێك لەم دەوڵەتانە.

نموونەی زۆر هەیە بۆ حاڵەتەکانی هاوپەیمانی و بەڵێننامە و رێکخستن لەپێناوی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی جا هاوپەیمانییە هەرێمایەتیەکان بێت بۆ ئەم مەبەستە یان رێکخستنە هەرێمایەتیەکان بێت کە لە دەقی پەیماننامە و سیستەمە بنەڕەتیەکاندا هاتووە. وەك پەیماننامەی بەرگری هاوبەش لە چوارچێوەی کۆمکاری عەرەبی، و ئەو هاوپەیمانییەتانەی لەسەردەمێکدا باوبوون، وەك هاوپەیمانێتی بەغدا و هاوپەیمانێتی باشووری رۆژئاوای ئاسیا، هەروەك ئەو رێکخراو و یەکێتییە نێودەوڵەتییانەی ئێستا هەن وەك بازاڕی هاوبەشی ئەوروپی کە ئێستا خێرایی دەکەن لە پێکهێنانی یەکبوونی ئەوروپی، دوا شێوەی هاریکاری ئەوروپی لەلایەن کۆمەڵەی ئەوروپی، لەبوارەکانی ئاسایش، دروستکردنی رێکخراوی پۆلیسی تاوانی ئەوروپییە لە ساڵی (1992) کە تایبەتمەندە بەکاروباری ئاسایشی تاوان و قەدەغەکردن و نەهێشتنی تاوانە لەسەر ئاستی ئەو دەوڵەتە ئەوروپییانەی بەشدارن لەیەکێتی ئەوروپا.

## بەندی سێیەم: ئاسایشی بەکۆمەڵی نێودەوڵەتی

ئاستی سێیەم لەئاستەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئاسایشی بەکۆمەڵی نێودەوڵەتی لەمادەی یەکەمی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە کەیەکەم مەبەست لەمەبەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتییە، دەستەی ڕێوشوێنی هاوبەشی کاریگەر بگرێتەبەر بۆ قەدەغەکردنی ئەو هۆکارانەی هەڕەشە لەئاشتی دەکات و لەناوی دەبات، و سەرکوتی کارە دەستدرێژییەکان دەکات، هەروەها سەرکوتی شێوەکانیتری تێکدانی ئاسایش دەکات، و بە هۆکار و وەسیلەی ئاشتیانە پاسا و دەهێنێتەوە، بەگوێرەی پرەنسیپەکانی دادو یاسای نێودەوڵەتی، بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان کە دەبێتەهۆی تێکدانی ئاشتی یان چارەسەرکردنی، ئەرکی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر لەیەکەم ڕۆژییەوە ئەرکی ئاسایشی بووە و ئەرکی یەکەمی کۆتایی هێنانە بە ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان و وەستاندنی هەموو شێوەکانی جەنگ و کوشتار، پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتییە بە هەموو شێوەکانی، بۆ چەسپاندنی ئەم ئامانجە، نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکخراوێکی لاوەکی دروست کرد کە سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکانە ئەویش ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە، لە مادەی (34)ی بەشی شەشەمدا هاتووە ((کە بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش هەیە لەهەر ناکۆکییەك یان هەڵوێستێك بکۆڵێتەوە کە ببێتەهۆی بەریەککەوتنی نێودەوڵەتی، یان ناکۆکییەك ورووژێنێ کە ڕەنگە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بخاتە مەترسییەوە)) هەروەها لەبەشی حەوتەم دا هاتووە کە بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش هەیە پاش بەکارهێنان و تەواوبوونی هەموو هۆکارو وەسیلەکان بۆکۆتایی پێهێنانی ناکۆکی وەك ناوبژیوانیکردن و میانەگیری و...هتد

ئەوەی وایدەبینێ کەگونجاوە بیگرێتەبەر وەك سزای ئابووری یان ڕێوشوێنی سەربازی، بۆجێبەجێکردنی بڕیارەکانی، و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی



نێودەوڵەتی. ئاسایشی بەکۆمەڵ یان ئاسایشی بەکۆمەڵی نێودەوڵەتی ئامانجەکەی لەپلەی یەکەمدا چەسپاندنی حاڵەتی سەقامگیرییە کە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی بۆ بدات بەهەموو هۆکار و وەسیلەکان لەڕێگەی ئەو ڕێکخراوە (نەتەوە یەکگرتووەکان)ی کە بۆ ئەم مەبەستە دروستیکردووە، و لەڕێگەی دەزگا یارمەتیدەرەکانی، وەك ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، و دادگای دادی نێودەوڵەتی و ڕێکخراو و لیژنە تایبەتمەندەکانیتر.

لەو ئاستەی کۆمەڵی نێودەوڵەتی تێبینی دەکرێ کە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی 1945 پەیوەندییە ئاسایشییەکانی لەم ئاستەدا کردووەتە پسپۆری ڕاستەوخۆی دەوڵەت یان کۆمەڵێك دەوڵەت، و لەسەر ئەنجوومەنی ئاسایشی پاوان کردووە، دەسەڵات و سەلاحیاتی پێویستی پێداوە بۆئەوەی بتوانێت لەسەر شتێکی پێویست بگرێتەبەر لەحاڵەتەکانی هەڕەشەکردن لەئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی، یان تێکدانیان، یان دەست درێژییەك بکرێت، بەو ئیعتیبارەی کەئەم سێ حاڵەتە بەتەنها مەساس بەئاسایشی دەوڵەت ناکات بە ئەندازەی ئەوەی مەساس بەئاسایشی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات بەگشتی.

پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسایشی بەکۆمەڵی کردووەتە چوارچێوەو ئامانجێك بۆ هێنانەدی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئەم سیستەمەی لەسەر دوو کۆڵەگەی بنەڕەتی دامەزراندووە.

1- قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێز لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بێجگە لەحاڵەتەکانی بەرگریکردن لەخۆی.

2- کاردانەوەی بەکۆمەڵ کە نەتەوە یەکگرتووەکان پێی هەڵدەستێ لەم حاڵەتانە ئەویش بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی بەکۆمەڵ یان کۆمەڵێك ڕێوشوێن کە ئەنجوومەنی ئاسایش بەگونجاوی دەبینێ لەحاڵەتەکانی پێشێلکردن یان هەڕەشەکردن لەئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

بەڵام غیابی هێزە نێودەوڵەتییەکان لەلایەك، و خراپ بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ کەبەخشراوە بەدەوڵەتە گەورەکانی ئەندامی هەمیشەیین لەئەنجومەنی

ئاسایش لەلایەکی ترەوە، بووەتە هۆی بێتوانایی ئاسایشی بەکۆمەڵ لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتییەکانی بۆ ماوەیەکی درێژ، ئەمەش پاڵی بەهەندێ دەوڵەتەوە نا کە بەدوای رێگایتردا بگەڕێن بۆ هێنانەدی مەبەستەکانی لەئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

دەرککردن بەحاڵەتی بێتوانایی ئەنجومەنی ئاسایش لەچارەسەرکردنی چەندین کێشەی هاوچەرخی جیهان وەك فەڵەستین و زەوییە داگیرکراوە عەرەبییەکان و سۆماڵ، و کێشەکانی کیشوەری ئەفریقا لەئەس بوبیاو ئەریسریاو جیبوتی، دەرککردن بەم بێتوانابیە کەلەپێشوودا کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی دەرکرد (یەکێتی لەپێناو ئاشتی) کە بەگوێرەی ئەمە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە هاوبەشی ئەنجومەنی ئاسایش لە هەموو کێشەکانی پەیوەست بەپاراستنی ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی، ئەمەش بەپرس و راوێژکردن لە نێوان ئەنجومەن و ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام ئەم هەنگاوەش تا رادەیەکی زۆر لەسەر کەسێتی ئەمینداری گشتی و هێزی مەرکەزەکەی دەوەستێت، و نەبێتە یاریەك بەدەست دەوڵەتە گەورەکان و سیاسەتەکانی ئەوان جێبەجێ بکات و ببێتە رێگر لەبەردەم زۆرێك لەپرۆژە ئاسایشییەکان.

لەگەڵ ئەمەشدا نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵ و کۆششەکانیان تەنها لە وەسیلە و رێوشوێنی سزایی لەپاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کورت نەکردۆتەوە، بەڵکو دەرکی بەگرنگی و بایەخی فاکتەرەکانی ئابووری و فاکتەرەکانی گەشەپێدان و هاوکاری ئابووری نێودەوڵەتی کردووە لەبەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاسایش، لەڕێگەی دامەزراوە تایبەتمەندەکانی هەوڵ دەدات بۆ دروستکردنی سیستەمێکی ئابووری نێودەوڵەتی کە هەڵسێ بە چارەسەرکردنی گرفتەکانی گەشەپێدان، و بڵاوکردنەوەی دادپەروەری و یەکسانی لە نێوان دەوڵەتان.

بەڵام ئەوەی لەکۆتاییدا دەمێنێتەوە گرنگی و بایەخی کاری بەرەنگاری و کاریگەرە بۆ بەرپەچدانەوەی دەستدرێژی و وەستاندنی توندوتیژی و شەڕ بەرقەرارکردن و بڵاوکردنەوەی ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی، و وەستاندنی خوێن



رشتنە لەزۆر ناوچەی جیهان کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاستیدا بێتوانایە، ئەم کارە کاریگەرە ئیعتیبار بۆ رێکخراوی نێودەوڵەتی دەگێڕێتەوە، تاوەکو نەبێتە نموونەیەکیتر لەپاشماوەکانی جەنگی ساردو داگیرکردنی توانا و سامانداریێتی لەلایەن دەوڵەتە گەورەکان، و دەوڵەتێکی بەهێز بەتەنها (سیستەمی نوێ) بەڕێوەببات، بەگوێرەی ئارەزوو، و حساباتە تایبەتییەکانی.

## فەسلی دووەم: کاریگەری شێوەی سیاسی لەسەر ئاسایشی دەوڵەت

### ڕێخۆشکردن

ئەمرۆ لەو چەمکانەی لەبواری ئاسایشدا باوە چەمکی ئاسایشی گشتگیرە، ئەو چەمکەی ئێستا قسە و باسی زۆر دەربارە دەکرێت، کاتێ باس لە ڕێکخستنی چالاکیەکانی ئاسایش دەکرێت لە دەوڵەت دا، ئەو چەمکە ئێستا جۆرێك لە حەماسەتی پێوە دیارە، هەروەك کە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی ئەم حەماسەتەی هەبوو کاتێك کە بەردەوام دروست دەبێت لە دایکبووی پاش جەنگی دووەمی جیهانییە چەمکی ئاسایشی گشتگیر لەبوارە ئاسایشییەکەیدا چەندین مانا دەگەیەنێت، چەمکێکی زیندووە کەشفی پێداویستی زیاد و بەردەوام دەکات بۆ خزمەتگوزارییەکانی ئاسایش لە هەموو ڕووە جیاوازەکانی ژیانی هاوچەرخ بە هۆی فراوانبوونی مەودای چالاکییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، تێکئالانی پەیوەندییەکانی دەوڵەت کەرتەکانی تر، بەڵکو تێکئالانی لەگەڵ گروپەکانی تری دەرەوەی سنوورە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکەی.

مەبەست لە پلەی یەکەمدا لەم چەمکە پاراستنی بنەماو ئەو کۆڵەگانەیە کە دەوڵەتی لەسەر بەرپا دەکرێ ئەو کۆلەگانەی کە ئاسایش و سەقامگیری و بەیەکەوە بەستراوەی دەپارێزێت، دەستەبەری توانایی دەکات لەسەر هێنانەدی ئەندازەیەکی تەواو لە هێز و چەسپاوی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە کە تەنها لەبواری ئاسایش و سەلامەتی گشتی و کۆنترۆڵکردن و سیستەمی گشتی بەرتەسك نەبۆتەوە، بەڵکو بۆ لایەنە جیاوازەکانی ژیانی بیروباوەری و سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابووری و خواردەمەنی و چارەسەری درێژبۆتەوە کە مەودای فراوانبوونی وەزیفەی دەوڵەت، دەوڵەت تەنها وەك پاسەوان و فەرمانکار و



قەدەغەکار نەما، بەڵکو مەوداکەی فراوان بوو بە گوێرەی فراوانبوونی ئەو کۆڵەگانەی کە دەوڵەتی لەسەر بەرپاکراوە، ئەمەش وای لێ دەکات کە بتوانێت بەرپرسیاریەتییەکەی لە ئەستۆ بگرێ جا لەبواری ناوخۆ بێت بەرامبەر هاوڵاتیەکانی، یان بەرامبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە ئەندامە تیایدا.

هەروەك چەمکی ئاسایش پەرەیسەند بۆ ئەوەی ببێتە نەتەوەیی بەهەر سێ ئاستەکانی و چوارچێوە جۆربەجۆرەکانی وگشتگیر بێت بەم چەمکە، کۆمەڵایەتی و ئابوورییە فراوانەکانی، ئەوا خودی چەمکی دەوڵەت پەرەی سەند جا لە شێوە گشتییەکەی بێت لە ڕووی سیستەمی دەستووری و پێکهاتەی یاسایی، یان لە ڕووی دەسەڵات و جۆری حوکم بێت، ئەمە هەموو شوێنەوارە دیارەکانی بەجێهێشت لەسەر جۆری ڕێکخستنی ئاسایش و دەزگاو ڕێرەوەکانی و فراوانبوونی مەودای یان بەرتەسکبوونەوەی، بەگوێرەی جۆری حوکم و دەسەڵات لەم دەوڵەتە یان ئەو دەوڵەت.

ئەمانە لەم بەشەدا باسدەکەین، لە بەشی یەکەمدا تیشك دەخەینە سەر شوێنەواری ئاسایشی شێوەی دەوڵەت لە ڕووی دەسەڵات و جۆری حوکم پاشان لەبەشی دووەمدا باس لەشوێنەواری ئاسایشی کە دەوڵەت بەرهەمی دێنێ لە ڕووی شێوەی سیاسی و لە ڕووی پێکهاتەیەوە دەکەین.

لە بەندی یەکەمدا باس لە شوێنەواری ئەمە دەکەین لە دەوڵەتی یەکگرتوو، پاشان باسی ئەو شوێنەوارە دەکەین لە دەوڵەتی لێکدراو لەسەر هەمان شێوەی ئەوەی کە لە بەندی دووەم ئەم بەشەدا باس دەکەین .

## بەشی یەکەم: کاریگەری ئاسایشی شێوەی دەوڵەت

### لە رووی دەسەڵات و جۆری حوکم

شێوەکانی ئاسایش و رێکخستنەکانی جیاواز دەبێت بەجیاوازی شێوەکانی حوکم لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر، بەگوێرەی جۆری دەسەڵات و حوکمەکەی و بەگوێرەی چەمك و سەرچاوەکانی ئەم دەسەڵاتە، هەروەك رووبەری ئاسایش تیایدا بەرفراوانە یان بەرتەسکە، بەگوێرەی جۆری ئەو سیستەمە حوکمی کاروبارەکان دەگرێتە دەست، بەگوێرەی ئەوەی کە دەسەڵاتەکانی رەهایە یان سنووردارە، هۆشیار و ژیرە یان زۆردارە، ئارەزوو و مەبەست و زۆرداری دەیجولێنێت یان یاسا دەستوور حوکمی دەکات، بۆیە ئەم کاریگەرییانە جیاواز دەبێت بەنیسبەت تاك، بەمەش هەروەك لەکۆتاییدا باجێکی مەزن دەدات لەمافە بنەڕەتی و ئازادییە سیاسی و کەسێتییەکەی لە بەرامبەر رەوش و حوکمەکانی ئەم سیستەمە یان ئەو سیستەمە لەم بەشەدا باس لەو کاریگەرییانە دەکەین کە شێوەی دەسەڵات بەجێدەهێلێت لە دەوڵەتدا لەسەر جۆری حوکم و رێرەوی ئاسایشییەکەی، لە بەندی یەکەمدا باس لە چەمکی دەسەڵات دەکەین، لە بەندی دووەمدا باس لە شێوەکانی دەوڵەت دەکەین، لە بەندی سێیەمدا باس لە شوێنەواری دەسەڵاتی ئاسایشی دەکەین.

#### بەندی یەکەم: چەمکی دەسەڵات

دەسەڵاتی دەوڵەت شێوەی کاریگەری تواناکانییەتی بۆ پڕکردنەوەی داواکارییە کاریگەرەکان کە لەسەر ئەستۆیەتی.

بۆ نموونە هاوڵاتیانی دەوڵەت ئارەزووی پاراستنی خۆیان و ماڵ ومولّکیان دەکەن، لەم کاتەدا دەوڵەت فەرمانە یاساییەکان دەردەکات بۆ پڕکردنەوەی ئەم



ئارەزووە بەمەش فەرمانە یاساییەکان وەك گوزارشتێکی ئیجابی وایە دەربارەی ئەو داواکارییەکەی کە هەیە. کە لەگەڵ ئارەزووی ئەوانە دەروات کە دەزانن چۆن هەست بەمەرکەزی هێزی سیاسی یاساکانی هەر دەوڵەتێك دەکەن، کەواتە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم ئارەزووانە. مەودای سەڵاحیاتی دەوەستێت لەسەر مەودای سەرکەوتنی لەم وەڵامانە ئەمە بەسروشتی خۆی لەلایەنی روانین بۆ دەوڵەت بەو وەسفەی سیستەمێکی یاساییە بە تەنیا بە چاوپۆشی لەو رێگایەی کە سیستەمەکەی لەسەر دروست بووە و ئەو مەبەستانەی کە خزمەتی دەکات، دەوڵەت دەسەڵاتەکانی بەکاردەهێنێت بۆ هێنانەدی چەند مەبەستێکی دیاریکراو ئامانجی ئەو کەسانەیە کە مومارەسەی مافی یاسایی لە دەسەڵات دەکەن.

کاتێ دەوڵەت هەیە کە دەسەڵات هەیە، چەمکی دەسەڵات و دەوڵەت پەیوەستن بەیەکەوە، دەوڵەت خاوەنی دەسەڵات و سەروەرییە، پەیوەستبوونی نێوان فیکرەی دەسەڵات و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کۆنە بەکۆنی پەیوەستبوونی کۆمەڵ و یاسا ئەم پەیوەستبوونەیە کە گۆتەی لاتینی باو گوزارشتی لێکردووە (ubi societas ibi jus  ubi jus ibi socetas) یاسا و کۆمەڵگە و دەوڵەت دەسەڵات، لەسەر بنەمایەکی هاوبەش و پەیوەستبوونی نێوان هەردووکیان بنیاتدەنرێت.

دیارترین تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت ئەوەیە کە راستەوخۆ حوکمی گەل دەکات، بەڵکو حوکمی هەموو ئەوانە دەکات کە لەسەر هەرێمە سیاسییەکەی دان لەکەسەکان و شتەکان، چەمکی دەسەڵات ماناکەی فراوانتر دەبێت کە سەروەری دەوڵەتە ئەوەیش دەسەڵاتە سیاسیەکەیەتی لە هەرمێکی دیاری کراو، دەسەڵاتەکانی هەموو کەس و شتەکانی دەگرێتەوە کە لەسەر ئەم هەرێمە دان، ئەمە دەسەڵاتی باڵایە ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی مرۆڤایەتی تر نابێ.

دەوڵەت سیستەمێکی یاسایی و سیاسییە وەلائی بۆ دەسەڵاتی فەرمانڕەوای خاوەن سەروەرییە بەسەر هەرێمی دەوڵەت، وگەلی ئەم هەرێمە، راوبۆچوونەکان جۆراوجۆر دەبن دەربارەی چەمکی دەسەڵات هەر راوبۆچوونێك لەمانە هەلقولاوی

ئـەم چـەمکە ئایـدۆلۆژی و سیاسـییەی فیکـرەی دەسـەڵات و دەوڵەتـە لـەلای بانگەشەکارانی ئەم مەزهەبە یان ئەو مەزهەبە، ئەمـەش دەبێتـەهۆی جیـاوازی مەزهەبـەکان و راوبوچـوونەکان دەربـارەی بنـچینە و سەرچـاوەکانی دەسـەڵاتی سیاسی لەدەوڵەت. هەندێ لە زانایان هەن چەمکی دەسەڵاتی سیاسیان کردووەتـە بنەمایەك بۆ هەڵـسەنگاندن و توێژینـەوەی دەوڵـەت و سیـستەمە سیاسـییەکەی بەگشتی، لەنێو ئەمانە قوتابخانەی واقیعـەت لـە زانـستی سیاسـەت کـە (هـانز مورجنتاو) سەرکردایەتی دەکات و دەسەڵاتی پێناسەکردووە بەوەی کۆنترۆڵکردنی عەقڵ و کردارەکانی مرۆڤێکی ترە بەو ئیعتباری کە هێـزی دەسـەڵات (power) لە پلەی یەکەمدا پەیوەندی دەروونییە لە نێوان هـەردوو عـەقڵ کـە لەنێوانیانـدا پەیوەندی هەیە لە هاوئاهـەنگی و فیکـر، بەپێـچەوانەی ئـەو هێـزە سـەربازییە تونـدەی کـە شکـستخواردوو و لاوازە، کـە پەیوەندییەکـەی زیـاتر نییـە لەپەیوەندییـەکی مـاددی نێـوان دووجەسـتە، چـەمکی دەسـەڵات لـە کۆمـەڵی مرۆڤایەتی لەلای (مور جنتـاو) لـەم پەیوەندەییـە و هاوئاهـەنگی فیکـری ئـەو کاریگەرییـە رۆحـی و عـەقڵی و ماددییـە هەڵـدەقوڵی کـە کەسـێك هەیـەتی و مومارەسەی دەکات لەسەر کەسێکی تر، کـە (مـور جنتـاو) بـە دەسـەڵاتی بـالا دەستنیـشانیکردووە، کـە دەسـەڵاتێکە مـرۆڤ لـە چوارچـێوە کۆمەڵایەتییەکـەی پێویستی پێیەتی، واتا دەسەڵاتی سیاسی (politcial power). کە لە بنچینەیدا رووکارێك لەرووکارەکانی سیستەمی سیاسی وەردەگرێت کـە باشـترین شـێوە لـە رێکخستنی هاوچەرخانەی کۆمەڵگەی سیاسی وەردەگرێت کە دەوڵەتە.

ئەو دەسەڵاتەی کە لێرەدا ئاماژەی بۆ دەکات لەحاڵەتی دەوڵەتدا، ئـەو دەسـەڵاتە قبولکراوەیە لەلایەن ئەو لایەنانەی کە ملکەچن بۆی، کە ئێستا پێ دەڵـێن دەسـەڵاتی شەرعی کە روکنێکی سەرەکییە لەروکنەکانی دەوڵەت. هەرچەندە ئەمە رەتـی بـوونی دەسەڵاتێکی فەرمانڕەوای کردەیی ناکاتەوە کە پشت دەبەستێت بە دیفاکتۆ یان پاڵنەرە



شەرعییە شۆرشگێری و پاساوەکانی تر (مور جنتاو) وایـدەبینێ کـە سیاسـەت تـەنها ململانێیە لەسەر دەسەڵات، دەسەڵات ئامانجی ئێستاو فەورییە جا ئامانجە دوورەکـانی هەرچییەك بێت کە هەوڵی بۆ دەدا لە کۆتاییدا وەك ئازادی، ئاسایش و گەشەسەندن.

هەروەك د.طعیمـة الجـرف دەڵـێ: ((هـیچ چـەمکێك وەك بابـەتی دەسـەڵات ئەوەندە ئاڵۆز جێگای مشتومڕ نییە بۆ موناقشە)).

هەروەها (دوندییو دڤایر) باس لەپەیوەستبوونی نێـوان دەسـەڵات و دەوڵـەت دەکات، ووشەی دەوڵەت لە سەرەتاوە فیکرەی دەسەڵات دەورووژێنێـت دەسـەڵاتی کاریگەر و پارێزراو و رێکخراو، بەوئیعتباری کە دەوڵەت جۆرێکە لەرێکخـستنی کۆمەڵایەتی کـە دەسـتەبەری ئاسایـشی، ئاسایـشی هاولاتیـەکانی دەکـات دژی فیکرە دەرەکی و ناوخۆییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەکراوە بەهێزی چەکدار و چەندین دەزگا بۆ زۆری لێکردن و بەرەنگاری هیچ دەوڵەتێك نییە بـەبێ پلەیـەکی بەرزی گونجانی کۆمەڵایەتی و رێکخستنی زنجیرەییە کە رێگا بەحکومـەت دەدەن بـە ئـامرازو دەزگاکـانی کـە گوزارشـت لـە دەسـەڵات دەکـەن بـۆ سـەپاندنی دەسەڵاتەکانی و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی (دوڤایر) دەڵـێ نـاکرێ بەشـێوەیەکی تەواو جیاوازی بکرێت لە نێوان وەزیفـەکانی دەوڵـەت و دەسـەڵاتەکانی هـەروەك نـاکرێ جیـاوازی بکرێـت لـە نێـوان ئـەرك و ووزەکـانی، دەوڵـەت بـەوەی کـە دەسەڵاتێکی کارایە و خاوەن سەروەرییە و بەتوانایە لەسەر ئـەوەی کەهـەر خـۆی خۆی رێکبخات و هیچ پابەندنییە کە ملکـەچ بێـت بـۆ هـیچ دەسـەڵاتێك، ئـەم سەروەرییە لەیەك کاتدا لەهەر دوو بواری ناوخۆیی و دەرەکی دێتـەدی، دەوڵـەت مومارەسەی دەسەڵاتی بالای فەرمانڕەوای دەکـات لـەو ناکۆکیـە بەردەوامانـەی نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکان، رێگـا بـەهیچ دەسـەڵاتێکی تـر نـادات لەلایـەنی ماددی و مەعنەوییەکە بالا دەست بێت لە سەرییەوە.

((ایهرنج)) دەڵێـت نـەمانی دەسـەڵاتی مـاددی هەڵەیـەکی کوشـندەیە بـۆ دەوڵەت، دەوڵەت ناتوانی دەستبەرداری دەسـەڵاتی مـاددی بێـت و کۆمـەڵگـەش

بەرگەی ناگرێت یان دەربارەی لێبوردە نابێت، دەوڵەتێك لەدەسەڵاتی زۆرەملێ ماددی رووتێنرا بێت لەگەڵ خودی خۆیدا ناکۆکە.

((Bertrand Russell)) وای دەبینێ کە دەسەڵاتی زۆرەملێ ماددی بەتەنها بەس نیە، بەڵکو دەبێ پلەیەك هەستکردن بە دەسەڵات، بە یاسا هەبێت، ئەم هەستکردنە، گرنگترین شێوەی کۆمەڵگەی سیاسییە. بەڵام دەربارەی شێوەی تەقلیدییانەی دەسەڵات کە لەسەر زۆرلێکردن و ناچارکردن بەتەنها دامەزراوە، ئەوا ئەم چەمکە بووەتە چەمکێکی زۆر دواکەوتوو لەچەمکە فراوانەکەی دەسەڵات کە ئەمرۆ لەدەوڵەتدا باڵادەستە و لەسەر بنەمای لێکتێگەیشتن و هاوئاهەنگی نێوان تاك و کۆمەڵ دامەزراوە.

ئەگەر زانا (برتراند) وای دەبینێ کە زۆرەملێ ماددی بەتەنها بەس نییە، ئەوا دەسەڵات لای (مور جنتاو) لەسەر هێزە ماددییە هەستپێکراوەکانی دامەزراوە کە دەسەڵاتی راستەوخۆ بەسەر کۆمەڵگەدا هەیە، مەرجی لەیەکگەیشتن و هاوئاهەنگی داناوە لە نێوان کۆمەڵگەو دەسەڵات.

دەسەڵاتی لای (ایهرنج) زۆرەملێ ماددی لەپلەی یەکەمدا دادەنێت، غیابی ئەو هەڵەیە کە چاوپۆشی لێناکرێت.

لە کاتێکدا (رسل Russell) جیاوازی دەکات لە نێوان هێز لە چوارچێوە ماددییە تەقلیدییەکە و نێوان هێز بەچەمکە گشتگیرە فراوانە کە لە دەوڵەتی نوێدا ئەمە پێویستە لەسەر قەناعەت و تێگەیشتن ئەو کەسانەی بێت کەئەم دەسەڵاتەیان لەئەستۆیە تاوەکو بتوانرێت وەك دەسەڵاتێکی سیاسی فەرمانڕەوا دانی پێدا بنرێت.

(د.ثروت بدوی) وایدەبینێت کە لێکۆڵینەوە لە سەرهەڵدانی دەسەڵاتی سیاسی بنەماکانی لەگەڵ بابەتی بنچینەی دەوڵەت تێکەڵ دەبێت، ئەگەر بکرێ جیاوازی بکەین لە نێوان هەردوو حاڵەتدا لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەوەی یەکەم لێکۆڵینەوەیەکی یاساییە ئامانجەکەی دیاریکردنی ئەو بنەمایە کە ملکەچی



میللەتی بۆ فەرمانڕەوایانی لەسەر دادەمەزرێ، لەکاتێکدا ئەوەی دووەم شێوازی لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە ئەگەر بکرێ جیاوازی بکرێت لەنێوانیاندا لەلایەنی تیۆرییەوە ئەوا لە لایەنی زانستیەوە هێنانەدی ئەمە زەحمەتە، بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەتینەی نێوان دروستبوونی دەوڵەت و بنەمای دەسەڵاتە سیاسی یەکەی، بۆیە دەبینین تێورەکان دەربارەی بنچینەی دروستبوونی دەوڵەت جیاوازن لەهەمان کاتدا.. چاکە بۆ بەیانکردنی ئەو بنەمایانەی کە دەسەڵاتەکانی پشتی پێدەبەستێت، هەروەك پیچەوانەکەی راستە.

جۆری دەسەڵاتەکە یان جیاوازی مەزهەبەکان لە راڤەکردنەکەیدا هەرچۆنێك بێت، ئەوا دەبێ هەردوو رووکاری تێدا فەراهەمبێت، رووکاری ماددی هەستپێکراو کە لەرەگەزی ماددیدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەویش هێز و دەسەڵات وکۆنترۆڵکردن و جێبەجێکردنی راستەوخۆی مومارەسەی دەسەڵاتە، رووکارە مەعنەوییەکەی کە لێکتێگەیشتن و هاوئاهەنگی وقبولکردن و دانپیانانە بەبوونی ئەم دەسەڵاتە.

**بەندی دووەم: شێوەکانی دەسەڵات**

چەندین شێوەی جۆراوجۆری دەسەڵات هەیە کە دەکرێ لەسەرەتادا بۆ دوو بەش دابەش بکرێ: دەسەڵاتێك بەسەر بەشەر لە بونیادەکانی مرۆڤ، دەسەڵاتێك بەسەر شێوەکانی لە هەستپێکراوی ماددییەکان و ئەوانەی تر لە ڕەوش و شێوەکان و شتەکان لە جەماد و ڕووەك و ئاژەڵ.

ئەو دەسەڵاتە کارایەی کە دەکرێ مومارەسە بکرێت لەسەر مرۆڤ، ئەویش دەکرێ بۆ دوو جۆر دابەش بکرێ:

1- جۆری یەکەم پەیوەستە بەو ئاداب و چەمکانەی باڵان لە ژیانی تاکەکان و کاروبارەکانیان، بەبێ چوارچێوەیەکی ڕێکخستن یان دەسەڵاتێکی فەرمانڕەوا.

2- جۆری دووەم ئەوەیە کە شێوەی ڕێکخستنێکی گشتگیرانەی تاکەکان وەردەگرێت، کە ژیانیان ڕێکدەخاتو ڕێیان پیشانددات بەو دەسەڵاتە لەژێر دەستیانە هەروەها چەندین دەسەڵاتی تری کۆمەڵایەتی و ئایینی تر و پێچەوانەکەی هەیە کە دوایی باسیان دەکەین، بەڵام ئەوە بۆ ئێمە گرنگە جۆری دووەمە لەو دەسەڵاتەی کە ژیانی مرۆڤ سەرکردایەتی دەکات وەك دەسەڵاتی گشتی کە لەکۆمەڵگەی سیاسی گشتگیر شێوەی وەرگرتووە، ئەویش دەسەڵاتی سیاسییە.

دەسەڵاتی سیاسی بەگرنگترین شێوەکانی دەوڵەت دادەنرێت، بەڵکو دەسەڵاتە هەموو مرۆڤێك کە لەکۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو دەژی هەست بەبوونی دەسەڵاتێك دەکات لەم کۆمەڵگەیە دا، کۆمەڵگەی گەورە واتا دەوڵەت، کۆمەڵێك کۆمەڵگە لە خودەگرێ کە لەناویدا دەژین.

شێوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە جۆراوجۆرە مەبەستەکانیشیان جیاوازە، لەهەر کۆمەڵێك لەو کۆمەڵانە دەسەڵاتێك هەیە کاردەکات بۆ هێنانەدی مەبەستەکانی ئەم کۆمەڵە بۆ نموونە دەسەڵاتێك هەیە لە دامەزراوەکانی ئایینی و پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، زانستی..هتد.. مادام ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی هەیە کە



وەزیفەیەکی دیاری کراوی هەیە، ئەوا پێویستی بۆ بوونی دەسەڵات دەبێتە کارێکی زەرووری. بەڵکو دەسەڵات هەتا لە کۆمەڵە ئاندشیندمەکان دەبینین کە بانگەشەی ڕەتکردنەوەی دەسەڵات دەکەن. بۆیە سیستەم لە کۆمەڵگەیەکدا بوونی نیە بەبێ دەسەڵات.

بەڵام پێویستە تێبینی ئەوە بکەین کە دەسەڵات لە کۆمەڵگە بچووکەکان کە لە پێش دا باسکرا.

دەسەڵاتی سیاسی نییە، بەڵکو دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییە، لە کۆتاییدا ملکەچی ڕێکخستنی دەسەڵاتی گشتی دەوڵەت و فەرمانەکانیەتی، بۆیە دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگەیەکی سیاسیدا هەیە واتا دەوڵەت.

فیکرە باوەکەی پێش (ئەرستۆ) وای دەبینی کە هەموو دەسەڵاتەکانی لەم دەسەڵاتە سیاسییە هاوشێوەن. بەڵام ئەرستۆ ئەم ڕاوبۆچوونەی پوچەڵکردەوە و ڕوونیکردەوە کە چەندین جۆری جیاوازی دەسەڵات هەیە کە هەندێك لەگەڵ هەندێکیان جیاوازن بە جیاوازی سروشتی بابەتی هەریەکێکیان، دەسەڵاتی باوکسالاری هەیە، ودەسەڵاتی خێزانیش هەیە، دەسەڵاتی گەورە لەسەر کۆیلەکەی هەیە، پاشان دەسەڵاتێکی سیاسی هەیە کە پەیوەستە بە کاروباری حوکم و سروشتە سیاسییەکەی جیاوازە لەگەڵ دەسەڵاتەکانی تر.

بەڵام ئەمە کۆتایی بە جیاوازییەکان نەهێنا دەربارەی یەکبوون و جیاوازی سروشتی دەسەڵات، (دوجی) وای بۆچووە کە دەسەڵات لە کۆمەڵگەی سیاسی (دەوڵەت) دروستدەبێت کاتێك جیاوازی سیاسی تیایدا ڕوودەدات، واتا کاتێك کۆمەڵگە بۆ دووگروپ دابەشدەبێت: گروپێك فەرمانڕەوایە و جڵەوی دەسەڵات دەگرێتە دەست و گروپێك فەرمانڕەوایی لەسەر دەکرێت بەگوێڕایەڵیکردن وجێبەجێکردن و دەربڕی بۆ ئارەزوو فەرمانەکانی گروپە فەرمانڕەواکە، بۆیە (دوجی) وایدەبینێ کە هەموو دەسەڵاتێك بە دەسەڵاتی سیاسی دادەنرێت جا هەر کۆمەڵگەیەك لەسەری دامەزرابێت.

کۆمەڵگەی گشتگیری دەوڵەت (کۆمەڵگەی سیاسی بەگشتی) و کۆمەڵگە بچووکەکانی تر وەك حزب و سەندیکا و ئەنجومەنەکانی کارگێری کۆمپانیاکان و یانە کۆمەڵایەتیەکان..تد لەگەڵیدا لەمەدایە یەکسانە تێبینی ئەوە دەکرێت کە زانا (دوجی) لەسەر هەمان ئەو ئاراستەیە دەڕوات کە (رسو) لە پێشدا پێدا رۆیشت کە وتی تاوەکو بتوانین بەراستی و دروستی پێناسەی دەوڵەت بکەین پێویستە سەیری مەبەست و وەزیفەکانی نەکەین، بەڵکو سەیری دەوڵەت بکەین بەو ئیعتباری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سروشتیە، کەهەر لە کاتی کۆمەڵگە سەرەتاییەکانەوە تاکو ئێستا لەسەر بنەمای جیاوازی سیاسی نێوان فەرمانڕەوایان و میللەت بنیات نراوە، مانای ئەم فکرانە لای (دوجی) و لایەنگرانی لە زانایانی یاسای گشتی ئەوەیە کەئەمانە جیاوازی ناکەن لە نێوان دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتەکانی تر، هەموو دەسەڵاتێك لەلای ئەوان دەسەڵاتە، فەرمانڕەواکان سەرۆکی پرۆژە تاك رەوییەکان و سەرکردە کۆمەڵەکانی لە دیدوبۆچوونی ئەوان فەرمانڕەوان و هەروەها فەرمانڕەوای دەوڵەتن.

بەڵام ئەم راوبۆچوونەی (دوجی) دووچاری رەخنە بووە، دەستەیەك لە زانایانی یاسا هێرشیان کردە سەر و لێیانکۆڵیەوە، هەروەك (ئەرستۆ) بۆ ئەمە چوو، کە ئەو دەسەڵاتەی کە فەرمانڕەوایانی دەوڵەت مومارەسەی دەکەن تەنها (دەسەڵاتی سیاسییە) بەهۆی جیاوازی سروشت و کۆمەڵگەکەی لە دەسەڵات و کۆمەڵگەکانی تر.

گرنگی جیاوازییەکە بەنیسبەت ئێمە هەلدەقولێ لەبواری ناسایش و فراوانی مەوداکەیەتی ئەوەی پەیوەستە بە ئازادییەکانی تاك و مافە مەدەنی و کەسێتییەکان بەڵکو پەیوەستە بەمافی مرۆڤ بەگشتی، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە دەسەڵاتداریێتی دەوڵەت و بریاردانەکانی بۆ ئەم مافانە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە پەیوەستە بە قۆرخکردنی دەسەڵات و تاکڕەوی دەسەڵات



لەدەستی کۆمەڵێکی زۆردار یان ئەوەی پەیوەندی هەیە بە بڵاوبوونەوەی ئەم دەسەڵاتە دەستاو دەستکردنی و دیموکراسیەتەکانی بەگوێرەی شێوەی رێکخستنی سیاسی میللی و دیموکراسی کە کۆمەڵگەی سیاسی دەوڵەت پێ رازییە، ئەو دەستەیەی وای دەبینی کە دەسەڵاتی سیاسی تەنها ئەوەیە کە فەرمانڕەوایانی دەوڵەت مومارەسەی دەکەن، ئەوا ئەو فیکرە تەبەننا دەکات کە پێی وایە زانستی توێژینەوەی دەسەڵات بەتەنها (واتا دەسەڵاتی سیاسی)، هەروەك روون و ئاشکرایە ئەم راوبۆچوونە لە فیکرەی دەوڵەت باڵاترە شتێکی پیرۆزی دادەنێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەم رابۆچوونە لەگەڵ لەدایك بوونی خودی دەوڵەت لە کۆتایی سەدەکانی ناوەراست لەدایك بووە، بەدەرکەوتنی تیۆری (سەروەری) کە دەڵێت دەوڵەت کۆمەڵگەیەکی کاملە پشت بە کۆمەڵگەیەکانی تر نابەستێت لە بەرێوەبردنی دەسەڵاتەکانی بەڵکو کۆنترۆڵی کۆمەڵگەکانی تر دەکات.

لێرەدا دەسەڵاتی دەوڵەت دەسەڵاتێکی باڵای خاوەن سەروەرییە ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی تر نییە، ئەو دەسەڵاتەی لێرەدا ئاماژەی بۆکرا کە تیۆریستەکانی ئەو قۆناغە ئاماژەیان بۆ کرد.

ئەو دەسەڵاتەی دەوڵەت و سەروەرییەکەی نییە کە ئەمرۆ دەیبینین، لەسەروەری یاساو دەستور، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی، مافی مرۆڤ، ئازادییەکان و دەستەبەرییەکان، بەڵکو ئەو دەوڵەتەیە کە هەموو دەسەڵاتەکان دەخاتە ژێردەستی پاشا (LLEROI) بەو ئیعتبارەی پاشا کوڕی خۆرە و خاوەن مافی خواوەندییە لەسەر زەوی دا، لەلایەکی ترەوە تەئکید لەشکۆداری ئەم پاشایە دەکاتەوە، نەك تەنها دەربارەی چینەکانی میللی، بەڵکو دەربارەی چینی دەرەبەگەکان کە بەشداری یان لەدەسەڵات هەبووە، بەلایەنە چاکە فراوانەکان جیادەگرێتەوە، بەگوێرەی چەمکی ئەم تیۆرە فەرمانڕەواکان ئیمتیازاتی تایبەتیان هەیە کە هیچ کەسێك نییەتی، گوایە ئەمانە مومارەسەی دەسەڵاتێکی باڵای

خاوەن سەروەری دەکەن، لەکاتێکدا سەرۆکی کۆمەڵەکانی تر ئەم سیفەتە و ئەم دەسەڵاتانەیان نییە، ئەمەش مەودای دەسەڵاتەکانی فراوان کرد تا سەردەمێکی درێژ و یارمەتیدا لە مەودای دەسەڵات و مومارەسەکردنی و تاکڕەویکردن لە دەسەڵات بەشێوەك چەمکی دەسەڵات و سیستەم و ئاسایش و سەروەری هەموو لەچوارچێوەییەك کەس دابوو کە ئەویش کەسی پاشا بوو، فەرمانڕەوای ڕەها، لەژێر دەستی یەك کەس دابوو هیچ ڕکابەری نەبوو کەخودی پاشایە و مومارەسەی سەروەری و دەسەڵات دەکات، بەڵام خاوەنانی پێناسەی دووەم وا دەبینن کە دەوڵەت لە سروشتیدا لەوانی تر جیاواز نییە لەدەسەڵات و کۆمەڵگەکان، بەڵکو جیاوازی نێوانی تەنها لەپلەی ڕێکخستن و پلەی گوێڕایەڵی پێویستە لە هەردوو حاڵەتدا، لەبەر ئەم پێناسەیە لەسەرووی فیکرەی دەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەت نییە بەشتێکی پیرۆزی ئیعتیبار ناکا. لەم چوارچێوەیە دا ئەم جیاوازیە روونە دەردەکەوێت لە نێوان ئەو تیۆرە جیاوازانەی کاروباری حوکم و دەسەڵاتیان چارەسەرکردووە بەدرێژی سەردەم و سیستەمە جیاوازیەکان کە تیایدا هەیە زێدەڕۆیی دەکات لە قۆرخکردنی دەسەڵات، کەچی هەیە کاردەکات لەسەر فراوانکردنی بنکەی بەشداریکردن و دابەشکردنی دەسەڵات. جا جیاوازی نێوان ئەمانە هەر چۆنێك بێت ئەوا دەسەڵات کارێکی پێویستە بۆ بوونی دەوڵەت کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی ڕێکخراو و پڕ لەئاسایش بوونی نییە مەگەر بەبوونی دەسەڵاتێکی بەهێزی خاوەن توانا لەپاراستنی ئاسایش و سیستەم، بەرقەرارکردنی و دادپەروەری ویژدان و پاراستنی گیان و ماف و ماڵ و موڵکی تاکەکانی لەم کۆمەڵگەیەدا، بەبێ ئەم دەسەڵاتە بەتوانایە فەرمانڕەوایە هیچ ژیانێك نیە لە کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی ڕێکخراو لەگرنگترین و بەرزترین قۆناغەکانی ڕێکخستنە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی، کە ئەویش دەوڵەتە، دەوڵەت هەروەك (بیردو) دەڵێ:



((هێزێکە هەڵقوڵاوی هۆشیاری کۆمەڵایەتییە، تایبەتە بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵ بۆ گەڕان بەدوای چاکەی هاوبەش، دەتوانێ هەرکاتێ پێویستی کرد تاکەکان ناچار بکات لەسەر پابەند بوون بەفەرمان و هەڵوێستەکان کە فەرمانی پێ دەکات)).

دەسەڵاتی سیاسی، کە دەسەڵاتی گشتییە لە دەوڵەت و مانای ڕاستەقینەی وشەی دەسەڵاتی لەگەڵ دەگونجێ، بوونی شێوەکانی تری ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە بچووکەکان ڕەتناکاتەوە، کە هەموویان دەکەونە چوارچێوەی دەوڵەت و ملکەچی دەوڵەتن لەدروستبوون و مومارەسەی چالاکیەکان و سیستەم و یاساکانی، ئەمەش سەرکۆنەی ئەوڕایە دەکات کە بانگەشەی ئەمە دەکات کە هەر شێوەیەك لە شێوەیەکانی ڕێکخستن قەبارەکەی هەرچەند بچووك بێت نوێنەرایەتی دەسەڵاتی سیاسی گشتی دەکات هەرچەند لە چوارچێوەی ئەم کۆمەڵە بچووکەش بێت. دەسەڵاتی گشتی بە پێگە سەروەری و یاساییەکەی و ئەوەی هەیەتی لە دەسەڵاتی زۆر لێکردن و ناچارکردن هەرئەوە کە دەسەڵاتی فەرمانکردن و قەدەغەکردنی هەیە هەتا لەناو ئەم کۆمەڵە بچووکانە، هەرچەندە لە ڕواڵەتیدا ئەمە نییە یاسای گشتی دەوڵەت یان دەسەڵاتی فەرمانڕەوایە کە حوکم دەکات و هەموو چالاکیەك ڕێکدەخات کە دەکەوێتە بازنەی دەسەڵاتی.

ئەگەر لەم لاوە ڕوویەك هەبێت بۆ بەراوردکردنی جیاوازی لە نێوان دەسەڵاتی سیاسی و سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان تر، ئەوا لە چەندین لایەنەوە جیاوازی لە نێوان ئەم دوو جۆرە بۆمان ڕوون دەبێتەوە گرنگترینیان ئەمانەن.

1- دەسەڵاتی کۆمەڵە بچووکەکانی لەناو دەوڵەت بوونەکەی لە دەسەڵاتی دەوڵەت وەردەگرێت، ملکەچی بوون بۆ ئەم دەسەڵاتە ناچارییە نەك سەرپشك بوون.

2- دەسەڵاتەکە سیاسی نییە هێزی ماددی نییە بە پێچەوانەی دەسەڵاتی سیاسی کە ناچاری ئەوانە دەکات کە ملکەچی دەسەڵاتی سیاسین بۆ گوێڕایەڵیکردنی

دەسەڵات، بۆ ئەم قەوارە کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشـنبیرییانە هـەژارە لـە گرنگترین رەگەزەکانی دەسـەڵات، کـە ئـەوانیش هێـز و زۆرەملـێ مـاددی و جێبەجێکردنی زۆرەملێی فەرمان و حوکمەکانیەتی.

3- دەسەڵاتی کۆمەڵگـە بـچووکەکانی باڵانییـە، چـونکە ملکەچـی دەسـەڵاتە باڵاکان نابێت، کە دەسەڵاتی دەوڵەتە، لەکاتێکدا دەسـەڵاتی سیاسـی، تاکـە دەسەڵاتی باڵایە لە دەوڵەتـدا، کـە نابـێ هـیچ کەسـێك هاوبەشـی بێـت بـە درێژایی هەرێمی دەوڵەت.

4- هــەروەها هــەردووکیان لــەرووی ئامانجــەوە جیــاوازن، ئامــانجی دەســەڵاتی ناسیاسی، ئامانجێکی تایبەتە، کـە کاردەکـات بـۆ هێنانـەدی بەرژەوەندییـە تایبەتیــەکانی، بــەڵام ئامــانجی دەســەڵاتی سیاســی ئامــانجێکی گــشتییە فەرمانڕەواکان لە بنەڕەتـدا کارناکـەن- گریمانـە دەکـرێ- بـۆ بەرژەوەندییـە تایبەتیەکانیان، دەبێ کاربکـەن بـۆ هێنانـەدی بەرژەوەندییـەکانی نەتـەوە و هێنانەدی ئاواتەکانیان.

5- دەســەڵاتی سیاســی- لەبنــچینەدا- مومەرەســە نــاکرێ- مەگــەر لەلایــەن کۆمەڵگە یان گەلەوە رێگای پێ بدرێت.

بەڵام دەسەڵاتی ناسیاسی، دەکرێ کەسێك مومارەسـەی بکـات بـەبێ ئەوەی یەکێك داوای لێ بکات مومارەسەی بکات، هـەروەك شـێخەکانی رێبازی سۆفیەکان.

هێــزی دەوڵــەت و کــۆنترۆڵکردن و باڵادەســتی بەســەر کاروبارەکــانی لــە چوارچـێوەی دەوڵەتـدا پاسـاوێکی لۆژێکییـە بـۆ فراوانبـوونی دەسـەڵاتەکانی، لەبەرئەوە پاڵنەری ئاسایشی بەهێز زەرووڕەتی باڵادەستی دەوڵەت بەسەر هـەموو شێوە لەشێوەکانی دەسەڵات لەناو دەوڵەتدا، دەسـەڵاتەکەی بـەهێز و کاریگـەر و کارایە لەسەر هەموو چالاکییەکان، بەتوانایە لەسەر کوتکردنی هـەر چـالاکیەکی دوژمنکارانە کە پێچەوانەی یاسا بێـت، یـان ئامانجەکـەی تێکـدانی ئاسـایش و



هەڵوەشاندنەوەی ئەرکانەکانی، وەك گروپـە ئیرهـابی و تێکـدەرەکانی و کۆمەڵـە نهێنیە رووخێنەرەکان، بەڵکو پێویستە لەسـەری چـاودێری چـالاکی کۆمەڵـەکان بکات کە یاسا رێگای کار و چالاکی داون بۆ ئەوەی لە ئامانجە رەوا و ئاشکراکان لانەدەن دەبێتە بنکەیـەکی پیلانگێـری دژی ئاسایـشی دەوڵـەت و سـەلامەتی و بوونی و هاوبەندییەکەی. بانگەوازیکردن بۆ ئـەوەی کـە هەنـدێ کـۆڕ و کۆمەڵـە قەوارە و دەسەڵاتە لەناو دەوڵەتدا نابێ چاودێری و بەدواداچوون بۆ چـالاکیەکانیان هەبێ کارێکە هیچ مانایەکی نییە هەرچەند ئەم قەوارانـە لـە چوارچـێوەی یاسـا سیستەم بچنە دەرەوە کە ژیان و بوونی بەخشی، دانی نایە و مەرجانەی کە بـۆی دیاری کراوە کەی سەرپێچی ئەم مەرجانە کرد و لە چوارچێوەی یاسـا و سیـستەم چووە دەرەوە، هەوڵی هەڵوشاندنەوە دەستوور و سیستەمی بنـەڕەتی دەوڵـەتی داو یان یەکپارچەیی خاکەکەیی و سەلامەتی کۆمەڵایەتییەکـەی دووچـاری مەترسـی بووە، پێویست دەبێت ببێتە جێگای لێپرسینەوە و بەرەنگاری و سـزادان لەلایـەن دەسەڵاتەکانی دەوڵەت.

## بەندی سێیەم: ئاسایش و دەسەڵات

کاتی باس لە ئاسایش و دەسەڵات دەکەین، دەبینین پەیوەستییەکی حەتمی هەیە لە نێوان ئاسایش و دەسەڵات بەڵکو پەیوەستبوونی مانەوەیە، بەشێوەیەك کە دەسەڵات هەبێت ئاسایشیش هەیە، هەروەها ئاسایش هەبێت دەسەڵاتیش دەمێنێتەوە بەم شێوەیە.

پەیوەستبوونی نێوانیان پەیوەستبوونی بوون و نەبوونە. هەندێ دەسەڵاتی فەرمانڕەوا خۆیان پەلە دەکەن لە تێکدانی روکنەکانی ئاسایش، کاردەکەن لەسەر هەلوەشاندنەوەی روکنەکانی سیستەمەکەی، پێش ئەوەی کەسانی تر دەستپێشخەری لەمە بکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خراپ خەملاندنی کاروبارەکان، یان زیدەڕۆییکردن لە بەکارهێنانی دەسەڵاتەکەی، بەبیانووی پاراستنی ئاسایشی و سەپاندن دەسەڵاتەوە. هەرچەند ئەمە دوورە لەوەی کە دەوترێت. بەهۆی سەرنەکەوتنی و پەککەوتویی بۆ رووبەرووبوونەوەی نشوستی حەقیقی کە رووبەرووبەدەبێتەوە لە چەندین مەیدان ئەمەش دەبێتە هۆی زێدەرۆیی ئاسایش لەم حاڵەتانەدا دەوڵەت رووخسارێکی فروفێڵانە پیشاندەدات لەلایەنی ئاسایشییەوە، گوایە رەوشەکە سەقامگیرە لە کاتێکدا لەناو بورکان دەکوڵێ، لێپرسراوەکان دەرك بەوە ناکەن کە سوودی نییە ئەم بڕوبیانوانەی تەنها پاش بەسەرچوونی کات نەبێت.

لەبەرئەوە زۆرێك لە سیستەمەکان بە هەندێ وەرناگرن تا کەڵەکەبوونی نموونەی ئەم هەڵانە، سوپای بەتەنگەوە هاتوو لە دەزگا ئاسایشییەکانی دادی نادا کە باڵادەستن بەسەر هەموو هەرێمەکەی لە هەموو لایەنێك لە لایەنەکانی، بەراپۆرتە جوانەکانی یاریدەرەکانی تەمەنی درێژ نابێت کاروبارەکان لەرووی واقیع و قوڵاییەوە بەلایەکدا دەڕوات، سیستەم و (ئاسایشەکەی) بەلایەکی تردا دەروات، دیارترین نموونەش لەم بارەوە ئەوەیە کە لە ئێراندا بەرووخانی سیستەمی شا لە ساڵی 1979، لەگەڵ چەندین حاڵەتی تری نوشیستی ئاسایشی کە ئاشکرابوو دەربارەی پەیوەست نەبوونی ئاسایشی حەقیقی و سیستەمی حوکم.



بۆ دەرك پێکردنی جیاوازی نێوان هەردوومانا. مانای پەیوەستبوونی ئاسایش و جیاوازی نێوان سیستەمی حوکم و دەزگا ئاسایشیەکەی. کاتێ دەسەڵات لە ئامانجەکەی لادەدات  پاڵ بەهەموو گەل دەنێت کە دژی دەسەڵات بووەستنەوە، کەی لە ((خەملانە نەئاسایشییەکەی) هەڵەی کرد، ئەوا ئەو باجەی دەیدات بەهۆی ئەو خەملاندنە هەڵەیە، تێچوونەکەی بوونی سیستەمی حوکمە بەگشتی، بەڵکو رەنگە ئاراستەی ئایدولۆژی دەوڵەتەکە بێت، ئەمەش سیستەم و ئاراستەکەی لە رەگ و ریشەوە هەڵدەکەنی دیارترین نموونەش لەسەر ئەمە دەزگای (ساڤاك).

کە سێ هەزار لە ئەفسەر و سەرباز و هەواڵدەر لەتەك سوپایەکی بەهێز لە هاوکارانیان لە ژێر دەستی دابوو، بەرۆژ و شەو کاریان دەکرد بۆ پاراستنی سیستەمەکە، کۆمەڵەدا شەشی چەك و تەقەمەنی و دەزگا هاوکاریان دەکردن کە ئەمانەن:

پاسەوانی پاشایی، پۆلیسی گشتی و هەواڵگری سوپا، فرۆکەوانی و تۆپ هاوێژ، هەریەك لەم دەزگایانە راستەوخۆ راپۆرتە رۆژانەییەکەی بەرزدەکردەوە بۆ شا لەتەك دەزگا ئاسایشییە تایبەتەکەی (ساڤاك) بەهەموو ئامێرە ترسناکەکانی بۆ ئەشکەنجە و ئیرەهاب (ئیرهابی دەوڵەت) لەتەك هاوکاری ئاسایشی لەگەڵ دوو لەگەورەترین دەزگا هەواڵگرییەکانی جیهان، لەگەڵ ئەمەشدا سیستەمەکە رووخا، لەگەڵیدا دەوڵەتی هەواڵگری نهێنی رووخا کە زیندانی و گرتووخانەکانیدا سەدهەزار زیندانی و 7/500 ئافرەتی زیندانی دۆزرانەوە لە دهالیز، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە هەمووی سوودی نەبوو بۆ پاراستنی سیستەمی حوکم، ئاسایش لە بۆشاییدا ناخولێتەوە و دروستیش نابێت  پەیوەستبوونی نێوان ئاسایش و دەسەڵات، ئەو تەلازمەیە کە دەبێ لەسایەی شەرعیەت دابێت، چونکە ئەگەر لەسایە شەرعیەت دانەبێت ئەوا بەرهەمی نابێت هەرچەند فەرمانڕەواکان هەوڵ و تێکۆشان بدەن، راستە دەوڵەت چەند دەسەڵاتێکی هەیە کە رەنگە ئەم دەسەڵاتانە بەهێز و بەرکار خاوەن سەروەری بێت، بەڵام زەرووەرەتی قبوڵکردن بەدەسەڵاتی

دەوڵەت لەلایەن رای گشتییەوە یەکێکە لە رەگەزە بنەڕەتییەکان بۆ پاراستنی قەوارەکەی، کۆمەڵەکەی یەکەمە بۆ ئاسایشی و سەقامگیرییەکەی، لەم بارەیەوە ئەفلاتون بۆ فەرمانڕەوایە مومارەسەی دەسەڵات دەکات دەڵێ: دەستپێشخەری لەکارێکی دەوڵەت مەکە، کە توانای ئەوەت نەبێت کەسانی تر ئیقناع بکەی.

لەگەڵ ئەوەدا کە دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ هێنانەدی ئاسایشی، بێ گومان گریمانەی ئەوە دەکات کە لەزۆر لەحاڵەتەکان پەنابەرێتە بەر زۆرلێ کردن- ئەمە کارێکە دەکرێ بەردەوام هەبێت- بەڵام ئەم زۆرلێکردنە- هەروەك (دونیو دوڤابر) دەڵێ: لەزۆربەی جار بێ سوودە، چونکە ئەو دەسەڵاتەی دانی پێدانراوە بەرتەسك دەبێتەوە لەسەرکوتکردنی چەند خاڵێکی دیاریکراوی یاخیبوون، بەڵام پێویستە پشت ببەستێت بە بنکەیەکی جەماوەری کە رەزامەندی هەبێت لەمەدا تاوەکو لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی سەرکەوتووبێت.

ئەو دەسەڵاتەی کە کاردەکات بە گۆشەگیری لە رای گشتی، ئەوا لە بۆشاییدا کاردەکات، بەڵکو کاردەکات لە هێڵێکی دژ بە ئاسایش و بوونەکەی، لەم بارەیەوە (هیوم) دەڵێ: (هەرچەند هێز بەردەوام لای میللەت بێت، ئەوا فەرمانڕەواکان هیچیان لا نییە پشتی پێ ببەستن مەگەر رای گشتی، کەواتە حکومەت تەنها لەسەر رای گشتی دامەزراوە، ئەم پرەنسیپە لەسەر ئەو حکومەتانە جێبەجێ دەکرێت کە زۆر زۆردارن، یان پشت بەهێزی سەربازی دەبەستن، هەروەك لەسەر ئەو حکومەتانە جێبەجێ دەکرێ کە زۆر میللی و ئازادن.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگی درك پێکردن ئەوەی ئەرکی ئاسایشی دەوڵەتی لە ئەستۆیە کە لە بۆشاییدا کارناکات، بزانێت لە چ کەش و هەوایەك کاردەکات، ئاسایش تەنها لەسەر هێزی ماددی یان سەربازی یان لەسەر لێهاتووی تەکنیکی دانامەزرێت، بەڵکو لەسەر درکپێکردنی مانای حەقیقی دادەمەزرێت وەك زەرووڕەتێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ زەرووڕەتی درکپێکردن و قەناعەت پێکردنی جەماوەر بۆ ئەو چەمکەی گرنگی پێ دەدات بەپلەی یەکەم.



هەروەك دەسەڵات پێویستی بە ئاسایش و بیناکردنی دەزگاکانی و راهێنانی کادیرەکان، کۆکردنەوەی ئامێر و کەلوپەلەکانیەتی، ئەوا پێویستی بەکۆکردنەوەی رای گشتیشە دەربارەی ئەو ئیجرائاتانەی دەیگرێتەبەر، تاوەکو ئەم هەوڵ و تێکۆشانە بەرهەمی هەبێت.

بۆ گێڕانەوەی ئاسایشی دەوڵەت پێدانی چوارچێوەیەکی شەرعی بەس نییە یان تێگەیشتنی ئاڵوگۆڕی چەمکی وەزیفەی ئاسایشی بەڵکو دەبێ ئەمە پەیوەندی هەبێت بەپەرەسەندنی کۆمەڵگە و پێشکەوتنی، لەم بارەیەوە (روبرت ماکنمارا) دەڵێ: ئاسایش گەشەسەندنە، بۆیە ناکرێ بەگشتی ئاسایش لەدەوڵەت بێتەدی لەناوخۆ یان دەرەوە بەبێ هێنانەدی گەشەسەندن لە هەموو بوارەکانی ئابووری و رۆشنبیری وکۆمەڵایەتی.

لەتەك هێنانەدی گەشەسەندن بۆ دەستەبەری ئاسایشی دەوڵەت. دەبێ ئەم ئاسایشە دامەزراو بێت لەسەر روونی دیدگا و بەردەوامی ئامرازەکانی دەسەڵات لەرووی شەرعیەت و دانپێدانان و قبوڵکردن لە نێوان دەوڵەت و جەماوەرەکە، لەتەك ئەمە دەبێ دەزگای ئاسایش بەجوانی کارەکانی رابپەڕێنێ تاوەکو بەرهەمی ببێت ئەمەش بەفەراهەمکردنی هەموو رەگەزەکانی پرۆسەی ئاسایشی سەرکەوتوو دەبێت لەگەڵ چاك هەڵقۆستنەوەی و تەوزیفکردنی بە شێوەیەکی هۆشیارانە، ئاسایش پرۆسەیەکی میکانیکی زۆردار و ستەمکار نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی نەتەوەییە ئامانجەکەی پاراستنی تاك و دەوڵەتە پێکەوە لەیەك کاتدا.

ئەو دەسەڵاتەی سەرکەوتووە، دەتوانێ ئاسایشێکی سەرکەوتوو بەرێوە ببات، ووتەیەکی بەناوبانگ هەیە دەربارەی ئەم مانایە کە دەڵێ: ((دەبارەی شێوەکانی دەسەڵات رێگە بدە با گەوجەکان کارەکانیان بکەن، ئەوەی بەباشترین شێوە بەرێوەبردنی کرد، ئەوا لەگشت کارەکانی سەرکەوتوو بووە)).

ئەگەر سەیری دەزگاکانی ئاسایشمان کرد وەك ئامرازەکانی دەسەڵات لەهەوڵ و تێکۆشاندا بۆ هێنانەدی ئاسایش، دەبینین هەندێ دەزگای ئاسایش هەرچەندە قەبارە وکەلوپەل و راهێنانەکانی گەورە بێت چالاك و کاریگەر نییە و لەبۆشاییدا

دەخولێتەوە، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە دەرئەنجامەکانی پێچەوانە ببێتەوە، هەروەك روویدا بەنیسبەت (سافاك) و بەنیسبەت (K.G.B) لە یەکێتی سۆڤیەت، کە چارەسەری نەبوو رووخانی سیستەمەکە نەبێت، کە بەشێوەیەکی کاریگەر لەگەڵ واقعی شتەکان لە دەوڵەتدا نەڕۆیشت، کە بای گۆڕان لەناوی نەبات کە ئەمەش لە ئەرکە یەکەمینەکانی دەزگاکانی ئاسایشە.

بەپێچەوانەی ئەمە رەنگە قەوارەیەکی سیاسی قەبارە و رووبەر بچووك هەبێت، بەلام رۆلێکی ستراتیژی زۆر ترسناك دەگێڕێ، لێرە ئەو پرسیارە بەناوبانگە دەوروژێت کە (جوزیف ستالین) ئاراستە ئەنجوومەنی وەزیرانەکەی کرد کاتی باسی دەسەلاتی (پاپا) یان دەکرد- کە باش دەزانێت- کە ووتی: ((چەند تیپی زرێپۆش بەدوای پاپا دەکەوێت)).

باسکردن دەربارەی دەسەلاتی دەوڵەت واتا باسکردن دەبارەی کرۆکی ئەم دەسەلاتە، کە ئەویش چەمکی سەروەری دەوڵەتە و ئەوەی پەیوەندی بەمە هەیە لەباسکردن دەربارەی تیۆری سەروەری و مافی دەوڵەتان لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییان بە پشتبەستن بەم چەمکە.

### بۆ بوونی دەوڵەت- ئەم سێ رەگەزە هەبێت کە ئەمانەن:

1- رەگەزی هەرێم، رەگەزی دانیشتوان، دەسەلاتی فەرمانڕەوا کە دەسەلاتی دەوڵەتی لەژێر دەستە لە میانەیدا دەسەلات و سەروەری هەیە بەسەر هەرێمی دەوڵەتە بەهەمووو ئەوانەی لەم هەرێمە دایە. مانای سەروەری دەوڵەت ئەوەیە کە هیچ دەسەلاتێکی تر نییە، کە رکابەری دەسەلاتەکانی بکات، دەسەلاتێکی بالایە هیچ دەسەلاتێکی تر لە سەروەری دەسەلاتەکەیەوە نییە کە راستەوخۆ کاریگەر دەبێ بەهەمووو دەسەلات و پسپۆرییەکان لەناو سنووری هەرێمەکە و لەبەرامبەر هاولاتیان.

لە دەرەوەش بەیەکسانی هەڵسوکەوت دەکات لەگەڵ سەرەوەری دەوڵەتانی تر.



(کوینسی رایت) پێناسەی کردووە بەوەی (کە ناوەندە یاساییەکەی سیاسییە کە ملکەچی یاسای نێودەوڵەتییە، لەسەرەوەری یاسای ناوخۆییە). (بتمان وای دەبینێ کە سەروەری دەوڵەت مانای ملکەچ نەبوونی بۆ یاسای خودی دەوڵەتەکە ناگەیەنێ وەك پرەنسیپ، کە دوور دەکەوێتەوە لە ملکەچی بوونی بۆ یاسای دەوڵەتەکانی تر.

قبوڵی ملکەچیکردن ناکات بۆ هیچ دەوڵەتێك، مەگەر ئەم ملکەچکردنە بەویستی خۆی بێت.

(اوبنهایم) وای دەبینێ کە سەروەری دەسەلاتی بالایە، سەربەخۆیە لەهەر دەسەلاتێکی تر.

(جورج شوارز نبیرجر) وای دەبینێ کە سەروەری ئەوەیە کە دەوڵەت دەسەلاتی گشتگیرانەی هەیە بەسەر هەرێمەکەی، ئەگەر ئەم دەسەلاتە کۆت و بەند نەکرابێت بە بنچینەکانی یاسای نێودەوڵەتی.

(ستاك) وای دەبینێ کە سەروەری مانای (ئەو دەسەلاتەیە کە دەوڵەت لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی هەیەتی).

(چارلز فینویك) پێناسەی دەکات بەوەی ((کە کەسێتی سەربەخۆی دەوڵەتە لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی تر)

(د.عەلی صادق ابو هیب) پێناسەی دەکات بەوەی ((دەسەلاتی دەوڵەتە بەسەر ئەو هەرێمەی تایبەتە بەم دەوڵەتە، لەگەڵ ئەوانەی کە تێیدا لەکەس و ماڵەکان، کە بۆ دەوڵەت دەسەلمێنی ئەنجامی موڵکدارییە بۆ خودی هەرێمەکە، بەڵکو رووکاری سەرەکی ئەم موڵکیەتەیە).. بەدوای ئەمە، بۆ زانینی هەر دەوڵەتێك کە خاوەنی سەروەرییە بەنیسبەت هەر هەرێمێك، بەسە گەران بەدوای ئەو دەوڵەتەی هەرێمەکە دەکاتە موڵکداری خۆی، بەگوێرەی رێساکان بە دەستهێنانی موڵکداری، ((د.محمد طلعت الغنیمي) پێناسەی دەکات بەوەی: کە زاراوەی نێودەوڵەتییە کە بەڵگەیە لەسەر (اهلیة قانوني) دەوڵەت، ئەم سیفەتەش مافەکانی سەروەری لێدەکەوێتەوە کە مانای ئەو بەرژەوەندییانە دەگەیەنێت کە دەیانپارێزێت بەو سەروەرییەی کە هەیەتی.

ئەو شکست و سەرنەکەوتن و تێپەڕاندنانەی کە زۆرێك دەزگاکانی ئاسایش دووچاری بوون، سەرکردایەتیەکەیان لە تاریکایی ئەو رەوشە سیاسیە لە دەستدا، کە گەوجی دەسەڵات هەڵقوڵاوی ئەوە کە خودی ئەم دەوڵەتانە لەسەری بنیات نران.

شەرعیەت شێوەی رۆحییە بۆ کۆنترۆڵکردن و رووکاری مەعنەوییە بۆ زۆرلێکردن، ئەگەر دەوڵەت رێگا بە هاوڵاتیەکانی بدات کە بیربکەنەوە لەوەی دەیانەوێت، ئەوا لەگەڵ ئەمەدا پشتدەبەستێت بە دانپێدانانی گشتی بەقەوارە و دەسەڵاتەکانی، ملکەچبوونی زۆربەی فیکرەکان بە ئارەزووانە بۆ ئەرك و هەلسوکەوتەکانی، بۆ دەردەکەوێت کە مەحاڵە پێشکەشکردنی دەسەڵات دەوڵەت و سەروەرییەکەی وەك قەوارەیەك تەنها بۆ زۆرەملێ دەرەکی، بەبێ لە خۆگرتنی ویژدانی تاکەکان یان خەملاندنەکانیان و حوکمەکردەییەکانیان، لەگەڵ ئەمەدا دیموکراسیەت هەوڵی دیاریکردنی ململانێ دەدات لەپیناوی دەسەڵات، رێکخستنی بەشداری هەمووان لە ژیانی گشتی بەشێوەیەك رووکاری دەروونی دەوڵەت و بەهای دەسەڵاتی رۆحی دەردەکەوێت. کەسایەتی دەوڵەت لەم حاڵەتەدا تەنها رەمزی ئەو هەوڵ و تێکۆشانانەیە کە دراون بۆ رێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە کۆمەڵگەی سیاسی پێکدەهێنێی، هەروەك پارێزگاری دەکات لەو بەها مرۆڤایەتیانەی پەیوەندییەکان کە ئاڵۆزییان زیاتر دەبێت.

لەبەر ئەمە دەبێ دەوڵەت هەوڵ بدات لەهەردوو بواردا بواری رێکخستنی دەسەڵات و بواری پاساوی دەسەڵات کەدەبێ قەناعەت بەجەماوەر بێنێ هەروەك بواری بەشداریکردن لە دەسەڵات فراوان بکات بەشێوەیەك جەماوەر هەستبکات کە دەسەڵاتی خۆیانە. ئەمەش بانگەوازی دەکات بۆ زەرووڕەتی موناقەشە و پاساوی چالاکیەکانی دەسەڵاتی ئاسایش لە دەوڵەت، ملکەچیبوونی بۆ یاسا و سووربوون لەسەر مەشروعیەتی ئیجرائاتەکانی و هێنانەدی هەموو دەستەبەرییەکان کە پاڵپشتی دەوڵەتە لە تاکڕەوی مومارەسەکردنی ئەم دەسەڵاتانە، نەك تەنها پشت بەستن بە لێنەپرسینەوە لەزۆرێك لە کارەکانی بەبیانووی ئەوەی کە ئەم کارانە کرۆکی کارەکانی سەروەرییە کەدەوڵەت



سەرپشکە لێی کە لەسۆنگەی سەروەرییەکەی مومارەسەی دەکات بەبێ پاساو و هێنانەوەی دەوڵەت کاتی پاساو دێنێتەوە بەوەی کە بوونی ئاسایشی دەوڵەت لە حەقیقەتدا زۆر گرنگە بۆ سەلامەتی قەوارە و سەلامەتی گەلەکەی. بەو ئیعتبارەی کە ئاسایش یەکەمین و گرنگترین پێویستی ژیانە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا. ئاسایش وەڵامی پێویستییە بنەڕەتییەکانی ژیانی هەر کۆمەڵگەیەکی سیاسی رێکخراو دەداتەوە، کە ئاسایش بەنیسبەت ئەو بەیەکێك لەرەگەزەکانی بوونی دادەنرێت ((ئاسایش بەنیسبەت دەوڵەت تەنها بەزەرووڕەت دانانرێت بەڵکو رەگەزێکە کۆمەڵگە بەبێ بوونی بەدی نایەت)).

ئاسایشی دەوڵەت- هەروەك د.محمد طلعت الغنيمي- دەڵێ کۆی بەرژەوەندییە زیندووەکانی دەوڵەتە پاشان بەپاراستنی بەرژەوەندییە زیندووەکان دێتەدی.

لەبنەڕەتدا ئامانجەکەی پاراستنی قەوارەی دەوڵەتە بەپاڵپشتیکردنی هەوڵە رۆژانەییەکانی دەزگاکانی دەوڵەت بۆ گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی چالاکییەکانی سیاسی و سەربازی و فیکری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و دوورخستنەوەی هەر هەڕەشەیەك یان ئاستەنگێك کە زیان بەم چالاکیانە بگەیەنێت. ئەمەش مانای حەسانەی تەواوی دەوڵەت دژی داگیرکاری دەرەکی و دژی هەموو ئەوەی کە روونی ئاسایش شێلو دەکات، هەرچەندە چەمکی ئاسایشی دەوڵەت مانای پاراستنی ئاسایش لەمەترسی زەبرەزەنگ یان زاڵبوون دەگەیەنێت لە رێگای هێزە دەرەکییەکان، بەم چەمکە دەبێتە کارێکی زۆر مەترسیدار، کێشەی چارەنووسساز قبولی موناقشە وگفتووگۆ ناکات. لێرەدا فیکرەی پەیوەستبوونی نێوان چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی و فیکرەی بەرژەوەندی باڵای دەوڵەت هات، کە هەڵقوڵاوی کرۆکی سەروەرییەکەیەتی، کە رێگەی دەدات دەست وەربدات لەزۆرێك لەکارەکانی لەبازنەکەیدا، هەرکاتێك مەساس کرا بەسیستەم و بەرژەوەندییە باڵاکانی، بەتایبەتی ئەگەر مەترسی زەبروزەنگی هەبوو لەهێزە دەرەکییەکان کە هەرەشە لە ئاسایش و سەلامەتییەکەی دەکەن.

بۆیە (هنری کسنجر) وای دەبینی کە دەوڵەت لەپێناوی پاراستنی ئاسایشە نەتەوەییەکەی مافی هەیە کەهەر هەلسوکەوتێك بکات کە لە میانەیدا هەوڵی داکۆکیکردن بکات لە مافی بوونیدا، لەگەڵ بەکارهێنانی هەموو هێزەکانی دەوڵەت بۆهێنانەدی ئەم ئامانجە. لەبەر ئەوە وەزیفەی دەوڵەت لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی تر جیاواز نییە، بەڵام بەچاك زانین و پێشینە دەبێت لە نێوان وەزیفەکان بەگوێرەی بارودۆخی هەر دەوڵەتێك- لەگەڵ ئەوەدا چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی- و ڕۆڵەکەی لە پاراستنی ئاسایشی دەوڵەت- بەڵکو زەروورەتە ئەو پەرەکەی بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستە کە دەوڵەت بۆی تێ دەکوشێ جێگیر دەبێت هەرچەند پیلان و سیستەمی حوکمەکەی بگۆڕێت. لێرەدا فیکرەی پەیوەست بوونی نێوان چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندی باڵای دەوڵەت دێت. فیکرەی ئاسایشی نەتەوەیی فیکرەیەکی یاساییە پشت دەبەستێت بەمافی دەوڵەت لەپاراستنی ئاسایشە نەتەوەییەکەی- کە رووکارێکە لە رووکارەکانی سەروەرییەکەی، لە دەرئەنجامەکانی ئەم سەروەرییە مافی دەوڵەتە لەپاراستنی ئاسایشە نەتەوەییەکەی لە هەموو بوارە ئابووری وکۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازییەکان، لەسەر ئەو شێوەی کە وا لە دەوڵەت دەکات بەسێ وەزیفەکەی هەڵسێ، پاراستنی سنوورەکەی و پاراستنی ئاسایشی و سەقامیگیری تیایدا. فیکرەی ئاسایشی نەتەوەیی لە بنەڕەتدا هەڵدەقوڵێ لە بەرژەوەندی باڵای دەوڵەت لەپاراستنی هۆکارەکانی بوونی و مانەوەی نەك بەرژەوەندییە باڵاکەی دەوڵەت وەك بەرژەوەندییەکەی لە مانەوە و مافی لە بووندا. هەرچەندە ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت دەگونجی لەگەڵ چەمکی باڵای دەوڵەت، هەروەك بینیمان، ئەوا فیکرەی بەرژەوەندی باڵا دەورووژێت، داوای جێبەجێکردن و بریاردانی دەکات وەك قەڵغانێکی ئاسایشی شەرعی و دەستووری بۆ پاراستنی دەوڵەت. کاتی فەرمانڕەواکەی یان سەرۆکەکەی هەڵسوکەوتێك یان کارێك دەکات پێچەوانەی دەستوور و یاسایە. یان کارێك دەکات لە نەریتی یاساو رای گشتیدا ناڕەوایە، لەم حاڵەتەدا بەرژەوەندی باڵای دەوڵەت لە مەترسیدایە، لەو حاڵەتەدا



بەرژەوەندیەکە دەبێ لەپێشدا چاودێری بکرێ فەرمانڕەوا و سەرۆك دەسەڵاتیان لە دەوڵەتدا رەها نییە هەرچییەك بیانەوێ بیکەن بێ بوونی چاودێری، بێ بەربەستێکی دەستووری و یاسایی بەڵکو لەبەجێهێنانی ئەرکەکانی دەسەڵاتی سنووردارە، ئەرکی یەکەمینی پاراستنی دەستوور و یاساو رەچاوکردنی شەرعیەت و نەریتە گشتییەکانە.

زۆربەی زاناکان پاڵپشتی ئەم مافەیان کرد، (جیوڤانی بوریتو) ئەمەی لە کتێبەکەی (بەرژەوەندی باڵای دەوڵەت) باسی کردووە، کە تیایدا ووتویەتی هەڵسوکەوتەکانی فەرمانڕەوا کەینێ دژایەتی هەبوو لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەت، ئەوا هەڵسوکەوتەکانی دەبێتە هەڵە و لادان و نایاسایی، بەڵاو ئەو راوبۆچوونانەی داوای سەرپێچیکردنی ئەم رایە دەکەن- کە کاتی بەسەرچووە- ئەوا ئەم راوبۆچوونانە پاساو بۆ فەرمانڕەوا یان ئەمیر دەهێننەوە. لە هەڵسوکەوت و کارەکانیان، بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەمە لەسەرووی دەوڵەت و سەرووی یاسایە، یان ئەو خۆی دەوڵەت و یاسایە، لێرەدا یەکێ لە ئەباطرەکان دەڵێ نموونەی ئەم راوبۆچوونە بە پاساوانە دەرفەتێکی بەپیت دەدۆزێتەوە لە فیکرەکانی میکاڤیللی، کە لە کتێبەکەی (میر) دا هاتووە (لەسەر ئەم شێوازە لایەنگرانی حوکمی رەها زۆرداری دەسەڵات دەڕۆن.

ئەوانەی فەرمانڕەوا لە سێدارەیان نادات لە هەموو کات و شوێنێك. بەڵام ئەو شوێنەوارە ئیجابییەی کە لە فیکرەی بەرژەوەندی گشتی دەکەوێتەوە بەپشت بەستن بە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی، بریتییە لە مافی دەوڵەت لە پاراستنی ئاسایشە نەتەوەییەکەی و گرتنەبەری هەموو رێ و شوێنێکی پێویست بەوەی کە هەیەتی لە سەروەری و دەسەڵات لە دەوڵەت، بەو ئیعتیبارەی کە دەوڵەت دەسەڵاتێکە لەناو سنوور و هەرێمەکەیدا هیچ دەسەڵاتێکی تر لەسەرووی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە نییە. بەڵکو بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت فیکرەی هەرێمایەتی تێدەپەرێنێت، جا بەنیسبەت هاوڵاتیەکانەوە بێت ئەوەی پەیوەندی بەو تاوانەوە هەیە کە هەڕەشە لە ئاسایشەکەی دەکات لە ناوەوە و

دەرەوە، لەگەڵ توندکردنی ئەمە بەشێوەیەك هەوڵدانیش بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانانە بەتاوان دادەنرێت و سزای دەدرێت، یان بەنیسبەت چالاکی بیانییەکان کە لە دەرەوە دژایەتی دەوڵەتەکە دەکەن جا ئەمانە هێزی بیانی بن یان نیشتمانی.

تۆڵە سەندنەوەی دەوڵەت بە پسپۆڕایەتی یاسایی ئاسایشی و سەروەری لەدوو شێوە دەردەکەوێت:

1- سەروەری ناخۆیی: دەوڵەت تۆڵە دەکاتەوە بەهەموو پسپۆڕییەکان لەناو سنووری هەرێمەکەی بەسەر هەموو هاوڵاتیەکانی، بێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی تر رکابەری بکات و لە سەرووی دەسەڵاتەکەیەوە بێت.

2- سەروەری دەرەوە، واتا ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی دەرەوە نابێت، پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی تر بەیەکسانییە، لەگەڵ رێزگرتنی فیکرەی پسپۆڕییە نیشتمانییەکەی، دەستوەرنەدان لە کاروبارە ناوخۆییەکەی لەم چوارچێوەیەدا دەستدەکات بەمومارەسەکردنی دەسەڵاتەکانی لەبواری ئاسایشی نەتەوەیە، ئەوەی تایبەتە بە داکۆکیکردن لە سەروەرییەکەی لەم لایەنەوە، لەماددەی دووەمی بەشی یەکەمی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە لەم پەیماننامەدا نییە کە رێگە بە نەتەوە یەکگرتووەکان بدرێت کە دەست وەربدات لەو کاروبارانەی کە لە کرۆکی دەسەڵاتی ناوخۆیی دەوڵەتێك دایە، هەروەها ئەوەشی تیانییە کە ئەندامەکان ئەم مەسەلانە بخەنە روو تاوەکو بە حوکمی ئەم پەیماننامە چارەسەر بکرێ، لەسەر ئەوەی کە ئەم پرەنسیپە ئیخلال ناکات بەجێبەجێکردنی رێوشوێنی ئەو سەرکوتکردنە لە فەسلی حەوتەمی ئەم پەیماننامەدا هاتووە کە ناسراوە بە کۆت و بەندی پیسپۆڕایەتی ناوخۆیی بریار دراو بۆ دەوڵەتان.

ئەگەر سەیری ئەو حوکمە بکەین کە لەم برگەیەدا هاتووە، دەبینین کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەحوکمی پەیماننامەکەی بۆی رەوا نییە کە دەست وەربدات لەو کاروبارانەی لە بنەڕەتەوە پەیوەست بە پسپۆڕایەتی ناوخۆیی تایبەت بە دەوڵەت لە پێشەنگیدا رێکخراوە هەرێمایەتیەکانی تر، نزمتر لە نەتەوە



یەکگرتووەکان. ئەگەر ئەو مەسەلانەی لە چوارچێوەی پسپۆڕایەتی دەوڵەت دان جۆراوجۆرن و بەشێوەیەك بەرتەسککردنەوەی زەحمەتە، ئەوەی نەگۆڕو سەلمێنراوە کە هەندێ مەسەلە هەیە بەگوێرەی عورفی نێودەوڵەتی، بەپشت بەستن بەمەودای پەرەسەندنی یاسایی گشتی نێودەوڵەتی، بووەتە مەسەلەیەك کەکورت ببیتەوە لەسەر پسپۆڕایەتی ناوخۆیی، بۆ نموونە هەندێ مەسەلە پەیوەستە بە ئاسایشی نێودەوڵەتی و دادپەروەری، پاراستنی ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی **گرنگترینیان ئەمانەن:**

1- پابەندبوون بە چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان بەرێگای ئاشتیانە.

2- کۆت و بەندی تایبەت بەبەکارهێنانی هێز لە نێوان دەوڵەتان.

3- پارێزگاریکردن لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

4- کاروباری پەیوەست بە سەرپەرشتیاری نێودەوڵەتی.

5- بەرێوەبردنی کۆلۆنیالەکان و راهێنانی گەلەکانیان بەرەو سەربەخۆیی.

لەماددەی (76)ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەهەردوو برگەی (أ) و (ج) دا هاتووە

أ- پتەوکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی

ج- هاندان لەسەر رێزگرتنی مافی مرۆڤ، ئازادیە بنەڕەتییەکان بۆ هەموو کەسێك بێ جیاوازیکردن بەهۆی رەگەز، یان زمان، یان ئایین، جیاوازینەکردن لە نێوان ئافرەتان و پیاوان، هاندان لەسەر دەرك پێکردن لە نێوان گەلان، کەهەندێکیان پەیوەندی یان هەیە لەگەڵ هەندێکیان.

ئەم دەقەی دوای هاتووە و وەك بەراوردێك لەگەڵ دەق و ماددەکانی سەرپەرشتیاری و باش بەرێوەبردنی موستەعمەرەکان بەهۆی سووربوون لەسەر مافی مرۆڤ لەو ناوچە و هەرێمانەی لەژێر کۆنترۆڵی داگیرکەر دابوون لەکاتی دەرچوونی ئەم پەیماننامەیە، کە ئەو کاتە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم دەقەی دەرکرد پابەندکار نییە بەبیانووی داگیرکەری و بەبیانووی ئەوەی دەستوەردان لە کاروباری موستەعمەرەکان لە پسپۆڕایەتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نییە.

لەم حوکمانــە و، پێــچەوانەکانی، تێبینــی سروشــتی ئاسایــشی نێودەوڵــەتی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەستە یارمەتیدەرەکانی، ڕۆڵی لە پاراســتنی ئاسایــشی و ئاشتی نێودەوڵەتی دەکرێ.

بەبێ دەستوەردان یان پەراوێزخستنی ڕۆڵی دەوڵــەت و مافــە ســەروەرییەکەی لەپاراســتنی ئاســایش و ســەربەخۆیی و یەکپارچــەی خاکەکــەیی و بڵاوکردنــەوە سیستەم و سەقامگیری تیایدا. فیکرەی سەروەری و پاراســتنی بەرژەوەنــدی بــاڵا بەردی بناغەی هەموو ئەو ئیجرائاتانەیە کە دەوڵەت دەیگرێتە بەر، ئەگــەر ئــەم حوکمانە کە هەڵقولاوی پەیماننامەکەنە پارێزگاری لە سەروەری دەوڵەت دەکات لە ناوخۆدا، دەستەبەری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم بارەیەوە کە خــۆی لــە بــاڵاترین ڕێکخراوەکــانی دەبینێتــەوە کــە نەتــەوە یەکگرتووەکانــە بــە دەســتەبەریکردنی دەســتوەرنەدان لــە کاروبــاری نــاوخۆدا، پــسپۆرییە ناوخۆییــەکی هــەڵقولاوی ســەروەرییەکەیەتی، چــەمکی ئاسایــشی نەتــەوەیی کــە بــۆ پاراســتنی دانــراوە دەســتەبەری ئــەوەی بــۆ دەکــات کــە هــەموو هێزەکــانی تــا ئەوپــەری ســنووری بەکاربهێنێت جا ئابووری بێت یان کۆمەڵایەتی یان سیاســی یــان ئاسایــشی یــان ڕۆشنبیری یان ڕۆحــی یــان مەعنــەوی بــۆ خزمــەتی ئــەو مەبەســتانەی دەوڵــەت دەیەوێت، لەبەر ئەوە کاتی دەوڵەت ستراتیژییەتە ئاسایشییەکەی دادەنێــت ئــەوا پێویستە لەسەری کە ڕەچاوی هەموو ئەو پێدراوانە بکات کە بۆی ڕەخساوە.

((ئەو ستراتیژییەتەی بــەکارهێنانی هــەر ڕەگــەزێك لــە ڕەگــەزەکانی هێــزە گشتگیرەکان پشتگوێ بخات ناتوانی ئەوەی لە پێناویدا هەوڵــدەدات لــە ئامانجــە نەتەوەییەکان بهێنێتەدی)).

ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت هەموو بوارەکانی چالاکی دەوڵەت لە خــۆدەگرێ، لەبەرئەوە یاریکردن بەدەست درێژکردن لەسەر چالاکیە جۆربــەجۆرەکانی دەوڵــەت واتا دەستدرێژی لەسەر سەروەری دەوڵەت، کە مــافی ئــەوەی هەیــە کــە هــەموو هێزەکانی کۆبکاتەوە بــۆ بەرپەرچــدانەوەی ئــەم دەســتدرێژییە بــەو دەســەڵات و سەروەرییە کە هەیەتی.

## بەشی دووەم: کاریگەری دەسەڵات لە ئاسایشی دەوڵەتدا

هەروەك زانراوە کە چەمکی ئاسایشی دەوڵەت چەمکێکی رەها لەرووی کات و شوێنەوە، بەهۆی جیاوازی سیستەمە سیاسییەکان لە دەوڵەتە جیاوازەکان، بەهۆی ئەو جیاوازییەی رەوش و بارودۆخ لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر، ئەوەی بۆ ئەم دەوڵەتە گونجاوە بۆ دەوڵەتێکی تر گونجاو نییە، ئەوەی دەوڵەتێك هەندێ رێ و شوێن دەگرێتەبەر، ئەوا دەوڵەتێکی تر نایانگرێتەبەر لەرووی کراوەیی دەسەڵاتی یان سنورداری دەسەڵاتەکەی بەگوێرەی جۆری دەسەڵاتی سیستەمی ئەو حوکمەی کە هەیە.

جیاوازی نێوان دەوڵەتان لەبواری ئاسایشدا دێتە ئاراوە لەکاتی هەوڵدان بۆ دانانی سیاسەتە ئاسایشییەکان بۆ جێبەجێکردن، کە بارودۆخە بابەتی و پێدراوە واقعی و دەزگاکانی حوکمکردن تیایدا تەحەکوم دەکەن لە چالاکی ئەرکە ئاسایشییەکانی. بەڵکو لە رەسمکردنی سنوری سیاسەتە ئاسایشییەکانی ناوخۆی و دەرەکی پێش ئەمە لەگەڵ زەروورەتی رەچاوکردنی مەشروعیەت ومافە دەستورییەکان ئیعتیبار تەنها بۆ لایەنی تیۆری یان هەیکەل نییە، دەوڵەت سیستەم و هەیکەلەکان دادەنێت، بەڵکو رەنگە یاسا دەربکات بۆ ئەوەی ئاماژە بەوە بکات کە دەوڵەتێکی یاساییەوە پابەندە بەمەشروعیەت و پەیمانەکان و دەستور لەکاتی مومارەسەکردن چالاکیە ئاسایشییەکانی، بەڵام لەواقعدا بەپێچەوانەی ئەم پەیمانانە هەڵسوکەوت و مومارەسە دەکات، بەڵام عیبرەت بەمەودای پابەندبوونی دەسەڵات و مەودای توانای نەتەوەیە لەسەر ناچارکردنی دەسەڵاتەکەی بەپابەند بوون بەم پەیماننامانە، ئەمەش دەمەوانەی دڵنیایی لەبەردەم پێشێلکردنی دەسەڵات بۆ ماف و ئازادییەکان بەبیانووی ئاسایشەوە. لەزۆر لەحاڵەتەکان رەنگە ئەوەی لە دەستور و یاساکانی تردا دەقی لەسەر هاتووە کە ماناکان راڤەکراوە شتێکە و، ئەوەی دەوڵەت لە حەقیقەتدا



مومارەسەی دەکات شتێکی ترە لەسەر هەمان شێوەی کە زۆر لە سیستەمە دیکتاتۆری و شمولیەکان ئێستا مومارەسەی دەکەن.

کەواتە عیبرەت تەنها بەبوونی دەزگای ئاسایش و رێکخستنەکانی نییە، بەڵکو عیبرەت بەو دەسەڵاتەیە کە لە پشتێتی کە دەسەڵاتەکەی دیموکراسیە یان دیکتاتۆرییە.

هەرچەندە دەوڵەت یەکێتیەکی هەرێمایەتییە، لەسنوری هەرێمەکەی مومارەسەی دەسەڵاتەکانی دەکات بێئەوەی دەست لە کاروباری دەوڵەتانی تر وەربدات، لەم چوارچێوەیەدا جیاوازی نێوان دەوڵەتەکان لەبواری ئاسایش دا رووندەبێتەوە، ئەگەر هەندێ سیستەمی حوکم کاریگەری هەیە لەسەر هەندێ سیستەمی تر ئەوا ئەم کاریگەرییە لە سنورێکی دیاری کراو دایە لەبەر ئەوە هەر دەوڵەتێك سوورە لەسەر پێدراوەکانی تایبەت بەخۆی و خۆی بە تەنها مومارەسەیان دەکات، دەوڵەتانی تر هەن دانی پێدانانێن.

ئەمەش لە سۆنگەی ئەو فاکتەر و ئاراستە ئایدۆلۆژی و سیاسی و ئابوورییەی تایبەت بەم دەوڵەتە.

باسی لەوە دەکەین کاتێ قسەو باس دەکەین دەربارەی جیاوازی چەمکەکانی ئاسایشی بەگوێرەی فەلسەفەی سیاسی دەوڵەت و بەگوێرەی جیاوازی ئایدۆلۆژی نێوان هەر شێوەی ئاسایش لە سیستەمە دیکتاتۆری و سیستەمە دیموکراسییەکان.

### بەندی یەکەم: جیاوازی چەمکەکانی ئاسایش و فەلسەفەکانی

سەرەڕای جیاوازی نێوان دەوڵەتان لە فەلسەفەکانیان و هەروەها پلانەکانی بۆ پاراستنی ئاراستە سیاسیەکانی، بەڵام چەمکی ئاسایش چەمکێکی جێگیرە و ناگۆڕێت بەهۆی پەیوەستبوونی چەمکی ئاسایش بە فەلسەفەی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەوڵەت، دەبینین بواری ئاسایش بەکۆمەڵێك تایبەتمەندی جیادەکرێتەوە کە ئەمانەن:

1- بوارەکانی ئاسایش هەموو بوارەکانی چالاکی دەوڵەت دەگرێتەوە.

2- دەوڵەت ئەو پلانە دادەنێت کەوای دەبینێ دەستەبەری هێنانەدی ئاسایشی دەکات ئەمەش پڕکردنەوەی ئەم بوارەیە.

3- پلانەکانی ئاسایش لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازە بەگوێرەی ئاراستەی ئایدۆلۆژی و فەلسەفەی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کە دەوڵەتی لەسەر دامەزراوە.

ئەمە دەربارەی بواری ئاسایش بەڵام رەگەزەکانی ئاسایشی نەتەوەیی جێگیر دەبێت بەنیسبەت هەموو دەوڵەتەکانی لە رووی پاراستنی قەوارە و یەکپارچەیی و سەربەخۆیی و یەکێتی و سەلامەتی خاکەکەی بەگوێرەی ئەو رەگەزانەی کە ووردەکارییەکان لە هەردوو بواری ناوخۆیی و دەرەکی دەگرێتەوە.

بۆ نموونە لە سیستەمی ئەمریکیدا فەلسەفەی سیستەم پشت دەبەستێت بەمەزهەبی ئازادی ئابووری و ئازادییە کەسێتییەکان لەلایەك، لەسەر فەلسەفەی بیانووەکان یان پراگماتی لەلایەکی ترەوە، فەلسەفەیەکە گرنگی بەهێنانەدی سەرکەوتنە ماددییەکان دەدات کە سیاسەتەکانی دەوڵەت دەیانهێنێتەدی، بەبێ گرنگی دان بەهەر بەهایەکی ئاکاری یان نموونەیی کە لەمپەر دەخاتە بەردەم هێنانەدی ئەم ئامانجانە، بەڵام هێزی دەزگاکانی فشار لە رای گشتی سەندیکاکان و رێکخستنەکانی حزب و رێکخستنی شێوەی دەوڵەت کە لەسەر پرەنسیپی ئازادی و سەروەری یاسا بنیاتنراوە.

سنورێکی مەزن دادەنێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم فەلسەفەیە، هاوسەنگی نێوان بەرژەوەندییە جیاوازەکان و هێزەکان لە دەوڵەت، بەشێوەیەك لەکۆتاییدا کەشوهەوای ئازادی و دەستەبەری جیاوازەکانی کە بە هاوڵاتی بەخشراوە لەسایەی سیستەمی ئازاد سەردەکەوێ، بەڵام لەسیستەمی شیوعیەتدا، تیۆری مارکسیەت دامەزراوە لەسەر خاوەنداریێتی دەوڵەت بۆ هەموو شتێك لە هۆکارەکانی لەنێوهێنان هەتا دەگاتە شتە نزمەکانیش لە ماف و چاکییەکان.

لە کۆتاییدا هیچ شتێك بۆ هاوڵاتی نامێنێتەوە سەرەڕای ئەوەی لەرواڵەت دا — هەرچەندە لە لایەنی تیۆرییەوە- خاوەنی راستەقینەی تواناکانی ئەو سیستەمەیە کە



دراوەتە پاڵی و ئەوەی دەسەڵات مومارەسی تیادەکات لە رێگەی سۆڤیەتی هەڵقوڵاو لەشوێنی کار و رەنێوهێنان، بەڵکو لە هەمووولایەنەکانی دەوڵەت، سەرەڕای ئەمە ئەم هاوڵاتییە هەر ئەوەندەیە کە قەلغانێکە لە ئامێرێکی زەبەلاح کەئەوەیش ئامێری دەوڵەتی خاوەنداری هۆکارەکانی رەنێوهێنان و کاروباری دەسەڵاتە. لەسەر بنچینەی جیاوازی ئایدۆلۆژییەکان لێرە و لەوێ، **رواڵەتەکانی جیاوازی نێوان هەردوو سیستەم لە هەموو بوارەکان دەردەکەوێت.**

**1- لەبواری سیاسیدا:**

أ- هەردوو مەعەسکەر لەرووی سیستەمی حوکم، لەرووی تەشریع و یاساکان لەیەك جیاوازن، لەسیستەمی شیوعیەتدا- هەروەك ئاماژەمان پێدا- دەسەڵاتی لەدەست حزبی شیوعی دایە کە بە پاسەوانی یەکەمی فیکرەی شیوعیەت دادەنرێت، هەروەها پاراستن و بەهێزکردنی حزب و ئایدۆلۆژیا ئەو کرۆکەیە کە لە دەوروبەریدا فەلسەفەی ئاسایشی دەوڵەتی بەلوەرە دەکات.

ئەم سیستەمە لەسیاسەتە دەرەکییەکاندا جیاوازە لە رووی ئاراستەکانی ئەم سیاسەتە و پەیوەندی بەدەوڵەت و رێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان، دەستەگەرییەکان و هاوپەیمانی و ناوچەکانی دەسەڵات، کە کاریگەری هەیە لەسەر رێرەوی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ململانێی نێودەوڵەتی، لە هەموو رەوشەکانی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

بەڵام لەم خاڵەدا کە پەیوەندی بەململانێ نێودەوڵەتی هەیە، هەڵوێستی هەردوو دەوڵەت لەیەك نزیکدەبێتەوە، لەکاتێکدا جیاوازی بەروونی دەردەکەوێت لە بوارەکانی سیاسەتی ناوخۆیی هەردووکیان.

ب- بەڵام لەبواری سەربازیدا ململانێی نێوان هەردوو سیستەم شێوەیەکی روونتر وەردەگرێت هەروەك ململانێی نێوانیان توندتر دەبێت لەپێناوی فراوانکردنی ناوچەکانی دەسەڵات.

ج- ململانێ لەبواری ئابووری دا: ئەمــە دەردەکــەوێت لــە مــەودای پڕکردنــەوەی پێداویستییەکانی تاک، لە ئەندازەی ئەو ئازادییە ئابوورییە پێیان بەخشراوە، هەروەها ئەندازەی بەشداریکردنیان لەبواری ئابووری دەوڵەت.

د- لەبواری رۆشنبیری و کۆمەڵایــەتی: جیاوازییەکــە دەردەکــەوێت لــە مــەودای ئازادییــەکانیان لــە مومارەســەکردنی ســروت و پەرەســتنەکانیان، زمــان و کــەلتووره نەتەوەییــەکان و هێنانــەدی خوموختــاری نەتــەوەییان، پاراســتنی تایبەتمەندیەکانیان، جیاوازییە کە رووندەبێتــەوە لــە نێــوان سیــستەمێك کــە پارێزگاری لەم بەهاو نموونە و ئارەزووانە دەکات و لە نێوان سیستەمێك رەتی هەموو ئەم پێدراوانە دەکاتەوە و دژایەتیان دەکات، داوا لە تاکەکانی دەکات کــە لەیــەك بۆتــەدا بتوێنــەوە، کــە ئــەویش بۆتــەی سیــستەمە کــە داوا لــە کۆمەڵگەی پرولیتاریا دەکات کە لەگەڵیدا بگونجێ، کە زۆرێــك لەجیاوازییــە حەتمیەکان رەتدەکاتەوە تاوەکو لەوان زرێیەکی گەورە لە ئامێرێکی زەبــەلاح پێکبهێنرێت کە تەرخان بکرێت بۆ خزمەتییەك فیکرەی مەعنــەوەی کــە بــۆ هێنانەدی هەموو شتێك دەکات جا ماددی بێت یان مەعنەوی، جیــاوازی لــە فیکرە و ئاراســتە لــە نێــوان هــەردوو مەعەســکەر لەکۆتاییــدا دەبێتــەهۆی جیاوازی مەزن لــە واقعــی ژیانــدا، ئــەم جیاوازییــە زۆر بــەروونی لەلایــەنی ئاسایشییەوە دەردەکەوێت.

## بەندی دووەم: ئاسایش لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکاندا

جۆری سیستەمی سیاسی کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە هەموو لایەنەکانی ژیان لەدەوڵەتدا، بەتایبەتی لەلایەنی ئاسایشییەوە، لەرووی ئامانج و رێکخستن، مومارەسەکردن و مەودای فراوانی، دەربارەی ئەمە (فیدور بورلاتسکی) دەڵێ: ئەو سیستەمە سیاسییەی کە دەوڵەت هەڵێدەبژێرێت کاریگەری زۆری هەیە لەسەر هەموو چالاکیەکان تیایدا، بەتایبەتی لەسەر فەرمانڕەواکان کە کاروبارەکانی دەسەڵات لەکۆمەڵگە دەگرێتە دەست.

ئەگەر دەسەڵاتی جەوهەری حوکم بێت هەروەك (کوبلاند) ووتی، ئەوا ((ئاسایش جەوهەری دەسەڵاتە.

دوو کاروبار، زۆر پەیوەستبوون نین، هەروەك ئەو پەیوەستبوونە دەبینین لە نێوان دەسەڵات و ئاسایش و نێوان دەوڵەت و دەسەڵات)).

بەڵکو هەندێ کە وایدەبینن کە هەستکردن بە دەوڵەت لەبنەڕەتدا شاراوەیە بە هەستکردن بە دەوڵەت و دەسەڵاتەکەی، ئەم پەیوەستبوونەی نێوان ئەم دوو فیکرەیە راستەوانە و پێچەوانە دەبێت.

بە شێوەیەك دەوڵەت دەبێتە دەسەڵاتێکی فەرمانڕەوای کۆنترۆڵکار بە هەموو دەزگانی ئاسایش و دەسەڵات و هێزەکەی، بەشێوەیەك هیچ دەسەڵات و ئاسایشێکی تر نییە، ئاسایشی دەوڵەت، لەحەقیقەتدا یەکەمین و گرنگترین تایبەتمەندییەکانیەتی هەروەها یەکەمین و گرنگترین پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤایەتییە کە وەلامی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت دەداتەوە لەرووی بوون و بەردەوام بوون و مانەوەدا. کەلەسەر ئەمە دوو کەسیش جیاوازنین، بەلام جیاوازییەکە لە جۆری رێکخستن و لەمەودای دەسەڵات، لە سنوری ئازادییەکان و بواری ماف و دەستەبەرییەکانە.

دیکتاتۆریەت سیستەمێکی سیاسییە کە کەسێك یان گروپێکی دیاریکراو تاکڕەوانە دەسەڵاتی رەهای دەوڵەت بەرێوەدەبەن بەبێ هیچ چاودێرییەك، یان



بەرپرسیاریەتیەك لەلایەن گەل یان نوێنەرەکانی. لە سەردەمی رۆمانیدا ئەم سیستەمە ناسراوە کە ئەم تایبەتمەندیەیان دەبەخشیە کەسێکی بەرچاو کە جلەوی دەسەلاتی دەگرتە دەست وەك فەرمانڕەوایەکی رەها لە کاتە تەنگ و ناسکەکان، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. رەنگە هاوشێوەی حوکمە سەربازییەکان و راگەیاندنی حاڵەتی تەنگەتاوی یان حوکمی عورفی ئەمرۆ، دامەزراندنی فەرمانڕەوای سەربازی نێودەوڵەت بووبێت، لەسەر ئەم شێوەیەی کە لە زۆرێك لە دەوڵەتان دەبینین کە حاڵەتی شڵەژان و کارەساتدان.

ئەگەر ئەمە ئەو شێوە بێت کە لەسەردەمی رۆرمان بەدەرکەوت، ئەوا ئەو دیکتاتۆرییەی کە لێرەدا ئێمە مەبەستمانە دیکتاتۆریەتێکە کە کەس فەرمانڕەواکەی هەڵنەبژاردووە بۆ گرتنە دەستی جلەوی دەسەلات هەروەك رۆمان کردیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بەلام ئەوەی مەبەستمانە حوکمی تاکە، ئەوەی بە ئارەزوو و ئیرادەی خۆی حوکمی هەموو نەتەوە دەکات، بە دەستێکی پۆلایین هیچ دەنگێك لەدەنگەکانی بەرزتر نییە، هەر ئەو تاکە فەرمانڕەوایە، لەم سەردەمەی ئێمەدا نموونە زۆرە، یەکەمینیان دیکتاتۆرییەتی (مستەفا کەمال ئەتاتورك) ە لە تورکیا (1923–1938) و دیکتاتۆرییەتی (هورتی) لەمەجەر (1923–1944)، دیکتاتۆرییەتی (موسولینی) لە ئیتالیا (1926–1943)، دیکتاتۆرییەتی (هیتلەر) لە ئەلمانیا (1933–1945)، دیکتاتۆرییەتی (پرۆلیتاریا) لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو (1915–1919). بێگومان تا ئێستاش جیهان دیکتاتۆریەتی تێدا هەیە هەرچەندە ناوبانگییەکەیان وەك ناوبانگی ئەم دیکتاتۆریەتە مێژوویانە نییە، هەموو ئەم سیستەمانە حوکمی زۆرداری یان تێدا بووە، کە فەرمانڕەوا تیایدا یان دەسەلاتی فەرمانڕەوای لەحاڵەتی کۆمەڵەیەك-یان دەسەلاتی حزب یان چینە- ئەمە فەرمانڕەوایەکی رەهایە کە هەڵسوکەوتەکانی ملکەچی یاسا و دەستور نییە، هیچ چاودێرییەکی بەسەرەوە نییە، کاروبارەکان بەگوێرەی خەملاندنی کەسێتی حاکم و دارودەستکەی دەڕوا بەرێوە. زۆر دەسەلاتی زۆرداری خۆی لە دەسەلاتی فەرمانڕەوای تاکڕەو دەبینێتەوە کە دەسەلاتەکانی بەکاردەهێنێت بۆ هێنانەدی ئارەزوو و راو مەبەستە کەسێتییەکانی.

## تایبەتمەندییەکانی ئاسایش لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکاندا

1- سیستەمە دیکتاتۆرییەکان لە سروشتیاندا ئەو پەری گرنگی دەدەنە دەستەبەری سیستەمی حوکم بەبێ ئیعتبارکردن بۆ ئاسایشی تاك، دەوڵەت لە چەمکەکەیدا واتا فەرمانڕەوای حزبی سیاسی تایبەت بەخۆی، جا ئەم حزبە هەرچیەك بێت، حزبی نازی بێت یان فاشی یان ئەو سیستەمانە لە فەلەکی تاکڕەوی دەسەڵات لە دەوڵەت دا دەخولێنەوە، هیچ کێشەیەك بۆ ئاسایشی تاك نییە ئەگەر دژایەتی هەبوو لەگەڵ مانەوەی (سیستەم) یان هەڕەشە بوو بۆ ئاسایش دەسەڵات و سیستەم و فەرمانڕەوا، بەردەوام ئاسایشی دەسەڵات و سیستەم و فەرمانڕەوا، بەردەوام ئاسایشی سیاسی زاڵە بەسەر ئاسایشی نیشتیمان و هاوڵاتی لە سیستەمانەی تاکڕەوانە دەسەڵاتیان لەژێر دەستە.

2- بەرتەسکی یان نەمانی ئازادییەکانی تاك و مافە کەسێتییەکان، کە دەستەبەرییەکان نامێنن و زۆرلێکردن و زۆرداری پەرەدەستێنێ، ئیرهابی دەوڵەت بەدرەوشاوترین رواڵەتەکانی دەردەکەوێت، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە ئەو ئامانجەی لەدەزگاکانی ئاسایش داواکراوە پێچەوانە ببێتەوە ئەمەش دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ئیرهاب و تاوانی رێکخراو وچالاکی رووخێنەر.

3- ئیرهابی دەوڵەت و هەستکردنی گەل بەوەی نێچیری دەسەڵاتێکی زۆردارو بەزەبر و زەنگە دەبێتەهۆی زیان گەیاندنی گەورە بە ئاسایشی دەوڵەت ئەویش بەبڵاوبوونەوەی **چوار دیاردە، کە ئەمانەن:**

أ- توندتیژی و یاخی بوون و کاری ئاژاوەگێری لەلایەن ستەم لێکراوەکان ئەمەش یان بۆ رووخاندنی سیستەم و هەڵوەشانەوەی روکنەکانی یان بۆ گوزارشتکردن لەمانای بەرتەسکی و رەتکردنەوە ئەو زوڵم و زۆرەی کە لەسەریانە، یان بۆ جووڵاندنی هێزە کۆمەڵاتییەکان بۆ شۆڕشێك دژی سیستەم بۆ رووخاندنی.



ب- دەرکەوتنی شێوەکانی تاوانکاری سیاسی لەتیرۆرکردنی سەرکردە گرنگەکانی دەوڵەت بۆ گڕ بەردان، یان تەقاندنەوەی دامەزراوە گرنگەکان، شوێنە گشتییەکان بۆ شڵەژانی سیستەم و رووخاندنی هەیبەتی و نەهێشتنی متمانەی خەڵك بەدەوڵەت وەك رێخۆشکردنێك بۆ رووخاندن و هەڵوەشانەوەی.

ج- پەنابردنە بەرکاری نهێنی، دروستکردنی کۆمەڵەی نهێنی دژ بە سیستەم، بڵاوکردنەوەی چالاکیە رووخێنەرەکان لە دەوڵەت، کە ئەمەش لەلایەنی ئاسایشەوە زۆر هەڵدەگرێت، بەڵکو مەترسی هەیە بۆ ژیان و بوونی سیستەمەکە.

د- بڵاوکردنەوەی کاری سیخوڕی و بە کرێگیراوی و تێکدان و ئاژاوەنانەوە بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری رزگار بن، بەهیوای سیستەمێکی باشتر، ئەم خیانەتە لەلایەن دەوڵەتە دوژمنکارەکان، یان ئەو دەوڵەتانەی ئارەزووی شوێنپێیەکیان لەم دەوڵەتە هەیە پاڵپشتی دەکرێن.

4- دانانی چاودێرییەکی توند لەسەر را و فیکر و بیروباوەرەکان، کە دەوڵەت دەکاتە زیندانێکی گەورە، وا لە دەزگاکانی ئاسایش دەکات بێتە ئامرازێکی رەخساو بۆ سیخوڕیکردن لەسەر دوژمنانی نیشتمان بەڵکو بۆ سیخوڕیکردن لەسەر گەلی دەوڵەت و کپکردنی هەناسەکانی، رۆڵی دەزگاکانی ئاسایش گەورە دەبێت لەم حاڵەتدا و دەوڵەت بەتەواوی دەبێتە دەوڵەتێکی پۆلیسی، وشەی یەکەم تیایدا دەبێتە (پۆلیسی سیاسی)، کە رۆڵەکەی مەزن دەبێت و نیگا بۆ هەموو دامەزراوەکانی تری دەوڵەت و لە نێویدا خودی دامەزراوەی سەرۆکایەتی دەوڵەت دەکات، کە ئەویش هەر نێچیری دەزگاکانی ئاسایشە.

بەمەش دەوڵەت بەتەواوی دەبێتە شانەیەکی ئاسایشی پارێزراو کە لە بۆشاییدا دەخولێتەوە تاوەکو دەوڵەتەکە لە ناودەچێت لە دیارترین تایبەتمەندیەکانی سیستەمە دیکتاتۆرییەکان نەبوونی دەستەبەری دەستووری و یاسایی، رووی پۆلیسی سیاسی و دەسەڵاتەکانی کۆنترۆڵکردنی کارگێڕییە،

گریمانه دەکرێ که دەسەڵاتەکانی ئاسایش بەسیفەتێکی تایبەتی و دەسەڵاتەکانی کۆنترۆڵکردنی کارگێری به سیفەتێکی گشتی، دەسەڵاتی گشتین، لەبنەڕەتدا گوزارشت له ویستی گشتی دەکات و لەجەوهەریدا ئامانجەکەی خزمەتی گشتییه که خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتییه بە بڵاوکردنەوەی سیستەمی گشتی و چاودێری ئادابی گشتی و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییە، لەبەرئەوە دەبێ چالاکیەکانی بۆ ئەم ئامانجانە بێت نەك شتی تر، تاوەکو لەم چوارچێوەیه دەرنەچێت، سیستەمە دیموکراسییەکان سوورن لەسەر فەراهەمکردنی دەستەبەری و کۆڵەگە پێویستەکان که حوکمی چۆنیەتی بەجێهێنان ئەرکەکانی دەکات ئەمەش بەهۆی سووربوون لەسەر مافه دەستوورییەکان بۆ هاوڵاتیان بەرامبەر ئەم دەسەڵاتانه، **ئەمەش بەگرتنەبەری ئەم هەنگاوانە:**

1- له دەستووری دەوڵەتدا دەقی لەسەر هاتبێت.

2- پسپۆریەتی بۆ دیاری بکات که ئامانجەکەی بەرژەوەندی گشتی بێت، ئەمەش بەیاسا دەبێت دژایەتی لەگەڵ حوکمەکانی دەستوور نەبێت.

3- بەدەستەبەری و کۆت و بەندی دەوره درابێت کەوای لێ بکات نەتوانێ تاکڕەوانه دەسەڵات بگرێتەدەست.

له کاتی پێشێلکردنی ئەم دەستەبەرییانه دەبێ لێپرسینەوە و لێپێچنەوەی لەگەڵ دابکرێت، بەڵام له سیستەمە دیکتاتۆرییەکان، دیکتاتۆر چاوبەستی ئەکات بەهەندێ کوت و بەند دەستەبەری له دەستووری سیستەمە بنەڕەتییەکەی عادەتەن ئەمە سەر کاغەزه، سیستەم پێیەوە پابەند نابێت، بۆ ئەو کەسەی خۆی وادادەنێت.

بەوەی که حوکم دەکات بەگوێرەی یاساو دەستوور، بەڵگە نیه، ئەگەر یاسا و دەستوور دروستبکات ئەوەنده ناخایەنێت که بەردیوار دەکەوێت هەرکاتێ ناکۆکی هەبوو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی عیبرەت بەو یاسایانه نیه که فەرمانڕەوای تاکڕەو دەریدەکات بەڵکو عیبرەت به مومارەسەکردنە، له کۆتاییدا



سیستەمی دیکتاتۆری سیستەمێکە که بنیاتدەنرێت لەسەر زۆرداری و گرتنەدەستی دەسەڵات.

زۆر لەگەلان باجێکی قورس دەدەن بۆ رزگاربوون له سیستەمه دیکتاتۆرییەکان، نموونەش زۆره بۆ ململانییەکان، کەخاوەن مۆرکێکی ئاسایشییه لەپلەی یەکەمەدا، له نێوان ناوەندەکانی هێز لەدەوڵەت و نێوان هێزەکانی تری دژ به دەوڵەت، بەڵکو له نێوان گەل و هەندێ دەزگاکانی دەسەڵات، که هەزاران کەس دەگرێت به بیانووی ئاسایش و پارێزگاریکردن لەسیستەم- هەروەك لەباشوری ئەفریقا چەندین شوێنی تر لەجیهان رووی دا، هەروەك له پۆڵەندا روویدا چەند ساڵێك، که تاکەکان رژانه سەر شەقامەکان و سەدان کەسیان گرت به بیانووی سەقامگیری ئاسایش و سەروەری یاسا و سیستەم، که ئەمە دیارترین شێوه دەبەخشێته جۆری ئاسایش له سیستەمه دیکتاتۆرییەکان، سیستەمی دیکتاتۆری ئاسایشی خودی خۆی لەدەستدەدا چۆن ئاسایش بۆ کەسانی دابیندەکات، ئەگەر فەرمانڕەوای زۆردا ئاوڕ بەراست و چەپی دەداتەوە لەترسی ژیانی خۆی، چۆن ئاسایش دەداته هاوڵاتیان.

راسته که ئەوەی هیچی نەبێت نابەخشێت.

**بەندی سێیەم: ئاسایش لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا**

شێوەی ئاسایش لەسیستەمە دیموکراسییەکان بەتەواوی جیاوازە لەسیستەمە دیکتاتۆرییەکان، لەسیستەمە دیکتاتۆریەکان دان نانرێت بە تاك یان پیرۆزی ژیانە تایبەتیەکەی، پاشان لەسەر حیسابی ئازادییەکەی گرنگییەکی زۆر بە دەزگای ئاسایش دەدرێت، دەسەڵاتەکانی گەورە و فراوان دەبێت، لەبەر ئەوە شێوەی دەوڵەت دیاریدەکرێت بەگوێرەی مەودای دانپیانانی بە دەزگای ئاسایش و دانانی دەستەبەری و قەوارە و سەربەخۆیی بۆ ئەم دەزگایە، ئەگەر ئەم دەستەبەرییە نەمان، دەزگای ئاسایش بەکارهات بۆ خزمەت فەرمانڕەوا دارودەستەکەی، ئەوا ئەم دەزگایە هیچ شتێك زیاد ناکات تەنها مەرکەزێکە لە مەرکەزەکانی هێز لەدەوڵەتدا، دەزگا سەرکوتکەرەکان زیاتر دەبێت و ئەمەش دەرکەوتەی سلبی لێدەکەوێتەوە چەندین جار زیاتر لەوەی لێچاوەڕوان دەکرا کە دەسکەوت بەدەست بهێنێت بۆ دەزگا سیستەمە حوکمەکەی بۆیە شێوەی دەزگاکانی ئاسایش لە سیستەمە شمولیەکان شێوەیەکی ترسێنەرە و هاوڵاتیەکانی لە ترس و تۆقاندندان لە جیاتی ئەوەی دڵەکانیان ئارام و دڵنیایی بێت.

بەڵام لەسیستەمە دیموکراسییەکان، هەموو تاك و تایبەت و پیرۆزییەك و ماف و ئازادی دەپارێزێ، هەروەها پاراستنی هەموو ئەوەی دیموکراسییە، بەئاگا هاتنەوەی گەل و کۆڵنەدانی دادگا دوو فاکتەری جەوهەرین بە رووی دەسەڵاتی پۆلیسی دەستوەدەر، هەروەها بۆ ئەم دەسەڵاتە نییە فراوان بێت مەگەر لەبواری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، ئەمەش کارێکە رێکدەکەوێت لەگەڵ سروشتی فەلسەفەی خۆشگوزەرانی گشتی کە دیموکراسیەت بەپلەی جیاواز بڕوای پێیەتی، لەبەر ئەوە وەزیفەی ئاسایش لەسیستەمە دیموکراسییەکان بریتییە لە دەستەبەری گێڕانەوەی ئاسایش و دروستکردنی کەش و هەوایەکی سەقامگیر و دڵنیایی و پاراستنی ئاسایشی دەوڵەت لە هەرسێ چوارچێوەکەی، ناوخۆیی و هەرێمایەتی نێودەوڵەتی لەمیانەی دیدگای دیموکراسیەت دەربارەی ئاسایش واتا ئاسایشی



هەموو کۆمەڵگە و ئاسایشی دەوڵەت بەمیللەت و فەرمانڕەوا وخاك و بەرژەوەندییەکانەوە، هیچ گروپێکی فەرمانڕەوا یان چینێك یان حیزبێك نییە هەموو دەسەڵات و ئاسایشیان هەبێت، گەلیش هیچی نەبێت.

ئاسایش لەسیستەمە دیموکراسییەکان جیاوازە لە ئاسایش لەسیستەمە دیکتاتۆرییەکان لەرووی ئامانج و پێناوەکان، لە رووی دەستەبەرییە دەستووری و یاساییەکان، لە رووی مومارەسەکردن و چالاکیدا،

1- لەرووی ئامانجەوە، ئامانجێکی نەتەوەییە، تەنها بەمانا جوگرافیەکەی نا، بەڵکو بەمانای وشەنەتەوەیی، لەم چوارچێوەیەدا نەتەوە و کۆڵەگەکانی و گەل و کەرتەکانی و گروپە جیاوازەکانی دەگرێتەوە، ئامانجێکی گشتگیرانەی هەیە کە ئەویش بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەتە، پارێزگاری لە گروپێکی تایبەت ناکات بەڵکو بۆ هەموو گەل دەکات.

2- لە رووی دەسەڵاتەکان و یاسا، لە دەوڵەتی دیموکراسیدا، دەستوور و یاسا کاری ئاسایش رێکدەخەن، زۆر بەوردی بواری حوکمەکانی و پسپۆری و پێناو و شێوازەکانی و سنووری پسپۆرییەکانی بۆ دیاری دەکات هەروەها کەی ئەم پسپۆرییانە لەگەڵ پسپۆرییەکانی تر یەکتر دەبڕن دیاری دەکات هەروەك شێوازی ئیجراتی و یاسایی کە پێویستە پەیرەویان بکات و ئەو هەڵە و تێپەراندن و خلیسکانە قەدەغەکراوانەی هەیە پێویستە خۆیانی لێ بپارێزێ، کە لەسەری لێپرسینەوە دەکرێ.

لەبەر ئەوە زۆر بەبایەخەوە کادیرەکانی هەڵدەبژێرێت و بە ئاستێکی بەرفێری مەشقکردن و راهێنان و لێهاتوویی دەکرێت تاوەکو رۆڵەکانی خۆی بگێرێت لە سنووری یاسا و سیستەمی گشتی.

3- دەزگای ئاسایش هەروەك زانراوە سەربە دەزگای جێبەجێکردنی دەوڵەتە، زۆر لە کارەکانی دەخرێتە ژێر چاودێری راستەوخۆی چەندین ئاست، لە سەرۆکە راستەوخۆکانی بەجیاوازی پلە وەزیفیەکەیان لە رێگەی زنجیرەی هەرەمی، یان سەرکردە سیاسییەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی (وەزیری پسپۆر) یان

سەرۆك وەزیران یان سـەرۆکی دەوڵـەت بـەگوێرەی سـەلاحیاتی دەسـتووری و یاسایی بۆ چاودێریکردنی کاری دەزگاکە و باش بەڕێوەبردنی.

4- هــەروەك دەســتەبەری یاســایی و دەســتوری هەیــە لەســایەی سیــستەمی جیاکردنەوەی نێوان هەر سێ دەسەلاتی تەشریعی و جێبـەجێکردن و قـەزائی، ئەمەش چوارچێوەیەکی چاودێری گـشتگیرانە فەرهەمـدەکات بەسـەر کـار و چالاکی و تێپەڕاندنەکانی دەزگاکـانی ئاسـایش و ئەندامـەکانی، جـا ئەمـە لەچوارچێوەی چاودێری قەزا بێت، یان چاودێری پەرلـەمان، کـە لـەگرنگترین تایبەتمەندیەکانی سیستەمی دیموکراسییە.

لەبەر ئەوە چەمکی ئاسایش لەسیـستەمە دیموکراسـیەکان دا دژایـەتی نییـە لەگەڵ چەمکی ئازادییە گشتییەکان یان ئازادی کەسێتیان مافی مـرۆڤ هـەروەك مەوداکەی فراوان دەبێـت لـە سـۆنگەی چـەمکەکانی (دیموکراسـیەتی ئاسـایش) وشمولیەتی روانینەکانی بـەوەی کـورت نەبێتـەوە لەسـەر ئەرکـەکانی ئاسایـشی سیاسی بەتەنها- هەروەك ئەم حاڵەتە لەسیـستەمە شمولییـەکان هەیـە- بـەگوێ نەدان بەوەی لە هەموو رووەکانی ئاسایش دا هەیە، بەڵکو درێژ دەبێتەوە تـاوەکو تاوانە ئاساییەکانیش بگرێتەوە، کەی هەستی کرد ئەمە هەڕەشە دەکـات لەسـەر ئاسایـشی هـەموو گـەل، ئامانجـە بەرزەکـەی ئاسایـشی هـەموو دەوڵەتـە نـەك ئاسایشی بژاردە، یان تەنها ئاسایشی دەسەلاتی فەرمانڕەوا.

پوختەی قسان ئاسایش لەسیستەمە دیموکراسـییەکان جیاوازییـەکی فراوانـی هەیە لەسیستەمە دیکتاتۆرییەکانی کە تیایدا خزمەتی چینێك یان حیزبێك یـان سیستەمێکی فەرمانڕەوا دەکات بەبێ گرنگیـدان بەرەگـەزەکانی تـری دەوڵـەت، ئاسایش لەسیستەمە دیموکراسـییەکان، ئاسایـشی دەوڵەتـە بەگـەل و حکومـەت وخـاك وئاسمـان و فـەرمانڕەوا، پاڵنـەر و ئامانجەکـەی بەرژەوەنـدی گـشتییە، دەستەبەرییە دەستووری و یاساییەکان دەوریان داوە.

دەستوور و یاسـاکانی حـوکمی چـالاکییەکانی دەکـات، و ملکەچـی چـاودێرییە جیاوازەکانی دەوڵەتە. جا ئەمە لە شـێوەی چـاودێری میللـی بێـت لـە رای گـشتی و



ڕێکخـراوە جەماوەرییـەکان، یـان لـە چوارچـێوەی چـاودێری قـەزائی کـە لەسـایەیدا هاولاتیان دەتوانن لە سایەی پەنای بۆ ببەن و دەزگاکانی ئاسایش بەگژیـدا بـچن هـەر کاتی سنووری تێپەڕاند، بەفیرۆیدا هەر بەهایەك لە بەها بنەڕەتییەکان کە کۆمەڵگـەی دیمواکرسی لەسەر دادەمەزرێت لەتەك چاودێری دیموکراسیانەی پەرلەمان کە دەتوانێـت کاروبارەکان لە شوێنی خۆی دابنێت، نەك تەنها بە لێپرسینەوەی دەزگاکانی ئاسـایش بەڵکو بەرووخانی حکومەت ئەگەر پێویستی کرد.

## بەشی سێیەم: پێکهاتەی دەوڵەت و کاریگەری لەسەر ئاسایش

دەوڵەت بەردەوام لە حاڵەتی هاوسەنگی دینامیکی دایە لە نێوان ئەو هێزە دوورخەرەی کاردەکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی، نێوان ئەو هێزە کێشمەندەی کاردەکات لەسەر هێز و پەیوەستبوونەکەی، تاوەکو لەسەر ژیاندا بمێنێت.

دەبێ هێزی کێشمەند و پەیوەست بوون تیایدا- کە فاکتەری یەکێتیەتی- سەر بکەوێت بەسەر هێزی دوورخەر و پەرش و جیاجیا بوو کە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەیەتی.

هەموو ئەو فاکتەری ئاسایشین کە تیایدا ئیجابییە و تیایدا سلبییە، وەهەر یەکێکیان دەگاتە ئەنجامەکەی.

بەڵام دەوڵەت لە ژیاندا دەمێنێت، پارێزگاری لە مانەوەی دەکات، دەبێ بە وەزیفە بنەڕەتییەکەی هەڵسێ لە حوکم و دەسەڵاتدا، ئەگەر سەیری ئەرکەکانی دەوڵەت بکەین لە سیستەمی نێودەوڵەتی هاوچەرخ، دەبینین ئەرکەکانی دەوڵەت ئاسایشین، جا ئەم دەوڵەتە دەوڵەتی یەکێتی سادە بێت، یان دەوڵەتی یەکێتی لێکدراو بێت.

دەکرێ ئەرکەکانی حوکم لە دەوڵەت لە **پێنج خاڵی خاوەن سروشتی ئاسایشی پوختبکەینەوە، کە ئەمانە:**

1- پاراستنی دەوڵەت و پاراستنی تاکەکان لە هەموو دەستدرێژییەکی دەرەکی.

2- پاراستنی هەندێ لە تاکەکان لە تاکەکانی تر.

3- پاراستنی خاوەندارێتی تایبەت.

4- پاراستنیماڵی گشتی و موڵکی دەوڵەت و پاراستنی مافەکانی تاك.

5- پاراستنی تاکەکانی لە کارەساتە چاوەڕواننەکراوەکان وەك لافاو و بومەلەرزە و با و باران و کارەساتەکانی تر.



ئەگەر ئەرکی دەوڵەت لە بنەڕەتدا سروشتی ئاسایشی بێت، ئەوا دەبێ شێوەی سیاسی و یاسایی دەوڵەت بگونجێ لەگەڵ ئەم داخوازییانە کە بەدەماری بنەڕەتی دەوڵەت دادەنرێت، سروشتی شێوەی حوکم لەهەر دەوڵەتێك دەبێ بگونجێ لەگەڵ ئەو داخوازییە کاریگەرانەی کە رووبەرووی دەوڵەت دەبێتەوە، باوەڕ ناکەم هیچ داخوازییەك ئەوەندە پێویست و کاریگەر بێت لە دەوڵەت لە داخوازییەکانی ئاسایش، ئامانجی بنەڕەتی ئاسایشی سیاسی و نەتەوەیی دەوڵەت، پاراستنی سەلامەتی خاکەکەیی و سیستەمی حوکمە تیایدا، ((ئەمە کارێکە لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەت لە یەکەم شێوەیدا پێویستبوون بە ئاسایش هەیە)).

هەرچەند سیستەمەکانی حوکم هەندێکیان کاریگەریان هەیە لەسەر هەندێکی تر، پاشان هەر شێوەیەك کاریگەری هەیە لەسەر شێوەکانی سیستەمی ئاسایش تیایدا، لەم بەشەدا باس لەم شوێنەوارانە دەکەین، لەبەندی یەکەمدا باس لە شوێنەواری شێوە دەکەین لە دەوڵەتی یەکێتی، پاشان لە بەندی دووەمدا باس لە شوێنەواری شێوە دەکەین لە دەوڵەتی لێکدراو تیشك دەخەینە سەر شێوەو شوێنەوارەکانی ئەم دەوڵەتانە و پێکهاتەکەی لەسەر وەزیفەی ئاسایش.

### بەندی یەکەم: ئاسایش لە دەوڵەتی یەکێتیدا

ئەگەر سەیری یەکێتی بکەین دەبینین دەوڵەتی نموونەییە لە رووی نموونەترین شێوەی دەوڵەتەوە، لە رووی سیستەم و چالاکی دەزگاکانی ئاسایش تیایدا.

هەروەها لە رووی ئەو شوێنەوارانە لێیدەکەیتەوە بەهۆی ئەوەوە کە ئەم سیستەمە هەڵساوە بە وەزیفەکانی بە رێگایەکی دروست و نموونەیی، بە شێوازێکی زانستی کە نێوان واقع و رێکخستن، نێوان پێدراوەکان و دەرئەنجامەکانی پێکەوە دەبەستێیت، ئەمە باشترە لە دەوڵەتی یەکێتی- بە تایبەتی لە بوارەکانی رێکخستنی ناوخۆیی ئاسایش. هەرچەند شێوەی دەوڵەت سادە بێت ئەوا لەلایەنی کۆنترۆڵکردنی کاتەوە سەرکەوتوو ترە، بەشێوەیەك کارایی ئەو دەزگایانەی هەیە لەسەر ئاسایش زۆر باڵا دەست و دەرك پێکردن و تەرکیز و بە نەرم ونیانی دەبێ

لەفرەیی شێوازە کارگێرییەکان و مومارەسەکردنەکانی کەوا لە دەوڵەتی سادە دەکات بتوانێت بگات بەو ئامانجانەی ویستویەتی بە هێنانەدی ئاسایش و سیستەم بە شێوەیەکی زۆر خێرا و باش.

هەرچەندە دەوڵەت ئەرکەکانی بەجێدەگەیەنێت لە میانەی چالاکییە سەرەکییەکانی لە رووی شوێن و جۆرەکەیدا.

ئەوا بێگومان بوارێکی باشتر دەبینێتەوە بۆ مومارەسەکردنی ئەم چالاکییانە هەرچەند  چوارچێوەی دەوڵەت کە شانۆی ئەم چالاکییەیە دیاری کراو و سادە بێت، رەمز و نیشانەی و خەسڵەتەکانی گونجاو.

ئەگەر شێوەی دەوڵەت و شێوە یاساییەکەی لە هەرسێ روکنەکانی کە گەل و هەرێم و دەسەڵاتە، دەردەکەوێت، کە مەبەستی دەسەڵاتە لەمەودای پابەندبوون و ناچار بوون بە ئیجرائاتی دیاری کراو، ئەمەش مەودای گرنگی ونەرم و نیانی رووکاری ماددەی دەسەڵات دەردەخات بەتایبەتی لەبواری جێبەجێکردنی، ئەم دەسەڵاتەکەی توانای هەبوو لەسەر ناچارکردنی تاکەکان بەرێزگرتنی ویستی دەسەڵات و ملکەچی دەسەڵاتەکەی ئەوا دەتوانێ ئاسایش بهێنێتەدی و سیستەمەکە بپارێزی، هەرچەند نەرم و نیان و باڵا دەست و بەتوانا بێت ئەمەش زیاتر لە دەوڵەتی یەکێتی دێتەدی لەوەی دەوڵەتانی تر.

پارێزگاریکردن لەسەر شێوەی یاسایی دەوڵەت، بنیاتدەنرێ لەسەر هەوڵی دەسەڵات و ئاسایش کە تیایدا شێوە و پێکهاتەی دەوڵەت رۆڵێکی گەورە دەگێرێ، جا ئەمە بەنیسبەت بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی بێت لە پاراستنی ئاسایشییەکەی یان لە پەیوەندییە دەرەکییەکانی لەبواری نێودەوڵەتی، **ئەمانە ئەرکەکانی دەوڵەتن:**

1- چالاکی سیاسی.

2- چالاکی سەربازی.

3- چالاکی ئابووری.

4- چالاکی کۆمەڵایەتی.



هەوڵ و چالاکی، رێکخستن و کردەکان توانایەکی گەورە دەخوازی لە هەوڵ و جێبەجێکردن تاوەکو ئەم ئامانجە بێتەدی.

ئەم گرانابیە بنەڕەتی رووبەرووی دەوڵەت دەبێتەوە جا شێوەکەی یان جۆری حوکمەکەی هەر چۆنێك بێت. بەڵام کارایی بەجێ گەیاندن و رێکخستن و کۆنترۆڵکردن زۆربەی جار لە دەوڵەتی یەکێتی زۆر کارایە. بەڵام بەسروشتی حاڵ زۆر فاکتەر رۆڵی هەیە لە دروستکردنی ئەو کاریگەرییەی لێرەو لەوێ پێویستە کەوا لە کاریگەر و دەرئەنجامەکان دەکات کە گونجاو نەبێت لە هەموو حاڵەتەکان لەگەڵ ئەوەدا دەوڵەتی سادە یان یەکێتی دەمێنێتەوە کە باشترین نموونەیە لەرووی پێکهاتەکەی بۆ پارێزگاریکردن لە ئاسایش و سیستەم.

دەوڵەتی یەکێتی دەوڵەتێکە لە سادەترین شێوەکەی کە دەردەکەوێت دەستەگەرییە، سەروەرییەکەی یەکگرتوو و جێگیرە لە دەستی یەك حکومەتی ناوەندی بەبێ بەشداری یان دابەشکردن، لەسەر ئەوە دەوڵەتی سادە یان یەکێتی جیادەکرێتەوە بەیەکبوونە سیاسییەکەی واتا بەیەکبوونە دەستوورییەکەی لە تەشریع، هەتا ئەگەر یەکبوونە کارگێرییەکەشی نەیەتەدی هەروەك ئەم حاڵەتە لە سیستەمە نامەرکەزییەکاندا هەیە. ئەمانە هەموو خەسڵەت گەلێکن یارمەتی دەدات لە بەجێ گەیاندنی ئەرکە ئاسایشییەکان و سەقامگیری ئاسایش و ئاشتی لە ناوچەکە بەو پێیەی یەك دەستەگەری دەستووری و یاساییە، کە یەك حکومەتی ناوەندی هەیە کە هەموو کاروبارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بەرێوە دەبات، یاسا و تەشریعاتەکانی هەموو هەرێمی دەوڵەت دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا بەگوێرەی پێویستی پێداویستییەکانی ژینگە لە هەرێمە جیاوازەکان دەبێت، بەشێوەیەك یاسا دادەنێت بۆ هەر هەرێمێك کە بگونجێت لەگەڵ پێویستییەکانیان بەبێ ئەوەی سازش بکات لە کۆنترۆڵکردنی تەواوی هەموو ئەوەی پەیوەندی هەیە بە کاروباری ئاسایش و بەرگریکردنی لێی دەوڵەتی یەکگرتویی خاوەن یەك دەستور و یەك دەسەڵاتی تەشریعی کە پێویست نیە یەکانگیری دەسەڵاتی کارگێری بێت. بەڵکو یەکگرتوو لە رووی ئاسایشەوە،

ڕەنگە بە سیستەمی کارگێری ناوەندی وەربگرێت، ڕەنگە بە سیستەمی لامەرکەزی وەربگرێت کە هەڵدەستێت بە دابەشکردنی وەزیفەی کارگێری لە نێوان ناوەند و هەرێمەکان، کە شێوەی جیاواز لە شێوەکانی حوکمی خۆجیی وەردەگرێت کە لەگەڵ ناوەندا زۆرێك لە دەسەڵات وەزیفەکانی دەوڵەت دابەش دەکات، بەڵام وەزیفەی ئاسایش و بەرگریکردن لە قەوارەکەی بەردەوام و هەتاهەتایە بە وەزیفەیەکی یەکگرتوو دەمێنێتەوە. دەوڵەت لە کاتی ڕێکخستنی دەزگای ئاسایش دەبێ ڕەچاوی بارودۆخی بابەتی بکات کە پاڵ دەنێت بۆ هەڵبژاردنی جۆری هەرە باش لە سیستەمەکان بۆ بەڕێوەبردنی ئاسایش بە شێوەیەکی نموونەیی بە شێوەیەك ڕێکخستنە هەڵبژدراوەکە.

**لەم دەوڵەتە بەم شێوە دەبێت:**

1- بەتوانایە لەسەر پەیوەندیکردن بەهەموو خاڵەکانی خاکی نیشتمان، خاوەن مەرکەزێکی ناوەندییە باڵادەستی و کۆنترۆڵکردنی ئاسایشی پێ دەدات لەسەر هەموو بەشێك لە بەشەکانی دەوڵەت.

2- جۆری ئەم ڕێکخستنە گونجاو بێت بۆ مەسەلە و پێداویستییە ناوخۆییەکانی دانیشتوان، وەڵامدراوەی کێشە هەرێمی خۆجێیەکان بێت، لە هەمان کاتدا گونجاوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی دەوڵەت بەگشتی و لە دیدگایەکی نەتەوەیی بەشێوەیەك ناوەند زاڵ نابێت بەسەر بنەڕەتییەکانی هەرێم هەرێمیش جیا ناکرێتەوە لەسەر حیسابی قەوارەی دەوڵەت بەگشتی، یان لەسەر حیسابی هەرێمەکانی تر.

3- جۆری ڕێکخستنەکە گونجاو بێت بۆ دەوڵەت لە ڕووی تێچوونی دروستکردن و بەڕێوەبردنی، بە شێوەیەك دەوڵەت توانای جێبەجێکردنی هەبێت بەشێوەی نموونەیی.

4- دەوڵەت بتوانی دەزگا ئاسایشیەکانی ڕێکبخات لەسەر ئاستی هەرێم و یەکە لامەرکەزییەکانی کەم و کوڕی تەرکیزی دەسەڵات لەلایەن ناوەندەوە لاببات، بەشێوەیەك کە کارایی ئەم یەکانە ئیفلیج نەکات، کە توانای بەجێگەیاندنی



وەزیفەکەی نەبێت بەهۆی توندی دەسەڵاتی مەرکەز بەسەرییەوە، بەشێوەیەك ئەم یەکانە نەبنە گرانایی بەسەر خەزێنەی گشتی، کە دەبێتە هۆی ماندووکردنی میزانیەی دەوڵەت، لە جیاتی ئەوەی ببێتە پاڵپشتێك بۆی لە سووککردنی گرانایی ماددی ئاسایشی کە دەکەوێتە ئەستۆی.

هەرچەندە سیاجی ئاسایش، ئەو سیاجە بەهێزە داواکراوە دەوڵەتە بەگشتی، ئەوا گرنگیدان بە ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت لەسەر ئاستی هەرێم و یەکە خۆجییەکان زۆر گرنگە، ئەو کۆڵەگانەن کە دەبنە چوارچێوەی گشتی بۆ ئاسایشی دەوڵەت بۆیە دەبێ گرنگییەکی تەواو لەسەر ئاستی خۆجێیی بە ئاسایشی دەوڵەت بدرێت هەروەك ئەو گرنگییەی بەپایتەخت و ناوەندەکانی پۆلیس دەدرێت.

چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت سەرەڕای ئەوەی پشت دەبەستێت بە بەهای باڵای سیاسی وەك میحوەرێکی بنەڕەتی بۆ بەرگریکردن لەدەوڵەت و پاراستنی، ئەو لەخودیدا بەبەهایەکی خودێتی و کاتی و خۆجێیی دادەنرێت، سووربوون لەسەری پێویستە.

ئەگەر سەیری شێوەی دەوڵەت بکەین لەڕووی پێکهاتەوە، شێوەی دەوڵەت و قەبارە و پلەی گەشەندنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی تیایدا و تایبەتمەندییەکانی ئەو سیستەمە سیاسییەی حوکمی دەکات و فاکتەرە دەرەکی و ناوخۆییەکان هەموو ئەمانە کاریگەری هەیە لەشێوەی ئاسایش تیایدا، بەڵام سادەیی شێوەی دەوڵەت و یەکبوونی لەڕووی دەسەڵاتی تەشریع و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، وا لەدەوڵەت دەکات زۆر چالاك و کارابێت بۆ هێنانەدی ئاسایش و پاراستنی. لەبەر ئەوە شێوەی دەوڵەتی بەباشترین شێوەی دەوڵەت دادەنرێت لەڕێکخستنی دەزگای ئاسایش، لەتوانا هەبوون بۆ هێنانەدی بەڕێوەبردنێکی باشتر و دەرئەنجامی باشتر بۆ ئەرکی ئاسایش تیایدا.

## بەندی دووەم: ئاسایش لە دەوڵەتی لێکدراودا

دەوڵەتی لێکدراو چوار جۆر لەدەوڵەتی یەکێتی دەگرێتەوە کە جیاوازن لە جۆری یەکێتی، مەودای هێز و کاریگەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان لەسەر ئەوە دەوڵەتان بەشدارن تیایدا، ئەمەش دەخولێتەوە لە نێوان توانەوەی کامل لەچوارچێوەی یەکێتی، هەروەك لەحاڵەتییەکانی ئیندماجیدا، لە نێوان تەنها هاوپەیمانیەك دا هەروەك لە حاڵەتی یەکێتی سەربەخۆخوازییەکانیدا هەیە، **ئەم یەکێتیانەش بریتین لە:**

ئەم یەکێتی یانە ئەمانەن:

1- یەکێتی کەسێتی

2- یەکێتی کردەیی یان حەقیقی

3- یەکێتی هاوپەیمانی

4- یەکێتی فیدراڵی

لەم بەندەدا باس لە کاریگەری هەر جۆرێك لەم جۆرانە لەسەر ڕێرەوی ئاسایش تیایدا دەکەین.

### یەکەم: یەکێتی کەسێتی

یەکێتی کەسێتی یان جۆرەکانی دەوڵەتی یەکێتی، بریتییە لە یەکێتییەك، هەروەك هەندێ زانا دەڵێن: بەرێکەوت دروست دەبێت و بەڕێکەوتیش لەناودەچێت، چونکە زۆربەی جار دەرەئەنجامی ڕووداوێکی لاوەکییە لە ژیانی دەوڵەتدا، کە عەرشی دوو دەوڵەت یان زیاتر لەیەك کەس دا کۆدەبێتەوە جا پادشا بێت یان ئیمپراتۆر یان سەرۆکی هەردوو دەوڵەت بێت، هەروەك ئەمە ڕوویدا لە نێوان هەردوو کۆماری پیرۆ و کۆلۆمبیا لە ساڵی 1814، پاشان فەنزویلا، کە سەرۆکایەتی ئەم سێ دەوڵەتە لەژێر یەك سەرۆك کۆبووەوە، هەروەك



ئەم یەکێتییە بەڕێکەوتی مێژوویی دروست دەبێت هەروەها بەڕێکەوتیش لە ئەنجامی ڕووداوێکی لەخۆوە (حادث عارض) لەناودەچێت.

وەك تەنها جیاوازییەك دەربارەی سەرۆکی دەوڵەت، یان گۆڕانی سیستەم بەهۆی گۆڕانی یاساکانی بۆ ماوەی لەسەر عەرش، یان مردنی کەسی پادشا کە لەپێناوی ئەودا ئەم یەکێتییە دامەزرا، لەبەرئەوە ئەم یەکێتییە بەیەکێتی کەسێتی ناونراوە.

لاوازی ئەم جۆرەی یەکێتی لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەم دوو دەوڵەتەی لەم یەکێتییەدان، هەر یەکەیان لە ئەوەی تریان سەربەخۆیە، هەریەکێکان پارێزگاری لە سەروەری دەرەکی و کەسێتییە نێودەوڵەتییەکەی خۆیان دەکەن، هەروەك سەربەخۆیە بەتەواوی سەروەری لەکاروباری ناوخۆیی و دەستور و دەسەڵاتی گشتی و سیستەمی حوکم تیایدا. نموونە زۆرە کە بەڵگەیە لەسەر لاوازی ئەم جۆرە لەیەکێتی لەدروست بوون و کۆتایی پێهاتنی، دیارترین نموونە لەسەر ئەمە ئەوەیە کە ڕوویدا لەکاتی کۆتایی یەکێتی کەسێتی کە لە نێوان ئینگلتەرا و هانۆڤەر هەبوو لە ساڵی 1838 بەهۆی ئەوەی کە شاژن ڤیکتۆریا دەسەڵاتی ئینگلتەرای گرتە دەست لەکاتێکدا یاسای هانۆڤر ڕێگا بەئافرەتان نادا دەسەڵات بگرنە دەست.

لەبەر ئەوە ئەم جۆرە لەیەکێتی هیچ کاریگەری نییە لەسەر کاروباری ناوخۆیی و دەرەکی ئەم دەوڵەتەی لەم یەکێتی یە دایە، تەنها یەکبوونی سەرۆکی دەوڵەتە، بەپێچەوانەی حاڵەتی سیستەمی کردەیی یان حەقیقی کە دەوڵەت کەسێتییەکەی لەدەست دەدات و بەتەواوی تێکەڵ دەبێت لە دەوڵەتی یەکێتی نوێ، پاشان یەکێتی کەسێتی هیچ کاریگەرییەکی ئاسایشی نییە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت و هیچ شتێکی نوێ نییە  کە لەبواری ئاسایش دا زیادی بکات جا ئەمە لە دیدی ئاسایشی ناوخۆیی بێت یان ئاسایشی دەرەکی.

لەبواری ناوخۆییدا، کە دەوڵەت لە کارەکانیدا سەربەخۆیە، ڕەوشە ئاسایشییەکەی هەروەك پێش یەکێتییەکەیە بەهەموو ئیجابیات و سلبیاتی ئەم ڕەوشە، ئەم یەکێتییە بەهیچ شتێك نە زیاد دەکات و نەکەم دەکات.

لە بواری دەرەوەدا، لەو لاشەوە هیچ کاریگەری لەسەر نییە، هەردوو بەشداربوو لە یەکێتییەکەدا ڕەنگە پەیمانی ئاسایش نەمێنێ و بگاتە پلەیەك کە جەنگی ڕابگەیەنرێت لەنێوانیان وەك هەردوو دەوڵەتی بیانی دوژمندار، لەم حاڵەتەدا جەنگی نێوانیان بەجەنگێکی نێودەوڵەتی دادەنرێت نەك ناوخۆیی، هەروەك ئەو جەنگەی کە ڕادەگەیەنرێت لەسەر یەك لەلایەنەکان بۆ دەوڵەتەکەی تر هیچ ناگەیەنێت بەڵکو دەکرێ ئەو ئەندامەی لەم یەکێتییەدا هەڵوێستی تەماشاکار بنوێنێ، بەڵکو دەتوانێ بانگهێشتی دەوڵەتانی تر بکات لەسەر دەوڵەتێکی تر یان پشتی پێ ببەستێت لەجەنگەکە دا، پەیماننامەکان ڕێگە لەمە ناگرن، هەروەك بۆی هەیە پەیماننامە ببەستێت لەگەڵ هەر دەوڵەتێك بیەوێ لەپێناوی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی یان دەرەکی، لەبەر ئەوە ئەم جۆرە هیچ کاریگەری لەسەر دەوڵەت نییە لەلایەنی ئاسایشی و ڕێڕەوەکانی هیچ شتێکی نوێ لە ڕەوشی ئاسایشی پێشکەش ناکات بۆ ئەم دەوڵەتانەی لەناو ئەم یەکێتییە دان.

## دووەم: یەکێتی کردەیی

بەپێچەوانەی ئەمەی تر، لەحاڵەتی یەکێتی کردەیی بەنیسبەت دەوڵەت کارەکە جیاواز دەبێت ئەگەر لە نێوان هەردوو دەوڵەت و دەوڵەتێکی تر یەکێتییەکەی کردەیی و حەقیقی دروست بوو، ئەوا ئەم جۆرە یەکێتییە نموونەیەکی باڵا وتەواو شێوەکانی یەکێتی دەوڵەتان پێشکەش دەکات، بەشێوەیەك کەسێتی هەریەك لەم دوو دەوڵەتە لە دەوڵەتەکەی تر دەتوێتەوە و تێکەڵ دەبن، کە کەسێتییەکی نێودەوڵەتی نوێ پێکدەهێنن، دەوڵەتە نوێ یەکەش دەوڵەتی یەکێتییە، هەروەك ئەمە ڕوویدا لە نێوان مصر و سوریا لە ساڵی 1958 بەناوی (کۆماری عەرەبی یەکگرتوو). لەم جۆرە یەکێتییەدا هەموو دەزگاکانی دەوڵەت یەکدەگرن بەتایبەتی لەبوارەکانی ئاسایش و بەرگری و نوێنەرایەتی دەرەوە و هەموو ئەرکە ستراتیژییەکان .



بەڵام ئەم جۆرە یەکێتییە سەرەڕای گرنگییەکەی لەلایەنی ئاسایشییەوە، زۆربەی جار کۆرپەکەی مانەوە و هەڵوەشانی لەهەناوی هەڵدەگرێت، هەندێ جار دەبێتە بەخشین و هێز یان هەڵوەشاندنەوە و کەوتن، ڕاستە ڕەنگە فاکتەری دەرەکی ڕۆڵی هەیە لە هەڵوەشانەوەی ئەم یەکێتییە.

ئەمە چاوەڕوانکراوە لە بارودۆخی ململانێی نێودەوڵەتی یان هەرێمی، بەڵام ئەم فاکتەرانە بەتەنها بەس نییە هەموو دەوڵەتێك ئەم فاکتەرانەی ڕووبەڕوودەبێتەوە جا ئەم دەوڵەتە دەوڵەتی لێکدراو بێت یان سادە، هاوپەیمانی بێت یان فیدراڵی یان لەوە زیاتر تێناپەڕێت کە ببێتە فاکتەری یارمەتیدەر بۆ ئەم یەکێتییە یان ئەو یەکێتییە. فاکتەرە ناوخۆییەکان خێرایی دەکەن لەڕووخاندنی یەکێتییەکە هەروەك ڕوویدا بەنیسبەت مصر وسوریا لە ساڵی 1962، هەروەها ڕوویدا بەنیسبەت ئەم یەکێتییەی کە هەبوو لە نێوان ڕودیسیا و نیاسالاند (1953- 1964). سەرەڕای سۆزی هێزە دەرەکییەکان کە بەمانەوەی ئەم یەکێتییە، بەڵام یەکێتی کردەیی یان حەقیقی ساڵەکانی مانەوەی یان هەرەسهێنانی هەرچەند بێت لەڕووی پرەنسیپەوە هێزێکی کاریگەرە لەلایەنی ئاسایشی و ستراتیژییەوە، یەکێتی کردەیی بەسروشتییەوە دەبێ ببێتە هێزی دەوڵەت لەلایەن ئاسایشیەوە بەتایبەتی لەبارەی دەرەوە دا، ئەمەش لەبەرچەند هۆکار گرنگترینیان:

1- زیادبوونی قەبارەی هێزە سەربازی و توانا بەرگرییەکانی دەوڵەتی نوێ، بەپاڵپشتیکردنی هێزەکانی و کۆکردنەوەی تەواوکاری توانا ماددی و بەشەرییەکان لە قەوارەیەکی ئاسایشی بەرگری نوێی بەهێز و کاریگەر.

2- بەهێزکردن و کاملکردنی دەزگا ئاسایشی و هەواڵگرییەکانی تر لەدەوڵەت، بە کارلێکاری و لێهاتووی و پسپۆری و هێزەکان لەهەردوو دەوڵەت .

3- سوودوەرگرتن لە ڕەهەندە جیاوازەکانی لایەنە ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و بەشەرییەکان کە قەوارە نوێیەکە دەیبەخشێت.

بهێنێتەدی، بەدوای هێزێکدا دەگەرێت کە بەتەنها ناتوانی بەدەستی بهێنێت لەشێوەیەك لەشێوەکانی یەکێتی نێوانیان، کەوتنی داگیرکاری و سەردەمی ئیمپراتۆری بەشێوە کۆنەکەی پەردەپۆشی قوناغێکی کرد لەسەر سەردەمەکانی داگیرکاری و فراوانخوازی و ئیستعماری کە رێگەدەدا بە قەوارە گەورەکان لە شێوە ئیمپراتۆرییەکەی و راگەیاندنی دروستکردنی دەوڵەتانی بچووك کە هەوڵی هێنانەدی ئاسایشی دەدات لە رێگای هاوپەیمانی و یەکێتییەکان لە نێوان لایەنەکانی هاوپەیمانی و لێکدران. ئەگەر سەیری پاڵنەری هەر شێوەیەك لە شێوەکانی یەکێتی بکەین زۆربەی جار دەبینین کەهەوڵ و تیکۆشینە بۆ هێنانەدی هێزی دەوڵەت و ئاسایشەکەی و هەوڵدانە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی لەهەر بواری ناوخۆیی و دەرەکی.

ئەگەر سەیری یەکێتی هاوپەیمانی بکەین لە دیدگایەکی ئاسایشی تاوەکو ئەو کاریگەریانە ببینین کە لەسەر ئاسایشی دەوڵەت دەکەوێتەوە، دەبینین ئەم جۆرە یەکێتییە زۆربەی جار پێکدێت بۆ پشێوی ئاسایشی کە بریتییە لە:

1- عادەتەن بۆ رووبەرووبوونەوەی مەترسیەکی هاوبەش کە دەوڵەتە ئەندامەکان دووچاری دەبنەوە، بۆ نموونە ئەو یەکێتییەی لە نێوان ویلایەتەکانی ئەمریکای باکوور دامەزرا لەسەدەی هەژدەم، ئامانجە بنەڕەتییەکەی کۆکردنەوەی هەوڵەکان بوو بۆ رزگاربوون لە ئیستعمار، ئەو یەکێتییەی دامەزرا لە نێوان دەوڵەتەکانی ئەمریکای ناوەراست و ئەمریکای لاتینی، بۆ رووبەرووبوونەوەی چاو تێبڕینەکانی بەریتانی و ئیسپانی، رووبەرووبوونەوەی هێرشی (القراصنە) بوو بۆ سەر ئەم دەوڵەتانە.

2- عادەتەن دەوڵەتێکی بەهێز سەرکردایەتی (الاتحاد التعاهد)ی دەکات، وەك جەمسەری یەکێتییەکە لەلایەنی سەربازی یان سیاسی، کۆڵەگەی بەرگری و ئاسایشی، بنچینەی پێکێنانی ئەم یەکێتییە.

3- چەند رەگەزێکی جیۆپۆلیتکی زۆر گرنگ هەیە کە کاردەکات بۆ پتەوکردنی ئەم یەکێتییە تاوەکو بەرهەمی ستراتیژی هەبێت، گرنگترینیان



4- چاکییە ستراتیژی و جیۆپۆلیتکیەکان کە تێکەڵبوونی دوو وڵات دەیهێنێتەدی لەرووی پێگە و رووبەر و بەرز و نشێوی زەوی و بواری دەریایی و رووبار و ئاسمانی، لەتەك چاکییە جیاوازەکان کە هەرێمی ئەم دوو دەوڵەتە لێکدراوە، قەوارەیەکی نوێ بۆ دەوڵەتی یەکێتی دەبەخشێ، بەڵام ئەم هێزە ماددی و تەکنیکی و ستراتیژییە کە نابێتە خۆراکی تاوەکو هەستێکی نەتەوەیی توند خۆراکدەری نەبێت.

ئارەزوویەکی راستگۆیانە یەکبوون کە هەڵقوڵاوی سەرکردەکان بەتەنها نەبێت بەڵکو هەڵقوڵاوی بنکەی میللی نەتەوە وجەماوەری خاوەن بەرژەوەندی راستەقینە بێت لەیەکبوون، کە باجی ئەم یەکێتییە دەدات پێش ئەوەی بەرهەمەکەی ببینێت.

رۆڵی ئەم جەماوەرە دەردەکەوێت لە دەستەبەرکردنی بەرەی ناوخۆیی یەکێتیەکە، پاراستنی، لە فەراهەمکردنی کۆڵەگەکانی ئاشایش بۆ ئەم جەماوەرە، بەڵام ئەوەی لە کۆتاییدا دەمێنێتەوە، ئەوەیە کە ئەم یەکێتییە بە بەهێزترین جۆرەکانی یەکێتییەکانی دادەنرێت لەلایەنی ئاسایشییەوە.

### سێیەم: یەکێتی هاوپەیمانی یان سەربەخۆیی

ئەو رەوشە نێودەوڵەتییەی بەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی داهات بووە هۆی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتە مەزنەکانی کە لەو کاتەدا باوبوو، ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتی کۆلۆنیالیزمی لەژێر دەسەڵاتدا بوو، دیاردەی دابەشبوون کە دووچاری دەوڵەتە ئیمپراتۆرییەکان بوو گۆڕا بۆ بزووتنەوەیەکی یەکێتی کە مەبەستی پێکەوە بەستنی هەندێ دەوڵەتە لەگەڵ هەندێکی تر، بۆ گۆڕان بەدوای چوارچێوەیەکی ئاسایشی بەهێز کە دەستەبەری قەوارەکەی بکات لە ناوەندی چاو تێبرین و گۆڕانە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی لەو دەوڵەتانەی لەنەتەوەی بچووك پێکهاتوونە، یان ئەو دەوڵەتانەی تارادەیەك هاوشێوەی نەتەوەیی یان ستراتیژی لە نێوانیاندا هەیە، کە ناتوانی بەتەنها بوون و ئاسایش و سەربەخۆییەکەی

دروستبوونیەتی لەسەر کۆڵەگەی بەهێز کە هاوکاریەکی حەقیقی دروست دەکات لە نێوان دەوڵەتەکان وەك یەکبوونی جوگرافی، کاملبوونی ئابووری و زمانی هاوبەش و تەقالیدی هاوشێوە.

4- ئەم جۆرە یەکێتییە یارمەتیدەرە بۆ پتەوکردنی ئاسایش و ئاشتی جیهانی، دروستبوونی یەکێتی هاوپەیمانی لە ئەوروپا یارمەتی دەربوو بۆ پتەوکردنی پرەنیسپی ناوبژی و تەحەکومکردن لەو ناکۆکیانە کە دروست دەبێت لە نێوان دەوڵەتانی ئەندام.

## چوارەم: یەکێتی ناوەندی یان فیدراڵی

بۆ دەلالەتکردن لەسەر رەهەندی ئاسایشی یەکێتی فیدراڵی ئەوەندە بەسە کە بزانین کە بەهێزترین دوو دەوڵەت لەجیهان بەڵکو دوو جەمسەری مەزن لە جیهان (تاوەکو هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت) لە دەوڵەتی یەکێتیدایە، دەوڵەتە مەزنەکانی جیهانی هاوچەرخمان، دەوڵەتی یەکێتییە، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

یەکێتی فیدراڵی نموونە باڵای هێزی دەوڵەتە لە لایەنە ئاسایشی و ستراتیژییەکان.

**ئەمەش دروست دەبێت لە هێنانەدی دەرئەنجام و شوێنەواری گرنگ، گرنگترینیان:**

1- کۆکردنەوەی هێزی دەوڵەتەکان یان ویلایەتە بەشداربووەکان، ئەم دەوڵەتانە یان ویلایەتی بەهێزە یەکگرتووەکان یان پاڵپشتی قەوارەی ئەو یەکێتییە لە دایکبووە دەکەن لە هەموو بوارەکانی جوگرافی و بەشەری و ئابووری کاملبوونی ئەم رەگەزە جیاوازانە و کەلەپووەکەی لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانی یەکێتی بەرێکخستن و هاوکارییەکانیان قەوارەیەکی بەهێز بەهەموو پێوەرێك دروستدەکات .

2- هێزی ناوەند لە دەوڵەتی لەدایك بوو و هەڵقوڵاوی کۆمەڵێك ویستی ئەم دەوڵەتانە، قەوارەی یەکێتی نوێ (ناوەند) رەگەزی هێزەکەی و ووزەکەی لە



کۆی هێزی دەوڵەتە بەشداربووەکان بەدەست دێنێت، بەشێوەیەك هێزی هەمووەکی دەوڵەتی یەکێتی تیایدا بەرجەستە دەبێت.

ئەگەر کۆڵەگەی بنەڕەتی ئاسایش گەشە پێدانە هەروەك (ماکنمارا) دەڵێت، ئەوا فەراهەمبوونی رەگەز بنەڕەتیەکانی گەشەپێدان و پەرەسەندنی ئابووری، لەم جۆرە یەکێتییە فەراهەمدەبێت زیاتر لە جۆرەکانی تری دەوڵەت.

ئەگەر فاکتەرەکان هێزی دەوڵەت شاراوەیە لەوەی کە بەهێزی بەشەری و توانای جوگرافی جیادەکرێتەوە، ئەوا ئەم کارە لە حاڵەتی دەوڵەتی یەکێتی زۆر پەرپوت دەبێت لەوانی تر بەهۆی فەراهەمبوونی ژمارەی دانیشتوان و جۆراجۆری کەش و هەوا و بەرز و نشێوی و فەراهەمبوونی لێیهاتوویی و دەستی کارگەری راهێنراو، کۆبوونەوەی شارەزاییەکان لەناو دەوڵەت، لەتەك ئەو رەهەندە جوگرافیەی کە خۆی دەنوێنێ لەرووبەری دەوڵەتێکی فراوان. بەتایبەتی ئەگەر رەهەندی جوگرافیە رێك وگونجاو بێت لەگەڵ ئامانج و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت، رەگەزی جوگرافی گرنگییەکی زۆری هەیە لە ئاسایشی دەوڵەت و یەکپارچەیی دەوڵەتەکە، ئەگەر هاوشان بێت، بەڵام ئەگەر هاوشان نەبێت ئەوە دەبووە لەمپەر لەدروستکردنی ئەم یەکێتییە هەر لەیەکەم رۆژییەوە.

ئەم رەگەزە- بۆ نموونە- لەمپەری هەرەگەورە بووە لەبەردەم دروستبوونی یەکبوونێکی سەرکەوتوو لە نێوان دەوڵەتانی ئەمریکای ناوەراست لە سەدەی رابردوو، ئەم دەوڵەتانە گوزارشتە لەناوچەیەك کە پێکهاتووە لەزنجیرە چیایەك کە لە باکوورەوە بۆ باشوور درێژدەبێتەوە، بەئەندازەی درێژبوونەوەی ئەم دەوڵەتانە کە ئەمەش پەیوەندیکردنی نێوانیان سەخت و دژوار دەکات.

هەموو رێگاکانی گەیاندن لەرێگەی ئەم دەوڵەتانە یان ئاراستەیکراوە بەرەو زەریای ئەتڵەسی لە رۆژهەڵاتەوە یان زەریای هێمن لە رۆژئاواوە، بەپێچەوانەی ئەمە سروشتی بەرز و نشێوی زەوی یارمەتیداوە لەسەر دروستکردنی یەکێتی لە نێوان ویلایەتەکانی ئەمریکای باکوور، کە دەوڵەتێکی گەورەی لێ دروست بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، پێش ئەمە رووباری راین یارمەتیدەر بوو لەسەر دروستبوونی یەکبوون لە نێوان ویلایەت و هەرێمە جیاوازەکانی ئەڵمانیا.

لەلایـــەکیترەوە دەوڵـــەتی یـــەکێتی هـــۆ و پێنـــاوی هێـــز و ئاسایـــشی و سەقامگیرییەکەی لەهێزی ناوەند و ئەو دەسەڵاتە بەدەست دێنێت کـە پێـی دراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەی دروستدەبێت لە نێوان یـەکێ لەویلایەتـەکان و دەستەی یەکێتی، یان لە نێوان خودی ویلایەتەکان و دەسەڵاتەکانی یـەکێتی، کـە خۆی لە دەستە ناوەندییەکانی دەنوێنێ دەسەڵاتی کۆتایی پێهێنانی ناکۆکیەکانی هەیە بە هۆکار وەسیلە جیاوازەکان کە رەوشێکی ئاسایـشی بـەهێز و سـەقامگیر بەدەوڵەت دەبەخشێت، لەتەك ئەوە سەروەری یاسا لە هەموو شێوەکانی بۆ یاسای یەکێتییە کە کاری پێدەکرێ لەکاتی بەپەسەند زانین لە هەموو حاڵەتەکان.

دەستەی ناوەندی لێرەدا کە وەك دڵ و عەقڵی بیرمەندە بۆ یەکێتی کـە پێگەیـەکی بەرز داگیردەکات بەو پێیەی ناوەندی دەسەڵات و سەرکردایەتی دەوڵەت کە هـەر سـێ دەسەڵاتی یەکێتی لەژێر دەسـتە: دەسـەڵاتی تەشـریعی و دەسـەڵاتی جێبـەجێکردن و دەسەڵاتی قەزایی، هەروەك ئەرکە ستراتیژییەکانی تایبەت بە دەوڵەتی یەکێتی لـەژێر دەسـتە وەك کێـشەکانی ئاسـایش و بـەرگری و کێـشەکانی ئاسایـشی نەتـەوەی و رێکەوتننامــە و پەیماننامــە و هاوپــەیمانی و نوێنەرایــەتی سیاســی و دیبلۆماســی لەدەرەوە، پەیوەندییەکانی نێوانیان و نێوان دەوڵەتەکانی جیهان.

یــەکێتی فیــدراڵی نوێنەرایــەتی شــێوەی نموونــەیی دەکــات بــەهۆی ئــەو کاریگەرییەی هەیەتی لەسەر قەوارەی دەوڵەت لـەرووی ئاسایـشییەوە لـەناوخۆ و لە دەرەوە، جا ئەمە لە لایـەنی فەراهـەمبوونی توانـا سـتراتیژییەکانی بێـت بـۆ بەرگری دەرەکی لێی، یان فەراهەمکردنی توانا خودییەکان بـۆ سـەقامگیرکردنی ئاسـایش و سیـستەم لــە ناوچــەکە، لێــرەدا جگــە لــەوەی تــر جۆرەکــانی تــری یەکێتییەکە بەباش دادەنێت وەك یەکێتی هاوپەیمانی یان یەکێتی کەسـێتی، ئـەم دوو جۆرە کاریگەریەکی سنوورداریان لەسەرە لەلایەنی ئاسایشیەوە، بەڵام یەکێتی فیدراڵی هەردوو ئامانج دەهێنێتە دی، هێزی دەوڵەت و ئاسایشی دەوڵەت لەناوە و دەرەوە- لەهەمان کاتدا دەتوانێت بچێتە هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەتانی تر ئەگەر پێویست بوو.

## فەسڵی سێیەم: کاریگەری فاکتەرە ستراتیژییەکان لەسەر ئاسایشی دەوڵەت

### رێخۆشکردن

فاکتەرە جوگرافی، ستراتیژییەکان، کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لەسەر هەموو دەوڵەتێك وەزیفەی ئاسایش تیایدا، دەوڵەت کائینێکی جوگرافییە بەسەیرکردنی قەوارەکەی وەك یەکەیەکی هەرێمی سیاسی. بوونی مرۆڤ لە چوارچێوە رێکخستنەکەیەتی کە پلەپلەیە لەسادەترین شێوەوە بۆ شێوەی دەوڵەتی ئێستا.

بەڵکو تێدەکۆشێ بۆ هێنانەدی ئەوەی مرۆڤ خەونی پێوە دەبینێت لەحکومەتێکی باڵا، کە بەدرێژایی قۆناغەکانی لە چوارچێوەی جوگرافیا و مێژوو دەرنەچوو، جائەمە لەپەرەسەندنی خودی دەوڵەت بێت وەك قەوارەیەکی سیاسی، یان لەپەرەسەندنی فیکری مرۆڤایەتی بێت کە کرۆکی ئەم دەوڵەتەیە.

کاریگەری جوگرافی لەسەر دەوڵەت پێگە و هەرێم و رووبەر و بەرز و نزمی زەوی و ئاوو وشکایی دەگرێتەوە، هەروەك دانیشتوان بەو پێیەی گەلی دەوڵەتن بە هەموو ئەوەی هەڵیانگرتووە لە فاکتەری هێز یان لاوازی بە گوێرەی مەودای گونجاوی یان رکابەری نێوان ئەم دوو رەگەزە (دانیشتوان و شوێن) واتا گەل و هەرێم دەگرێتەوە، کە کاریگەری جوگرافی دەوڵەت لەرووی هێزو لاوازییەوە دیاری دەکات.

لەبەر ئەوە لەم فەسڵەدا باس لەکاریگەری فاکتەرە جوگرافی و ستراتیژییەکان دەکەین لەسەر شێوەی دەوڵەت و ئاسایشەکەی لەسێ بەشدا.

لەبەشی یەکەمدا باس لەچەمکی ستراتیژییەتی ئاسایشی دەوڵەت و ئەو فاکتەرە جوگرافیانە دەکەین کە کاریگەرە لە پێکهێنانی دا، لەبەشی دووەمدا باس لە رەهەند و شوێنەوارەکانی بواری زیندوویی دەوڵەت دەکەین، پاشان



لەبەشی سێیەم وکۆتایی ئەم فەسڵەدا باس لە رەگەزەکانی هێزی گشتگیری دەوڵەت دەکەین، ئەمەش بەشیکردنەوەی ئەم رەگەزانە، و کێشی کارلێکاری رەگەزەکانی دەستەگەری تەنگی زیندەگی دەوڵەت لەگەڵ فاکتەرەکانی تر، پوختەی ئەو شوێنەوارانەی کەفاکتەری جوگرافی بەجێ ی دەهێڵێت لەسەر شێوەی دەوڵەت و ئاسایشی و سەقامگیرییەکەی.

## بەشی یەکەم: ستراتیژییەتی ئاسایشی و فاکتەرە جوگرافییەکان

هەندێ وای دەبینن کە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لە جەوهەریدا چەمکێکی سەربازییە، هەلقولاوی تایبەتمەندییەکانی بارودۆخی بەرگرییە لە هەرێمی نەتەوەیی، لە دارشتنێکی تیۆری دەگۆرێت دەبێتە بنچینەی رەفتاری کۆمەڵی و سەرکردەیی بەدەلالەتە سیاسی و ستراتیژییەکانی بەشێوەیەك مامەڵەکردنی تەنها لەبواری ناوخۆییدا کورت نابێتەوە، بەڵکو قەوارەی دەوڵەت بەسیفەتی گشتی دەگرێتەوە، ناوخۆیی و هەرێمی و دەرەوە ئەمەش مانای چەمکی ستراتیژی ئاسایشی دەوڵەتە بە رەهەندە جوگرافی و جیۆپۆلیتیکی و ئابووری و رۆشنبیری و ئەوانی تر.

ئەم چەمکە فراوان بوو بۆ ئەوەی گونجاو بێت لەگەڵ هەموو ئەوەی دەکرێ رەنگدانەوەی مەترسی بێت لەسەر دەوڵەت، لەسەر کومەڵگا سیاسییەکەی بەتەواوی، پاشان ئەم چەمکە فراوان بوو لەبواری هەرێمیدا و دەوڵەتانی دراوسێ تێپەراند، هەروەك ئێستا ئەو هاوکارییە چالاك و کاریگەرە هەیە لە نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل، هەروەك ئەو هاوکاری و کۆششە هەبوو لەکاتی جەنگی کەنداو ئەم چەمکە پەیوەندی هەیە بە ئاراستەی چەمکی پراکتیکی ستراتیژی جیۆپۆلیتیکی ئاسایشی دەوڵەت لە هەموو بوارەکانی ئاسایشی دەرەکی و ناوخۆیی وئابووری و راگەیاندن، ئاسایشی زانیارییەکان وخلافە ئەگەر بمانەوێت سەیری چەمکی فیکری ستراتیژی بکەین  کە زۆرێك دەیگەرێننەوە بۆ پێشەنگە یەکەمینەکان وەك (السیر بازل، لیدل هارت) و ئەوانی لەپێش ئەمانەن لە پێشەنگەکانی ئەم زانستە وەك (کراتزل و کیلین و فون کلاوس و ماهان هوسهوفر وئەوانی تر). دەبینین ئەم فیکرە لەحەقیقەتیدا لەمە کۆنترە، کە دەگەرێتەوە بۆ (500 ساڵ) پێش زایین، کە بریاری چینی ستراتیژی (صن تزو) بنچینەکانی فیکری ستراتیژی دانا لەکتێبەکەی (هونەری



جەنگ) کە دەستەواژە بەناوبانگەکەی تێدا نووسی کەوای لێ هات نموونەی پێ دەهێنرایەوە کەئەمەش ووتەکەیەتی:

((ئەگەر خۆت ناسی ئەوا 50٪ سەرکەوتنت لەجەنگدا بەدەست هێناوە، ئەگەر تەنها دوژمنەکەت ناسی ئەوا تەنها 50٪ سەرکەوتنت لە جەنگەکە بەدەست هێناوە، بەڵام ئەگەر پێکەوە خۆت و دوژمنەکەت ناسی ئەوا 100٪ سەرکەوتن لەجەنگەکە بەدەست دەهێنێت، بەڵام ئەگەر حەقیقەتی خۆت وحەقیقەتی دوژمنەکەت نەناسی ئەوا سەرنەکەوتنەکەت 100٪)).

ستراتیژییەت لێرەدا بنیات نراوە لەسەر زانینی تەواوی تواناکانی دەوڵەت، و زانینی تواناکانی دوژمنەکانی، بەبێ ئەم زانینە ناکرێ بینای ستراتیژییەت بکرێ لەسەر بنچینەی دروست.

هەروەك زانراوە فیکرەی ستراتیژییەت لە قەڵغانی فیکری سەربازی پوخت دروست بووە. ماوەیەکی زۆر پەیوەست بوو بەبواری سەربازی کە لەسەر دەستی پێشەنگە دێرینەکان گەشەی سەند    وەك صن تزو، نوێیەکان وەك کراتزل وفون کلاوس ولیدل هارت و هاوشێوەکانیان، مەودا و چەمکەکەی فراوان بووە لە کاتی ئێستاماندا بۆ ئەوەی رەهەندی فراوانتر بگرێتەوە لەو رووەی دەورە دراوە بەهەموو چەمکە ئاسایشییەکان لە دەوڵەتێکی چەکدار کراو بە زانستی جوگرافیای سیاسی کە تایبەتمەندی کاریگەری فاکتەرە جوگرافی و بەشەری وئابوورییەکان لە قەوارەی دەوڵەت و سیاسەتەکانی، لە رێکخستنی رەوشە ئاسایشییەکانی لە لایەنی ناوخۆ و دەرەوە، کە لەمەدا پشت دەبەستێت بەزانست و پسپۆرییەکان.

زاناکانی ستراتیژییەت دابەشکردن و شێوەکانی فراوان کردووە بەشێوەیەك بواری زۆری گرتۆتەوە وەك سیاسەتەکانی لە خۆگرتن، و ستراتیژییەکانی وەڵامدانەوەی نەرم و نیانی و تۆلەسەندنی گشتگیر، وێرانکردنی تەئکیدکراو و بەرەنگاری ئەتومی، بەڵکو بووە دانانی ستراتیژییەتی قۆناغ بەندی یان بەشەکی

یان کاتی لەتەك ستراتیژییەتی گشتگیر لە کاتی ئێستاماندا دیاردەیەکی باوە لە زانستە ستراتیژییەکان.

هەروەك گوزارشتێك دەرکەوت کە پەیوەندییەکی بەتینی هەیە بەجوگرافیای سیاسی وەك گوزارشتییەك دەستەگەری ستراتیژی، کە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە کۆمەلێك دەوڵەت دەبنە یەك دەستەگەری ستراتیژی هەندێکیان لەگەڵ هەندێکیان لە رووی ئاساییشییەوە کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەیە لەگەڵ کارتێکردن لە هەرێمەکە بەگشتی وەك دەوڵەتانی کیشوەری ئەفریقی کە یەك دەستەگەری ستراتیژی پێك دەهێنن.

ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە لەم بەشەدا ئەو ستراتیژییەتەیە کە پەیوەندی بە ئاسایشی دەوڵەتەوە هەیە لەچەمکە گشتگیرەکەی کە پەیوەندییەکی بەتینی هەیە بەلایەنە جوگرافیەکان و کاریگەریی بەهێز و کارای هەیە لەسەر شێوەی دەوڵەت و رێرەوی ئاسایش، ئەوەی جێگیرە ئەو پەیوەندییە بەهێزەیە کە هەیە لە نێوان شێوەی دەوڵەت لەلایەنی جوگرافی، پێدراوەکانی ئاسایش تیایدا، ئەمە بەشێوەیەکی بەهێزتر لەهەر فاکتەرێکی تر دەردەکەوێت کە کاریگەری هەیە لە شێوەی دەوڵەت و ئاسایشییەکەی هەروەك (جوتمان) ووتی، مێژووی کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان جا سەرەتایی بێت یان لە چوارچێوەی دەوڵەت رێکخراو بێت، ناکرێ کارێگەری فاکتەرە جوگرافییەکان لە قەوارەی دەوڵەت پشتگوێ بخرێت، جا ئەمە لە نێوان گەلان بێت یان لە نێوان دەوڵەتان بێت وەك قەوارەی سیاسی، پێویستە زیاتر لەمەش کاریگەرییەکانی ناوەندی فیزیایی بەهەند وەربگرێ کە لەبنەرەت دا هەڵقولاوی فاکتەرە جوگرافیەکانە لە دەوڵەت دا، کە تەنها حوکمی پەیوەندییەکانی ناکات لە چوارچێوەی نێودەوڵەتی دا، بەڵکو حوکم دەکات لە پێدراوەکانی ئاسایشیدا لەبواری ناوخۆیی دا.

ئەگەر بمانەوێ تیشك بخەینە سەر کارایی شوێنەوارە جوگرافی و جیۆستراتیژییەکان لەسەر ئاسایشی دەوڵەت، رۆڵی لە پلاندانان و رەسمکردنی



ستراتیژییەتە ئاسایشییەکەی دەبینن ئەم فاکتەرانە کاریگەری راستەوخۆیان هەیە لە دیاریکردنی بوار و جۆری ئەو رێکخستنەی کە گونجاوە بۆ شێوەی دەوڵەت، هەلبژاردن باشترین نموونە بۆ رێکخستن هێزەکانی ئاسایش تیایدا، ئەم رەگەزانە خۆی دەبینێتەوە لە رووبەری دەوڵەت و جۆری بەرز و نزمی، دانیشتوانی دەوڵەت، چوارچێوەی ئەو هەرێمەی دەورەی داوە، رووبەری دەوڵەت ئەوە دیاری دەکات کە ئەو سیستەمەی کە پێویستە دەوڵەت پەیڕەوی بکات مەرکەزی بێت یان مەرکەزی نەبێت یان ئەگەر مەرکەزی و لامەرکەزی بوو ئەو مەرکەزییە سیاسی یان کارگێرییە، ئەم فاکتەرانە چەند دەست وەردەدەن لە دیاریکردنی شێوازی نموونەیی لە شێوەکانی حوکمی سیاسی یان کارگێری خۆجێیی یان هەرێمایەتی دەوڵەت، هەروەها پلاندانانی ئاسایشی کە گونجاو بێت بۆ هەر شێوازێك لەم شێوازانە و رێکخستنەکە جا لە رووی تایبەتمەندییەکانی هەرێم و تایبەتمەندییەکانی دانیشتوان بێت، یان تایبەتمەندییەکانی ژینگە و فاکتەرە ئیکۆلۆجییەکانی تر کە دەوڵەت جیادەکاتەوە لە دەوڵەتێکی تر و هەرێم جیادەکاتەوە لە هەرێمێکی تر.

بۆ نموونە ئەگەر رووبەری دەوڵەت گەورە بێت، بەرز و نزمی گەورە جۆرا وجۆر لە چیا وبیابان و دەشت و زەلکاو و دارستانەکان دەگرێتەوە، بۆ هەموو ئەمانە باس کرا جۆرە رێکخستنێکی گونجاوی دەوێ، دەوڵەتی بیابانی بۆ نموونە مەیلی بە کۆکردنەوە دێت لە نێوان رێکخستنی مەرکەزی و رێکخستنی لا مەرکەزی بەهۆی کەمی سەرچاوەکان، و سروشتی دانیشتوان کە مەیلیان بۆ گواستنەوە و ناجێگیری هەیە، بەدوای ئاو و لە دەرگا دەگەرێن کە سروشتی ژیان لە هەرێمە بیابانییەکان وایە، دانیشتوانی چیاو دارستانەکان پێویستیان بەشێوازێك لە کارگێری و بەوداداچوون و رێکخستنێك هەیە کە بگونجێت لەگەڵ سروشتی ژیانیان رەوشی هەرێمەکەیان، بە پێچەوانەی ئەم حالەتەی لە هەرێمە دەشتاییەکان دا هەیە کە رێگا خۆشکەرە، کە جۆری رێکخستن و جۆری

ئەركی ئاسایش تیایدا جیاوازە لەو جۆرانەی كە باس كـران، لـە ناوچـە چـیایی و دارســـتانەكان بـــەهۆی زەحمـــەتی گواســـتنەوە و نەگەیـــشتنی هۆكارەكـــانی گواستنەوە، گونجاوترین سیستەم بۆ ئەم ناوچانە شـێوازەكانی لا مەركەزییـە كـە دەگونجێـت لەگـەڵ بـارودۆخی سروشـتی و جـوگرافی، بەپێـچەوانەی هەرێمـە دەشتییەكان كە بۆ ناوەند ئاسانە كۆنترۆڵی بكات، هەر كاتێ پێویـستی كـرد بـە خێرایی دەستی پێ بكات.

سەرەڕای ئەو بازە مەزنەی كە هۆكـارو وەسـیلە تەكنەلۆژییـەكان هێناویانـە لەبواری خزمەتگوزاری ئاسایش و لەبواری گەیانـدن و پەیوەنـدی، بـەڵام هێـشتا فاكتەرە جوگرافیەكان باڵاترن ئەو توانا ماددییە گەورانەی دەدرێتـە دەوڵـەت كـە ئەم فاكتەرانە تێدەپەڕێنێت نەدراوەتە هەموو دەوڵەتێك، بەڵكو نەدراوەتە زۆربەی دەوڵەتان، ئەگەر ئـەم توانـا مـاددی یانـەش درا ئـەوا بەسـەر هـەموو فاكتـەرە جوگرافیەكان زاڵ نابێت، ئەم هۆكارو وەسـیلانە ئەگـەر تاڕادەیـەكیش سـودمەند بێت لە ئەركی بەدواداچوونی ئاسایشی و راگەیاندنی زانیاری و لە خێراییكردن بۆ لەیەك گەیشتن و ئاراستە كردن، بەڵام ناروات بەهەمان ئەنـدازەی كـە پەیوەنـدی هەیە بە جوڵاندنی هێزەكان، كۆنترۆڵ كردنی ئاسایشی كاریگەر لە كـاتی گونجـاو دا، بۆیە فاكتەرە ستراتیژییەكان باڵاترن.

پێویستە پیاوانی دەوڵەت ئیعتباری بۆ بكەن مەبەستی رێكخستنێكی گونجاو بێت بۆ هـەموو دەوڵـەتێك و بارودۆخـە جـوگرافی و كۆمەڵایەتییـەكان ئیعتبـار بكات بەمەش بناغە دادەنێت.

لەبەر ئەوە ئەم فاكتەرانە ئەو شێوە گونجاوە لە رووی فیكـر و جێبـەجێكردنی تەشریعی بۆ دەزگا ئاسایشییەكەی **بۆیە لە كاتی دانانی ستراتیژیەتی ئاسایشی دەبێ پیاوی دەوڵەت كە:**

1- رەچـاوی لایەنـەكانی شـێوەی جـوگرافی دەوڵـەت و پێـدراوەكانی بكـات، ئیعتباری بۆ دیاریكردنی ئەو دەروازانـە بكـات كـە پێویـستە لـە میانەیـدا



سیاسەتی ئاسایشی گونجاو بۆ ئاسایشی دەوڵـەت دابنرێـت، ئـەم سیاسـەتانە تەنها لەسەر بنچینە جیۆستراتیژییە گشتگیرەكانی شێوەی جوگرافی دەوڵـەت بنیات دەنرێت.

2- دانانی پەرەسـەندنی روون و ئاشـكرا بـۆ هـەر لایـەنێك لـە لایەنـە رەگـەزە بنەرەتییـەكانی دەوڵـەت و داخوازییـەكان و كاردانـەوەكانی هـەر لایـەنێك، دارشتنی دەروازەكانی پەیوەسـت بـە رەوشـی نـاوخۆیی دەوڵـەت لەهـەر دوو لایەنی جوگرافی و سیاسی، لەلایەنە رۆشنبیری و كۆمەڵایەتی و ئابووری، لـە رووی بەرز و نزمی و كەش و هـەواو داب و نـەریت، هـەر دەوڵـەتێك ئەگـەر ئیعتبـار بـۆ حەقیقەتـەكانی جوگرافیـا و مێـژوو نـەكات لـە رووی شـێوە و ناوەڕۆكدا، ئەوا ناتوانێت سیاسەتێكی ئاسایشی سەركەوتوو دابنێت.

شـێوەی دەوڵـەت و سـتراتیژییەتە ئاسایـشییەكەی، لـە پلـەی یەكەمـدا پەیوەندییان هەیە بە شێوە و پێگە جوگرافییەكـەی تـا ئـەو رادەیـەی كـە هـیچ رادەیەكی تر ململانێ ی ناكات لەگەڵ فرەیی ئـەو رەگەزانـەی كـە كاریگـەرییان هەیە لە شێوەی دەوڵەت و پێدراوە ئاسایشییەكەی بە ئیجابی و سلبی.

## بەشی دووەم: کاریگەری بواری زیندەگی لەسەر ئاسایشی دەوڵەت

کاتێ باس لەبواری زیندەگی دەکەین دەبینین کە بواری زیندەگی لـە بنـەڕەت دا گوزارشتێکی جوگرافیە پەیوەندی هەیە بە جوگرافیای سیاسی دەوڵەت، زیـاتر لەوەی پەیوەندی هەبێت بە شێوەی جوگرافی دەوڵـەت، کاریگـەری ئەمـە لەسـەر ئاسایش و سەلامەتی دەوڵەت.

بـواری زینـدەگی بـەم چـەمکە کۆڵەگـەی ئاسایـشی گـرنگ بـۆ دەوڵـەت پێکدەهێنێت کە دەکرێ لەم سێ ڕەهەندە کورتی بکەێنەوە:

1- ڕەهەندە جوگرافی و جیۆستراتیژییەکەی کـە خـۆی دەبینێتـەوە لـەو پێـدراوە جیۆپۆلیتیکانە کە ئەم ڕەهەندە دەیبەخشێت بۆ هێـزی دەوڵـەت و چـالاکییە ئاسایشییەکانی ئەم لایەنەیە کە ڕەهەندی خۆجێیی دەوڵەت پێك دەهێنێت.

2- ڕەهەنـدی هـەرێمی کـە خـۆی دەبینێتـەوە لـەوەی کـە ئێـستا ناسـراوە بەدەستەگەری ستراتیژی کە هەندێکیان کاریگەریان هەیـە لەسـەر هەنـدێکی تر، یان کاریگەریان هەیە لەسەر ئەو دەوڵەتانەی دراوسـێ ی هەرێمەکەیـەتی لەرووی ئاسایشییەوە، وەك دەوڵەتانی قارەی ئەفریقی کـە نوێنەرایـەتی یـەك دەســـتەگەری ســـتراتیژی دەکـــات، دەوڵـــەتانی بـــەلقان و دەســـتەگەرییە ستراتیژییەکانی تر.

3- ڕەهەندی نێودەوڵەتی، خۆی لەوەدا دەبینێتـەوە کـە دەوڵـەتێك دەسـەڵاتێکی سیاسـی قـوڵی هەیـە لەسـەر ئـەو دەوڵەتانـەی سـەربەون، ئـەم دەوڵەتانـە ئاسانکاری سەربازی و سیاسی بۆ دەوڵەتە خاوەن دەسەڵاتەکە دەکەن.

بـەڵام بـواری زینـدەگی، سـەرەڕای ئـەم چـەمکانە کـە راوە سیاسـی و ستراتیژییەکەی فراوان دەبێت یەکێکە لـە پێـدراوەکانی جوگرافیـای سیاسـی بـۆ دەوڵەت بەچاوپۆشی لـە فراوانبـوونی ئـەم مەودایـە لـە ڕێگـای دەسـەڵات یـان



هاوپەیمانییەتییـەکان، فاکتـەری جـوگرافی هێـشتا یەکلاکەرەوەیـە لـە شـێوەی دەوڵـەت و لـە دیـاریکردنی ئاسایـشی کـەی، سـنوری سیاسـی و سروشـتە تۆتوغرافیەکەی دەبێتە کەرەستەی خاو بۆ پێکهێنانی پێدراوە جیۆسـتراتیژییەکان بۆ شێوەی دەوڵەت، سنوری سیاسی دەوڵەت، ئەمە دیاردەیـەکی جوگرافیـە ئـەو رادەیە روون دەکاتەوە کە دەوڵەت مومارەسەی دەسەڵاتە ئاسایـشییەکەی دەکـات لەسەری لەگەڵ بەرگری لێکـردن دا لەتـەك ئـەوەی پێگـەی سـنوری پێـشکەشی دەکات لە خزمەتکردنی ئەم ئامانجە یان ئەو ئامانج. هەروەها کـەناری دەریـایی کە ڕەنگە ببێتە ڕێڕەوی دەوڵەتێکی بەهێز بـۆ کـەنارە جیهانییـەکانی لـە دەوری دانە ڕەنگە هۆکارێك بێت بۆ تێکدانی ئاسایشی دەوڵـەت و هەرەشـە لێکردنـی، هـەروەك بەدرێـژایی مێـژووی جەنگـە خاچـیەکان لـە شـام رووی دا، هـەروەك کەنارەکانی لوبنان و بەندە مەشروع و نامەشروعەکان پشکیان هەبوو لە تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری تیایدا، کە بینیمان جەنگی ناوخۆیی لە لوبنـان تەقیـەوە لەساڵی 1975.

ئەگەر رابردوو بە نموونە وەربگرین، دەبیـنین هۆکـاری سـەرەکی جەنگـەکانی کەنارەکانی شام و فەلەستین لە سەردەمی خاچپەرستەکان بۆ نموونە درك پێکردنی خاچپەرستەکان بەوەی کە مانـەوەی دەوڵەتـەکانیان بـە پلـەی یەکـەم بەنـدە بـە کۆنترۆڵکردنی کـەنار و بەنـدەرەکانی ئـەم وڵاتانـە تـاوەکو بتـوانن یارمـەتی و پاڵپشتیکردنەکان بە وڵاخ و پیاوان هەروەها خـواردن دابـین بکـەن، کاتـێ ئـەم شوێنەیان لە دەست دا پاش گەرانەوە و چۆڵکردنی نەیان توانی بۆ ماوەی دە سـاڵ شوێن پێیان هەبێت لەسەر ئەم کەنارانە بەهۆی لە دەستدانی شوێنی کـەناری کـە پشتیان پێ دەبەست کە خاوەن وڵاتە راستەقینەکان لە ژێر دەستیان دەرهێنان.

هەروەك بواری زیندەگی کاریگەری هەیە لەسەر ئاسایشی دەوڵـەت لـە رووی دەرەوە، هەروەها بەشێوەیەکی فراوان کاریگەری هەیە لەسەر ئاسایـشی دەوڵـەت لەرووی ناوەوە بەکردەی گواستنەوە و دزەکردن و کۆچی نایاسایی، لەگـەڵ ئـەوەدا شـێوەی دەوڵـەت و فاکتـەرە جوگرافییـەکان و ئامـاژەی بـوارە زیندەگییەکـەی،

فاكتەرێكن ڕەنگە دەوڵەت سوودی لێ ببینێت، ڕەنگە زیانی پێ بگەیەنێت لە هەندێ شوێن دا مادام بۆ هەر فاكتەرێك كارو كاردانەوەی گونجاو نەگرێتە بەر، پێویستە ئەو درێژبوونەوە جوگرافییەی بواری زیندەگی دەوڵەت ڕێك بخرێت لەگەڵ فراوانبوونی دانیشتوان بەو واتایەی ڕێژەی دانیشتوان هاوسەنگ بێت لەگەڵ هەرێمی دەوڵەتەكە، بەشێوەیەك سنورە جوگرافی و سیاسییەكەی ڕێك بكەوێت لەگەڵ سنورە نەتەوەییەكەی تاوەكو چڕی دانیشتوان زۆر نەبێت كە ئاستەنگ بخاتە گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی و ئاسایشی لە دەوڵەت.

هەروەها سنوری دەوڵەت ڕۆڵێكی ئاسایشی و ستراتیژی گەورە دەگێڕێت بۆ پاراستنی دەوڵەت و بەرگری لێ كردنی، تاوەكو كۆمەڵگەكەی بپارێزێت، دەبێ سنورەكەی گشتگیر بێت بەشە زەرووریەكان لە خۆبگرێت بۆ بەرگری لێكردنی لەهەر مەترسیەكی داگیركاری دەرەكی، یان تێكدانی ئاسایشەكەی لە ڕێگای هۆكارو وەسیلە دوژمنكارییەكان وەك تێكدان و وێرانكردن و دزەكردنی كەسە ئیرهابی و تاوانكارە جیاوازەكان. چەمكی ئاسایشی نەتەوەیی پەیوەستە بە هەرێمی نەتەوەیی دەوڵەت و بواری زیندەگی و سنوری دەوڵەت كە هەمیشە بەردەوام سیاجی دڵنیایی هەرێمی دەوڵەتە.

لە نموونەكانی بواری زیندەگی و، كاریگەری لە شێوەی دەوڵەت، نیشانەی ئەو كاریگەرییانەیە كە زنجیرە چیایەكان دەی وورژێنن لە وولاتەكانی ئەمریكای ناوەراست، كە كاریگەری لە زۆربوونی جەنگە ناوخۆییەكان هەیە، بڵاوبوونەوەی باندەكانی كشتوكاڵ و گواستنەوەی مادده سڕكەرە نێودەوڵەتییەكان كە هەڕەشە لە حكومەتەكانی ئەم دەوڵەتانە دەكات و ڕوكنەكانی كۆمەڵگە هەڵدەوەشێنێتەوە، لەوانە ئەوەی لە هەرێمی باس لە ئیسپانیا ڕوودەدات لە ناكۆكی و ململانێ، یان ئەو باندە مافیایانەی ئیتالیا كە تاوانی گەورەی ڕێكخراو ئەنجام دەدەن.

لە گرنگترین ئەو فاكتەرە ستراتیژییە مێژوویانە لەم بارەیەوە ئەو كێشانە بوو كە وورژێنرا دەربارەی ناوچەی (دانزیج) كە ناوچەیەك بوو لە ڕێگەیەوە



پێكهاتەكانی گەلی پولەندی دەزەیان كرد بەشێوەیەك دابرانێكی دروست كرد لە نێوان دەستەگەری ئەلمانی و رووسی، بەشەكانی تری گەلی ئەلمانی، كە ئەم كێشەیە یارمەتی دەر و بەشداری كرد بە پلەیەكی گەورە لە هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانی لە نێوان ئەلمانیا و دەوڵەتەكانی تر لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بكەین كە چەمكی جوگرافی ئاسایشی نەتەوەیی، سەركردایەتی ئەو ململانێیە درێژەی كرد دەربارەی ناوچەی (ئەلزاس و لورین) لە نێوان فەرەنسا و ئەلمانیا، ئەمەش سەرچاوەكەی چەمكی ئاسایشی نەتەوەیی ئەلمانیا، كەوای دەنێت ناوچەی ئەلزاس بەشێكی جیانەكراوەیە لە ئەلمانیا، بەڵام بارودۆخی بەرگریكردن لەم هەرێمە بە بێ هیچ مەترسیەك پاڵی بە فەرەنسا وەنا كە پاش جەنگی جیهانی یەكەم ئەم هەرێمە بخاتە سەر وولاتەكەی، لێرەدا كاریگەری بواری زیندەگی دەردەكەوێت لە ئاسانكاریكردنی هەبوونی هەرێمێك بەو پێیەی تەواوكەری ئەم بوارەیە لە زەحمەتی بەرگری لێ كردن بەهۆی ڕێگرییەكانی سروشت كە هەرێمەكە و دەوڵەتی دایك لێك جیادەكاتەوە. چەمكی ئاسایشی نەتەوەیی هەروەك كاریگەرە بە شێوەی دەوڵەت و بوارە زیندەگییەكەی هەروەها كاریگەرە بە بنچینەكانی مامەڵە كردنی نێودەوڵەتی هەرێمی ئەویش لە بنەڕەت دا هەڵقوڵاوی تایبەتمەندی هەرێمە جوگرافی و جیۆپۆلیتیكییەكانە.

كەواتە چەمكی ئاسایشی دەوڵەت لە جەوهەریدا تا سنورێكی دوور پشت دەبەستێت بە تایبەتمەندییەكانی شێوەی جوگرافی دەوڵەت و تایبەتمەندییە جوگرافیەكانی هەرێم لە شوێن و دانیشتوان و رووبەرو و بوارەوە.

## بەشی سێیەم: ڕەگەزەکانی هێزە گشتگیرەکانی دەوڵەت

سەراپای سیاسەتەکانی پاش جەنگ، بابەتی لێکۆڵینەوە بوو لە ئیشکالیەتی ئاسایشی دەوڵەت بۆ ئاستە هەرە مەترسیەکانی، جا لەلایەنی ناوخۆیی بێت کە بووەتە هۆی ئەوەی دووچاری دزەکردن و ئیختراق بێتەوە، بەهۆی پێشکەوتنی هۆکارو وەسیلە تەکنەلۆژی و زانستییەکان، یان لەلایەنی دەرەوە بە پەرەسەندنی ئەم هۆکارە وەسیلانە لەلایەنی سەربازی و ستراتیژی بەشێوەیەکی گەورە دەرئەنجامەکانی پەرەسەندنی چەندێتی و چۆنایەتی لە ئامرازەکانی لە ناوبردنی هاوچەرخ و شۆڕشی تەکنەلۆژی لە هۆکارو وەسیلەکان پەیوەندی، ململانێ لەسەر سەرچاوە سەرەتاییە بنەڕەتییەکان، کارلێکاری لەگەڵ تایبەتمەندی نەمانی متمانە لە نێوان دەوڵەتان بەگشتی و دەوڵەتە ناکۆکەکان بەتایبەتی، هەر ئەم دەرئەنجامە و بارودۆخی وایان کردووە کە پارێزگاریکردن لەسەر ئاسایشی دەوڵەت لە رووی ناوەوە و دەرەوە بێتە کارێکی زۆر زەحمەت و تێچوونێکی زۆر، ڕوانینی بەرە و ئاسایشی ڕەها کردە مەبەستێك کە درکی پێ ناکرێت.

دەوڵەتان دەرك بە حەقیقەتی ئەو یەکتر برییە دەکەن لە نێوان بەرژەوەندی بە ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ستراتیژییەکان و لە هەمان کاتدا درك بەوە دەکات کە نەیارەکەی دوو دڵ نابێت کاتێ بارودۆخ و دەرفەتی گونجاو دەرەخسێ هەموو هێزەکانی بەکاردەهێنێ کە هەرەشە بکات لە ئاسایش و سەلامەتی دەوڵەتەکە. لە بەر ئەوە هەموو هێزەکانی کۆدەکاتەوە بۆ بەرگریکردن لە خۆی و پاراستنی ئاسایش و قەوارە نەتەوەییەکەی، لەم پێناوە دا دەست دەکات بە بیناکردن و کۆکردنەوە و پشتگیری و ڕێکخستن هێزە گشتگیرەکانی دەوڵەت، بە تایبەتی لە سایەی ئەو کێبڕکێ و ململانێیەی لە نێوان هەیە، سەقامگیری ئاسایش دەشێوێنێ هەتا هەندێ گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە بوونی تەنگژەیەکی ئاسایشی



نێودەوڵەتی لە ژێر هەرەشە یەك لە دوای یەکەکان، ڕەنگدانەوەی سلبی دەبێت لەسەر واقیعی وڵات و هەرێمە کە لە بەر ئەوە دەوڵەت دەبێ زۆر وریا و ئاگادار بێت بۆ پارێزگاریکردن لە ئاسایشەکەی. چونکە ئاسایشی نەتەوەیی بە سروشتییەوە پەیوەستە بە شێوەی دەوڵەت و بە سروشتی ڕەوشی و بارودۆخی هەرێمی و جوگرافی کە کاریگەری بە ئیجابی و سلبی لەسەر دەوڵەتەوە هەیە بەهۆی پەیوەستی ئەم ڕەوش و بارودۆخە بە فاکتەر و ستراتیژییەتە نێودەوڵەتییەکان، لێرەدا گرنگی توێژینەوەی ستراتیژییەتەکانی ئاسایشی دەوڵەت و پەیوەستی بە هەموو چالاکییەکان دەردەکەوێت، بە سەپاندنی هێنانەدی هێزی زیاتر بۆ هێنانەدی ئامانجەکەی لە ئاسایش و سەقامگیری هەروەك (کوبلان) دەڵێ ((زیاد بوونی هێز واتا زیادبوونی ئاسایش)).

لەم بارەیەوە (مایلز کوبلانە) وای دەبینێ کە جەوهەری حوکم هێزی دەسەڵاتە، هەروەها هێزی دەوڵەت بنچینەی جەوهەری ئاسایشە لە دەوڵەت دا، لێرەدا ئەو هێزە پەیوەندیدارە تەنها هێزە سەربازییەکەی نییە ئەمە چەمکێکی ناکامە دەربارەی لە خۆگرتنی ناوەرۆکێك کە جێی هیوا بێت بۆ هێزی دەوڵەت لەم سەردەمەدا هێزی دەوڵەت خۆی دەبینێتەوە لە پشتگیری و یارمەتی ڕەگەز و هێزە جیاوازەکان کە سەراپای هێزی گشتگیری دەوڵەتە کە پشت دەبەستێت بە دەستەگەرییە تەنگە تاوییەکە و ئەوەی ئەم دەستەگەرییە دەگرێتەوە لە ڕەگەز و چوارچێوەکانی زۆرێك گرنگیان داوە بە توێژینەوەی هێزی دەوڵەت وەسفەکەیان بۆ هێزی دەوڵەت دەروات لە نێوان هەولی (هلیلسمان) کە وای دەبینێ کە چەمکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هێزی سەربازی چونکە دەوڵەتی لاواز ناتوانێ پارەداری هێزە سەربازییەکەی بکات، لە نێوان هەوڵەکانی (کارل فردریك) کە وای دەبینێ هێز واتا دەسەڵاتی کاریگەر، باشترین وەسف بۆی ئەوەیە کە دەتوانێ پەیوەندییەك دروست بکات زۆر لە دەوڵەتانی هێزی تر ملکەچی بن، هەروەها توانا هەبوونی لەسەر سەرنج ڕاکێشان و دەسەڵات و کارتیکردنی لەسەر کەسانی تر لەگەڵ ئەوەدا هێزی گشتگیر ویستی نیشتمانی و وورەیەکی تەواو دەگرێتەوە بۆ بینا کردنی تەوزیفی توانا سەربازی و تواناکانی تر.

(دیفید بالدوین) وای دەبینێ کە هێز بە گرنگترین گۆڕانەکان دادەنرێت لە سیاسەتی نێودەوڵەتی، (بالدوین) جیاوازی کردووە لە نێوان هێزی حەقیقی ماددی هەست پێ کراوە و نێوان هێزی شاراوە دەوڵەت سەرکەوتوو نابێت لە تەوزیف کردنی هێزە شارەوە و چاوەڕوانکراوەکەی لەبەر چەندین هۆکار دیارترینیان خراپ بەکار هێنانی سەرچاوە و تواناکانە، بارەکە جیاواز دەبێت ئەگەر ئەم توانایانە بقۆزێتەوە.

هێزی دەوڵەت رەنگە هێزێکی دەرك پێ کراو یان هەست پێ کراو بێت. هەر ئەمەشە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەیبینێ و هەستی پێ دەکات، رادەکەی دەپێوێ و، حیسابی بۆ دەکات، هەر ئەمەشە جووڵەی دەوڵەت دیاری دەکات بۆ پاراستنی ئاسایشەکە رەنگە هێزێکی شاراوە بێت، ئەمە کۆی گشتی رەگەزەکان هێزی شاراوەیە لە دەوڵەت دەکرێ سوودی لێ وەربگێرێت، بەڵکو دامالێنی دەمامکەکەی لە کاتی گونجاودا.

ئەم دوو هێزە دەست وەردەدەن لە رەگەزی هێزە گشتگیرەکانی دەوڵەت.

هێزی دەوڵەت بەردی بناغەی رەهەندەکانی ئەو رۆڵەیە کە لە ناوخۆ و دەرەوە دەیگێرێت، ئەمەش بۆ بەرگریکردنە لە ئاسایشی نەتەوەیی و سەروەرییە نەتەوەییەکەی، وە رێککەوتنێکی گشتی هەیە لە نێوان پسپۆڕانی پەیوەندییە نێودەوڵەتی لەسەر ئەوەی کە گرنگترین ئەو رەگەزانەی بەشداری لە پێکهاتەی هێزی دەوڵەت بریتییە لە فاکتەرە جوگرافییەکان و توانا و سەرچاوە سروشتییەکان و دانیشتوان، ئاستی گەشەی پیشەسازی و ئابووری، پلەی پەرەسەندنی هونەری و تەکنەلۆژی، پلەی ئامادەسازی سەربازی، لێهاتوویی دامەزراوە دیبلۆماسی و سیاسییەکان، دەزگاکانی پڕوپاگەندە لە کۆتاییدا ئاستی ئەو روحە مەعنەوییە باوە تەواو دەکات.

دکتۆر عمر الفاروق سید وای دەبینێ کە رەگەزە سەرەتاییەکانی هێزی دەوڵەت بریتییە لە سەقامگیری و پێکهاتەی سیاسی، بەرژەوەندی هاوبەش، بۆ گەلی دەوڵەت، ئەم هێزە بنەماکانی جیاوازە لە لایەنی شوێن، جیاوازی نێوان



کۆمەڵگەکان، جیاوازی پلەی قۆستنەوەی، ئاراستەکەی بەرەو سەقامگیری و زیادکردنی بەرهەم هێنان و گەیشتنی بۆ پێکهاتەیەکی سیاسی گونجاو، لەبەر ئەوە دەکرێ بە سادەیی بڵێین کە گرنگترین ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە تیۆری هێزی دەوڵەت، باشییەکانی شوێنە (جوگرافی) جا بەهۆی بوونی ئەم باشی یانە لە لایەن دەوڵەتەکە، یان دەکرێ ئەم فاکتەرانە بە ئاشتی و جەنگەوە بخرێتە پاڵی.

لە نێوان ئەم فاکتەرە جوگرافیانە، فاکتەری دابەشکردنی ووشکایی و ئاو و سەرچاوەکان و دانیشتوان دەردەکەون بەو پێیەی، فاکتەری یەکلاکەرەوەن لەبواری گەران بەدوای هێزی دەوڵەت، لەبواری گەڕان بەدوای پەیوەندی نێوان جوگرافیا و هێزی دەوڵەت.

سەرەڕای ئەوەی کە هێزی دەوڵەت لە خۆیدا بە ئامانجێکی ستراتیژی نەتەوەیی دادەنرێت، کە تیایدا فاکتەری جوگرافی رۆڵێکی بنەڕەتی دەگێرێت، سەرەرای ئەوەی لە سەراپایدا پشت بەو وەسیلانە دەبەستێت کە دەوڵەت دەیانگرێتە بەر بۆ دەرخستن و بەرهەمهێنانی ئەم هێزە بۆ هێنانەدی ئامانجە نەتەوەییەکانی، بەڵام دیدوبۆچوونی باو وای دەبینێ کە:

1- پلەی ئەو هێزەی کە هەیە بە رێگایەك کاریگەری لەسەر دەوڵەت هەیە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی، ئەمەش بە رەهایی نییە.
2- ئامادەکردن و تەرخانکردنی ئەم هێزە گوزارشتێکە لە هەنگاوێکی سەرەتایی بەرەو هێنانەدی ئەم ئامانجە نەتەوەییانە.

جیۆستراتیژییەکان پەنا دەبەنە بەر هاوکێشەیەکی سانا بۆ حیسابکردنی هێزی دەوڵەت ((هێزی دەوڵەت بریتییە لە دەرئەنجامی هێزو لاوازی ئابووری و سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سەربازی، ئەمەش بەروووبوومی توانستەکانیەتی لەسەر هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کاریگەری لەسەر ئەوانی تر)).

ئەگەر باسمان لە شیکردنەوەی رەگەزەکانی هێزی دەوڵەت بکەین، **دەبینین کە رەگەزەکانی هێزی دەوڵەت ئەمانەن:**

1- فاکتەرە جوگرافییەکان: پێگەی جوگرافی دەوڵەت و رووبەری دەوڵەت و شێوە و سنوری دەوڵەت، روو، ژینگە و بەرز و نشێوی و کەش و هەوا کانزا و سەرچاوەی ووزە و سەرچاوە سروشتییەکانی تر کە لە هەرێمی دەوڵەتەکە دایە دەگرێتەوە.

2- فاکتەرەکانی دانیشتوان: قەبارەی دانیشتوانی دەوڵەت، دابەشکردنی شوێن بۆ چری دانیشتوان، تێکرانی گەشەی دانیشتوان و پەیوەندی نێوان دانیشتوان و سەرچاوەکان و پێکهاتەی ئابووری و هێزی کار، دابەشکردنی دانیشتوان لە نێوان لادێ و شار، پێکهاتەی فێرکردن، پێکهاتەی رەگەزی، زمان و ئایین و مێژوو و کەلەپور و رۆشنبیری دەگرێتەوە.

3- فاکتەرە ئابوورییەکان: پلەی قۆستنەوەی سەرچاوە سروشتییەکان و هەیکەلی ئابووری بنەڕەتی و پەیوەندی نێوان رەنێوهێنان و بەکار بردن، داهات و ناردنە دەرەوە و تەرازووی بازرگانی، کەڵەکە بوونی سەرمایە، پلەی بەس بوون دەگرێتەوە.

4- فاکتەرە سیاسییەکان: سیستەمی سیاسی و هەیکەلی سیاسی و شێوازی بریاردان و پارتەکان و دینامیکی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندی نێوان هەیکەلە سیاسی و ئابووری و هاوپەیمانی و دەستەگەرییە نێودەوڵەتی و هەرێمی و کێشەکانی سنوری سیاسی و دەستوور و سیستەمی هەڵبژاردنەکان و دەستاو دەست کردنی دەسەڵات لە دەوڵەت دەگرێتەوە.

5- فاکتەرە سەربازییەکان: قەبارە و پێکهاتەی هێزەکان، رێکخستن و پڕچەك کردن و ستراتیژییەتی ئاسایشی دەوڵەت، بەشداری لە هاوپەیمانی، توانابوون لەسەر جوولە و بەرگری و هێرش کردن، پەیوەندی نێوان سوپا و سیستەمی حوکم، سەرکردایەتی و یەك بەدوای یەکی فەرمان و پەیوەندییەکان و پەیوەندی نێوان هێزەکان، شێوازی دابەشکردنی هێزەکان دەگرێتەوە.



6- فاکتەرە ئاسایشی نیشتمانی (ویستی نیشتمان): مێژووی نەتەوەیی، کەسێتی نەتەوەیی، وداب و نەریت، فیکرە باڵادەستەکان، ئاستەکانی ئارەزوومەندی حاڵەتی تەندروستی و دەروونی، توانابوون لەسەر کارلێکاری و گردکردنەوە و ئەوانی تر دەگەرێتەوە هێزی گشتگیری دەوڵەت پێك دێت لە هێزە بە دیهێنراو و دەرك پێ کراو و هەست پێکراوەکان، کە دەستەگەری تەنگەتاوی دەگرێتەوە **لە تەك رەگەزەکانی تر کە ئەمانە دەگرێتەوە:**

1- توانای ئابووری

2- توانای سەربازی

3- ئامانجی ستراتیژی

4- نموونە یان دەسەڵات

5- دیپلۆماسیەت

6- ئیرادە بۆ هێنانەدی ستراتیژییەتی نیشتمانی دەستەگەری زیندەگی تەنگەتاوی، دەستەگەری تەنگەتاوی بە گرنگترین رەگەزی هێزی گشتگیری دەوڵەت دادەنرێت کە لە دوو رەگەزی بنەڕەتی دەوڵەت پێك دێت ئەوانیش دانیشتوان و شوێنە یان گەل و هەرێم.

بە پێوەری توانای کارلێکاری نێوان دانیشتوان و خاك، دەکرێ دەوڵەت لە ئاستێکی دیاری کراوی هێزی جیهانی دابنرێت، بۆ حیسابی ئەمەش پشت دەبەستێت بە رووبەری خاك و قەبارەی دانیشتوان، هەندێ توێژینەوە گرنگییەکی زیاتر دەدەن بە رەگەزێك لەسەر رەگەزێك تر، بەلام ئەو توێژینەوە نوێ یانەی لە هێزی دەوڵەت دەکۆڵنەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەردوو رەگەز کامل دەبن لە دارشتنی پێکهاتەیەك کە لە خۆیان بگیرێت، هەروەها کارلێکاری و دەرهاویشتەکان دەرئەنجامی هەردوو رەگەزەکەیە لە قۆناغێکی دیاری کراو لەسەر شێوەیەی دەرمانخست لە کاتی خستنە رووی رەگەزەکانی هێزی دەوڵەت کە پێکەوە بە کارلێکارییە دەستەگەری زیندەگی تەنگەتاوی دەوڵەت پێك دەهێنن.

ئەم ئەندازەیە لە کارلێکاری نێوان دانیشتوان و خاك بەهای ستراتیژییەتی دەوڵەت لە ئاستی جیهانی و سیفەتەکانی لە دەوڵەتانی تر دیاری دەکات، حیسابی ئەمە دەکرێت بە ئەو رووبەرەی لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت دایە، ژمارەی دانیشتوان ئەوانەی پشت دەبەستن بەم خاکە، ئەمەش دەستەگەرییەکی زیندوو لە دیدی جیهان دروست دەکات، کە دەوڵەت بتوانێ ئامانجە نەتەوەییەکانی و پێگەکەی لە تەرازوو هەندێ وای دەبینن کە هێزی دەوڵەت لە لایەنی سیاسییەوە پشت دەبەستێت بە چەندین فاکتەر کە لە سێ فاکتەرانە پوختیان دەکەینەوە:

1- فاکتەرە سروشتییەکان: شوێنی دەوڵەت و رووبەرو شێوە و شوێنی پایتەختەکەی دەگرێتەوە، شوێنی جوگرافی دەوڵەت کاریگەری هەیە لە ئاراستەی دانیشتوانی و رەفتاری حکومەتەکەی و، لە پەیوەندییەکانی بە دەوڵەتانی تر، شوێنی جوگرافی کاریگەری هەیە لەسەر هێزو رێرەوی ئاسایشەکەی لە سێ رووەوە:

أ- شوێنی گەردوونی: کە شوێنی دەوڵەت بە نیسبەت هێلەکانی درێژی و پانی، ئەوەی لێ ی دەکەوێتەوە لە شوێنەواری کەش و هەوا.

ب- شوێنەکەی بە نیسبەت ووشکانی، ئاو لە رووی دەریا زەریاکانی دراوسێ، ئەوە بەجێ ی دەهێڵێن لە کاریگەری ئابووری و سیاسی و سەربازی و ستراتیژی.

ج- شوێنی دەوڵەت بە نیسبەت دەوڵەتانی دراوسێ، ئەو کاریگەریانە هەیەتی، هەرچەند سنوری دەوڵەتان لە یەکتر دووربێت، یان شوێنە سروشتییەکان دیاریان دەکات وەك چیاو بیابان و ئاو وەك دەوڵەتە دوورگەییەکان، ئەوا دەبێتە هۆی کەمی ناکۆکی و جەنگ، ئەمەش وا لە دەوڵەت دەکات کە کۆنترۆڵی زیاتری ئاسایش بکات، توانای زیاتر بێت بۆ بەرپەرچدانەوەی داگیرکاری دەرەکی و قەلاچۆکردنی دزەکردن و کۆچی نایاسایی لە رێگەی سنورەکەی، هەروەك ئەم فاکتەرە جوگرافییە وەك جیاکەرەوەیەکی سروشتی ناکۆکییە سنورییەکان لە نێوان دەوڵەتان کەم دەکاتەوە، بەوەی کە سنوری



سروشتی و جوگرافی لە نێوانیاندا هەیە، بە پێچەوانەی هێڵە خەیاڵییەکانی سنوور کە کوێرانە رەسم کراوە لەسەر درێژی و پانی کە ناکۆکی لە نێوان دەوڵەتە جیاوازەکانی جیهان دەوروژێنێت، ئەو سنورە سیاسیە کە کوێرانە رەسم کراوە زۆربەی جار کەم وکوری هەیە لە پاساوە سروشتی و جوگرافی و بەشەرییەکان، زۆربەی جار دژایەتی هەیە لەگەڵ واقیعی ئەو لەسەری رەسم کراوە، کە هەرێمەکە سەر بە لایەنێکە و دانیشتوانیش سەر بە لایەنێکی تر، لە کاتێکدا لۆژیك و واقیع و مێژوو یەکبوونی دانیشتوان و هەرێمەکەیان دەخوازێ.

## شوێنی پایتەخت

هەروەك شوێنی جوگرافی دەوڵەت کاریگەری هەیە لە مجریاتی ئاسایشیدا بە سیفەتێکی گشتی ئەوا شوێنی پایتەخت لەناو دەوڵەت هەمان کاریگەری هەیە، پایتەخت ئەو شارەیە کە ناوەندی دەسەڵات، بارەگای حکومەت و سەرۆکایەتی و سێ دەسەڵاتە ناوەندییەکە، بارەگای دەستە دیبلۆماسییەکان دەوڵەتانی تری تێدایە، پایتەخت ناوەندی بەرژەوەندییە زیندوو و ستراتیژییەتەکانە، بەڵکو مەشخەڵی مێژوو و شارستانییەتەکەیەتی، زۆربەی جار پەیوەستە بەرووبەر و شێوەی دەوڵەت، لەبەر ئەوە رۆڵێکی گەورە دەگێرێت وەك ناوەندێکی دەسەڵات کە پێویستە دەوڵەت دەستەبەری ئاسایش و بەرگری بکات لە ئاستێکی بالا ئەوەش بە پتەوکردنی وەك سیمبولی دەوڵەت و سیستەم.

لەلایەکی ترەوە پایتەختی دەوڵەت دەبێ لە شوێنێکدا بێت کە سەرپەرشتیکردن و بالادەستی و کۆنترۆڵکردن بەسەر هەموو هەرێمەکانی دەوڵەت و رێگاکانی گواستنەوەو پەیوەندی پێوەکردنی ئاسان بێت.

لە هەمان کاتدا دەبێ لە شوێنێکدا بێت کە بیپارێزێ لەوەی بە ئاسانی دەستی بەسەر دا بگیرێت، چونکە دەبێتە هۆی رووخانی بە دەستی دوژمن یان بەهۆی نارەزاییەکانی ناوخۆ کە ئەمەش دەبێتە هۆی رووخانی سیستەمەکە بە تەواوی شوێن لێرەدا حیساباتی ئاسایش هەیە هەروەك کاریگەری هەیە لە لایەنی

ستراتیژییەوە پوختەی قسان، فاکتەرە جوگرافی و جیۆستراتیژییەکان رۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی دەگێڕن لە شێوەی دەوڵەت و رەوشە ستراتیژی و ئاسایشییەکەی، جا ئەمە لە حیساباتی هێزە گشتگیرەکانی دەوڵەت بێت کە دەوەستێتە سەر میحوەری جوگرافی، یان پێکهاتەی دەستەگەری تەنگەتاوی دەوڵەتە کە پێکهاتووە لە هەردوو رەگەزی دانیشتوان و هەرێم، یان لە رووی شوێن و چاکییەکانی جا ئەمە لە شوێنی پایتەخت بێت یان شوێنی دەوڵەت بەگشتی.

لەبەر زۆربەی پەشێوی و کێشەکان کە ئاسایشی دەوڵەتێك دەدات لە ناوەوە و دەرەوە زۆربەیان کێشە جوگرافییەکانن، بۆ نموونە ئەگە ناوچە عەرەبییەکان بەتایبەتی و رۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی وەربگرین، دەبینین هەموو کێشەکان مۆرکێکی جوگرافی وەرگرتووەو لە چوارچێوەی ململانێ یەکان دەربارەی رەگەزەکانی جوگرافیای سیاسی دەوڵەت دەرناچێت، جا ئەمە لە کێشە سنورییەکان بێت لە نێوان زیاتر لە دەوڵەتێك لە دەوڵەتانی ناوچەکە یان کێشەکانی دوورگە هەروەك لە نێوان ئیمارات و ئێران، نێوان قەتەر و بەحرەین یان ململانێکان دەربارەی ئاوی هەرێمی، یان کێشەکانی دانیشتوان کە بەهۆی جیاوازی لە ئاستەکانی ئابووری دروست بووە، یان لەرووی کێشەکانی کۆچی نایاسایی، کێشەکانی دزەکردن کەمینەی نەژادی و ئایینی و کێشەکانی بیروباوەر و مەزهەبی، لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە هیچ فاکتەرێك ئەوەندە کاریگەری لەسەر شێوەی دەوڵەت وەزیفەی ئاسایش تیایدا نییە، ئەوەندەی فاکتەرە جوگرافی و جیۆستراتیژییەکان هەیەتی، کە مەترسی و کاریگەرییەکانی لە سەرووی هەموو فاکتەرەکانی ترە.